كۆتایی سایكس - پیكۆ

# پێگەی كورد لە وێناكردنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا...

"دیدێكی شیكاری"

مەشخەڵ كەوڵۆسی

كوردستان ـ هەولێر

كانوونی دووەم/٢٠١٤

ناوی کتێب : پێگەی کورد لەوێناکردنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

نووسینی : مەشخەڵ کەولۆسی

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشکەش | ٤ |
| لەبری پێشەکی پرسیارێ | ٥ |
| دەروازەی یەکەم (هاندەر و ئامانجەکانی گۆڕینی واقیعی ئێستا) | ١٣ |
| ڕێخۆشکردن | ١٥ |
| بەشی یەکەم (پرۆسەی گۆڕانێکی هێمن) | ١٩ |
| بەشی دووەم (هۆکارەکانی گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست) | ٣٥ |
| بەشی سێیەم (ئەدگارە بەراییەکانی گۆڕینی سیمای ناوچەکە) | ٥٣ |
| بەشی چوارەم (فەوزای دروستکەر....چەقە ئیتنیکی و دابەشبونە خودیەکان) | ٧٧ |
| دەروازەی دووەم (کورد بەرەو سەربەخۆیی) | ٩٥ |
| ڕێخۆشکردن | ٩٧ |
| بەشی یەکەم (فاکتەرەکانی هێز و تایبەتمەندیەکانی ئەمجارەی کێشەی کورد) | ٩٩ |
| بەشی دووەم (گرنگی پێگەی کورد لەهاوکێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا) | ١١١ |
| بەشی سێیەم (ئەکتیڤ کردنی کارتی کوردی) | ١٢٢ |
| بەرەنجام | ١٤٢ |
| دوا تێبینی | ١٤٦ |
| پاشکۆ | ١٤٧ |
| پەراوێزەکان | ١٤٨ |
| سەرچاوەکان | ١٥٢ |

## پێشکەش :

لـــەم ڕۆژگـــارەدا، مێـــژووی ئـــەم ناوچـــەیە دروســـت دەکرێ....داهاتوومـان قاڵب دەگرێ... ئاینـدەی نەتـەوە و گـەلانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـەزنجیرە ژانێکـی سـەخت و ئاڵۆزدا لەدایك دەبێت...

ئێمـە لـەقوڵایی ململانێـی ئـیرادە جیاوازەکانـداین. پێویـستە خوێندنـــەوەمان هـــەبێت بـــۆ ئـــەو ململانێیـــە... بۆئـــەوەی لەئایندەدا، وەك ماوە مێژوییەکانی تر، گلـەیی ئـەوە نەکـەین کەلـــە غیـــابی ئیـــدراکی ئێمـــەدا ئاڵوگۆڕەکانمـــان بەســـەردا سەپێنراوە.

ئێستا نەچوە بچێ... چونکە هێشتا بڕیاری کۆتـایی لەسـەر دواچارەسەر نەدراوە...

ئەم لێکۆڵینەوەیە ... پێشکەش بەوانەی هەوڵ ئەدەن چـاوی کورد بکەنەوە...

لەئاست هەستیاری قۆناغەکەدا.

## لەبری پێشەکی پرسیارێ :

ئـەم لێکۆڵینەوەیـەبۆ؟ یـان ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بۆچـی پێویـست و گرنگە؟

دەکرێ لـەوەڵامی ئـەو پرسـیارەدا بڵـێین: پـاش تێپـەڕبوونی زیـاتر لەچواردەساڵ بەسـەر ڕووداوەکـانی سـێپتەمبەر و یازدەسـاڵ بەسـەر پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقـدا، هەسـت دەکـەم ئاتـاجێکی مێـژوویمان هەیە بەوەی بەوردی و بەگوێرەی قەبارەی ئەگەرەکانی گۆڕینی سیما و نەخشەی ناوچەکە لەپرۆسەکانی گۆڕینی سـیمای ڕۆژهـەڵاتی نـاوین تێبگەین...ئەڵبەتە ئەم ئاتاجە تەنها بەزانین و ناسـین و دەرك کـردن بەبەند و خاڵ و وردەکاریەکانی نەخشەکانەوە ڕاناوەستێ. بەڵکو پەل دەکوتێ بۆ ناسین و دۆزینەوەی ئەو میکانیزمانەی کە لە میانەیانـەوە نەخـشەکانی گـۆڕان بەرجەسـتە و پیـادە دەکـرێن. هـەروەها پـەل دەکوتێ بۆ ناسین و پەی بردن بەخاڵە لاواز و بـەهێزەکانی ئـەو هێـزو قەوارە و لایەنانەی کە لە بەردەم ئەم شەپۆلی گۆڕانـەدا ڕاوەسـتاون و تـا ئێـستا نوسـینی ئـەم چـەند دێـڕە، ڕەوتـی گۆڕانەکـەیان بـەرەو خاوبونەوە بردووە.

لێرەوە دەگەڕێمـەوە سـەر دەسـتەواژەی (ئاتـاجی مێـژویی)، کـە لـە چـەند دێـڕی پێـشودا بـەکارم هێنـاو لـەو سـۆنگەیەوە پرسـیارێکی میحـوەری دەکـەم: ئایـا هـەر لەبنەڕەتـەوە، نەخـشەیەك بـۆ گـۆڕینی سیمای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادایـە؟ ئاتـاجی کـورد بـە ئاشـنابوون بـەو پرۆسـەیە، لـە چ حاڵەتێکـدا لەئاسـتی ئاشـنابونێکی ئاسایی بۆ دەسـتەبەرکردنی کردنـی مەعریفـەی سیاسـی و دونیـابینی

مــۆدێرن تـــێ دەپـــەڕێ و دەچـــێتە قـــاڵبی ئاتـــاجی مێـــژووی و چارەنوسسازەوە؟.

من بەر لەهەر شتێ پێم وایە لە هەموو ئەو سەردەمە ڕابردوانـەی تـردا کە کورد شۆڕشی کردوە و شۆڕشەکانی بەشکست گەشتوون. هۆکارە بنەڕەتیەکانی ئەو شکستانە لە دوو خاڵدا، کۆدەبنەوە:

١) دەرك نـەکردن و نـەبوونی زانیـاری بەرانبـەر ئـەو نەخـشانەی کـە لەلایـەن زلهێزەکانــەوە بـۆ داهــاتووی ئــەم ناوچــەیە کێـشراون و بڕیاریان لەسەر دراوە و بەو پێیـەش نەدۆزینـەوەی پێگـەی کـورد لەنێو چوارچێوەی ئەو نەخشانەدا. یانی لایـەنی کـوردی هەمیـشە بەپاڵنەری نەتەوەیی و عاتیفی و غەریزیەکانی جوڵاوەتەوە، بـەبێ ئەوەی بایەخی پێویست بداتـە سروشـتی ئـەو کارلێـك و لایـەن و بەرژەوەندیـە پێـك ئاڵاوانـەی کـەکاریان کـردوە بـۆ قاڵـب گرتنـی سیمای ناوچەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو (بـۆ نمونـە دابەشـکردنی کوردستان بۆ چواربەش).

بۆیـە ئێـستاش کـە قۆنـاغێکی تـازەی خـەباتی کـورد و دابەشـبونی هێزەکان لە ناوچەکەدا هاتۆتە پێشەوە، لەئێستادا کـە پرۆسـەیەکی نـوێ لەلایـەن ئـەمریکاوە وەك تاکـە زلهێـزی جیهـان بـۆ دیـاریکردنی چارەنوسـی ئـەم ناوچـەیە پێـشکەش کـراوە. بـۆ ئـەوەی هەڵـە(یـان کەمتەرخـەمی) یـەکانی ڕابـردوو بەسـەر کـورد دا دووبـارە نەبنـەوە، پێویـــستە کـــورد بەشـــێوەیەکی ورد و بابەتیانـــە لـــە سروشـــتی نەخشەکەی ئەمریکا تێبگات و جێگەی خۆی، پێگەی خۆی لەنێو ئـەو نەخـشەیەدا بدۆزێتـەوە. لـەم ڕووەوە، ئاشـنابوون بـە نەخـشەکەی ئەمریکا دەچێتە قاڵبی ئاتاجی مێژویی و چارەنوسسازەوە.

٢) خاڵێکی دیکە، کە زەرورەتی ناسینی پرۆسەکە لەلایەن کوردەوە، ڕونتر دەکاتەوە، ئەوەیە ئێستا ئێمە لەناو پرۆسەی گۆڕانەکەدا دەژین، لەو چرکەساتە مێژووییانەدا دەژین کە داهاتووی ئەم ناوچەیەی تیایاندا دیاری دەکرێت...ڕاستە پرۆسەیەك بەناوی (پرۆسەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە)ەوە لە مانگی (تەمموز/٢٠٠٤) دا[1]....لەلایەن ئەمریکا پێشکەش کراوە. بەلام تا ماوەیەکی دووری ئایندەش پرۆسەکە لەباری جێبەجێ کردن و ئەزمونکاریدا دەبێت، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی لەباری کارلێکی بەردەوامدا دەبن. بەوپێیەش لە هەموو چرکەساتێکی مێژوییدا میکانیزمەکانی پیادە کردنی پرۆسەکە دەگۆڕێن، خودی پرۆسەکەش هەموارکردنی بەسەردا، دێت دابەش بوونی هێزەکان و هاوکێشەی هاوپەیمانێتیەکان دەگۆڕێن بەگوێرەی ئەنجامی پراکتیزەکاری و هەنگاوە کردەییەکانی لەسەر زەویدا. دەکرێ لەم ڕووەوە نمونەیەکی زیندو بێنینەوە:

جەنگی (٣٣) ڕۆژەی نێوان (حیزبوڵڵا-ئیسرائیل) لە وەرزی هاوینی ساڵی (٢٠٠٦) دا، یەکێك بوو لە وێستگە کرداریەکانی پیادەکردنی پرۆسەکە. (کۆندۆلیزا ڕایس) ی وەزیری پێشوتری دەرەوەی ئەمریکا لە سەرەتای جەنگەکەدا گوتی: (ئەم جەنگە، ژانی لەدایکبوونی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێیە). کەواتە سروشتی ئەو هاوکێشە و کارلێکانەی کەبوونە هۆی سەرهەڵدانی جەنگەکەی نێوان (حیزبوڵڵا-ئیسرائیل) لەهەمان کاتدا بوونە هۆی ئەوەی جۆرە هەموارکردنێ تەنانەت لەناونانی پرۆسەکەدا بێتەکایەوە...واتە بەهۆی ئەو جەنگەوە ناوی پرۆسەکە لە (ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە)وە گۆڕا بۆ (ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ)[2] دواتریش هاوکێشەی هاو

پەیمانێتیـــەکان بەشـــێوەیەکی ڕوون و بـــێ گـــرێ و گـــۆڵ گـــۆڕانی بەســـەرداهات و چـــەمکی (هاوپـــەیمانی میانـــە ڕەوەکـــان) و ((مەترســـی شیعە) و (کەوانەی شیعی)...هتد. هاتنە پێشەوە ...

جگەلەوەش لەئەنجامی پرۆسەی رزگـارکردنی عێراقـدا، کـە لایـەنێکی گرنگی گۆڕانکاریەکانی سیمای ڕۆژهەڵاتـە، دەبیـنین هێـزە شـیعەکان چـــوونەتە نێـــو بازنـــەی بەرژەوەنـــدی و هاوپەیمانێتیـــەکانی ئەمریکاوە(وەك حیزبی دەعوەی شیعی، ئەنجومـەنی بـالای ئیسلامی لەعێراق)..کەچی لەئەنجامی تیرۆرکردنـی (ڕەفیـق حـەریری) سـەرۆك وەزیرانـی لوبنـان لـەمانگی (٢/٢٠٠٥)دا، گروپـە ئـاینی و شـیعەکان (بزوتنەوە ئەمەل و حیزبوڵلا)ی لوبنان کەوتنـە نێـو بازنـەی دژایـەتی کـردن و بەرهەڵـستی کردنـی ناڕاسـتەوخۆی ئـەمریکاوە. لەبـەهاری عەرەبیـشدا سـەرلەنوێ و بەئاشـکرا جەمـسەر گیری هێـزە شـیعەکان لەدژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەبینین.

لەم چەند نمونەیەوە تێدەگەین، لەئەنجامی هـەنگاوە پراکتیکیـەکانی پرۆســەکەدا، هاوپەیمانێتیـەکانیش گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت و ، هـیچ هاوکێشەیەکی بەرهەم هاتوی وێستگەیەکی دیاریکراو لە وێستگەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەکە هەمیـشەیی نـین. ئـەم گۆڕانـەی کـە بەسـەر دابەشبونی هاوپەیمانێتیەکاندا دێت، تەنها هاوپەیمانیە تـازە دروسـت بوەکان ناگرێتەوە، بـەڵکو ئەوانـەش دەگرێتـەوە کـە مێژویـەکیان لـە (تەناسوق و گونجاندنی بەرژەوەندیەکانیان) هەیە. هەڵوێستی تورکیا لـــە بەرانبـــەر تێپـــەڕینی (٦٣٠٠٠) ســـەرباز لـــە هێزەکـــانی ئـــەمریکا بەزەویەکانیدا، بۆکردنەوەی بەرەیەك لە کوردستانی باشور لە(ئاداری ٢٠٠٣/) دا، هـــەروەها هەڵوێـــستی تورکیـــا بەرانبـــەر بـــەداعش و

هێرشەکانی سەر کۆبانێ لە ٢٠١٤دا، باشترین نمونەی گۆڕانی هاوپەیمانیە دێرینەکانن.

ئەوە بوو تورکیا چاوی لەو هاوپەیمانێتیە پۆشی و لەبەر چەندین هۆکاری بابەتی(کە ئێمە بەشێکیان لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوون دەکەینەوە) ڕێگەی نەدا هێزەکانی ئەمریکا بەزەویەکانیدا تێپەڕبن. ئەمەش بویە هۆی لەرزاندنی پایە سەرەکیەکانی هاوپەیمانی کلاسیکی نێوان (تورکیا–ئەمریکا). ئەوە بوو لەو بارەیەوە (کۆلن پاوڵ) ی وەزیری پێشوی دەرەوەی ئەمریکا گوتی:(تورکیا هاوپەیمانێکی لاوازە و پێویستە ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بەدوای هاوپەیمانێکی تردا بگەڕێت).

پێم وایە، ئەم خاڵە بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە ئەوە دەسەپێنێت بەسەر کورد دا، کە بەبینینەوەی خۆی لەناو بازنەی گرنگی پێدانی ئەمریکادا، پشتوێنی لێنەکاتەوە. چونکە ئەم خۆبینینەوەیە، هەلومەرج و پێداویستی بابەتی و ناجێگیری لە پشتەوەیە، ئینجا لەبەر ئەوەی خودی پرۆسەکەی ئەمریکا لەباری سەیرورەدایە و ڕوئیای ستراتیژی ئەمریکا بەتەواوی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ئەم ناوچەیە فۆرمەلە نەبووە و قاڵبی کۆتایی وەرنەگرتوە. ئەوا (وەك لەو نمونانەی پێشوتریشدا ڕوونمان کردەوە) تەواوی دەرهاویشتەکانیشی لەباری گۆڕاندان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، بەو پێوەندیە شێوە هاوپەیمانێتیەشەوە کە ئەمریکا و کورد پێکەوە کۆدەکاتەوە.

لەلایەکی تریشەوە، دەبینین لە پێشکەش کردنی ئەو پرۆسەیەدا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕوو بەڕووی جۆرێك لە (جەمسەرگیری) تایفەگەری بوەتەوە. واتە قەوارە کۆمەڵایەتیەکانیش

لەژێر کاریگەری فشارەکاندا بەرەو چڕبونەوە و جیابونەوە (لەقـەوارە کۆمەڵایەتیەکانی تر) دەچن... ئەم جیاکاریـە کۆمەڵایەتیـەش لەسـەر بنـەمای (بـیرو بـاوەڕی مەزهـەبی) یـەو بارگاویـە بـە میکانیزمـەکانی جێبـەجێکردنی پرۆسـەگەلی وەك (چـەمکەکانی سـتراتیژیەتی فـەوزای بیناکەر)..

گەلی کوردیش لەم لایەنەوە پێکهاتەیەکی تێکەڵی هەیـە لـە (سـوننە و شـیعە و ئێـزدی و ... هتـد....) بـەو پێیـەش پێویـستە بـژاردەی ڕۆشنبیری و سیاسی کورد، لەسیاقی گۆڕانەکە تێبگەن، تـاکو بتـوانن جـۆرێ لـەبرەو بـەگوتاری نەتـەوەیی بـدەن لەسـەر حـسابی جەمسەرگیری تایفەگەری لەناو کورد دا. بۆ ئەوەی گەلی کورد توانـای بـەرەنگاری ئـەو بـاهۆزی چـڕبونەوەی مەزهەبیـە لـەناو پێکهاتـە جیاجیاکانیـدا بکـات. واتـە هـەبونی زانیـاری سـەبارەت بـە وردەکاریـەکانی ئـەو پرۆسـەی گۆڕانـە، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی باشـتر بتوانین مەترسی ئەو چڕبونەوە و جیاکاریـە مەزهەبیـە (کـە ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گرتۆتـەوە) لـەناو کـورد دا، لـە بەرژەوەنـدی زاڵکردنـەوەی هەسـتی نەتـەوەیی ، بـەرەو بـەرپێگرتن و لاوازکـردن و نەمان بەرین.

پێم وایە ئەم پێدراوانە، کە دەکەونە دامێنی جێبـەجێکردنی پرۆسـەی گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەسـن بـۆ ئـەوەی پاڵمـان پێوە بنێن بۆ ئـەوەی بەچـاوێکی شـیکاری کوردانـەوە لـەو پرۆسـەیە بنـواڕین و بەهەناسـەیەکی درێـژەوە لـە خـودی پرۆسـەکە و دەرهاویشتەکانی بکۆڵینەوە و تێبگەین. بە مەبەستی تۆخ کردنـەوەی ئەو خاڵانەی کە تا ئێستا لە بەرژەوەندی کورد هـاتون و هەوڵـدان بـۆ

کاڵکردنەوەی ئەو خاڵانەش (چ لەسەر ئاستی ناوخۆی کورد داو، چ لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانیشیدا) کە دواجار دەبنە هاندەر یان فاکتەر، بۆ گۆڕینی ئەو هاوکێشانەی کە تاهەنوکە لەبەرژەوەندی کورد بوون.

سەرباری ئەوەش، خودی ئەزمونی کوردی لەڕووی پەیوەندیە دەرەکیەکانی و ڕەفتارە سیاسیەکانیشیەوە، هەروەها لەڕووی ئاتاجی بە کامڵکردنی بەها دیموکراسیەکانی، پێویستی بەوە هەیە لە کاریگەریە دەرەکیەکان بەئاگابێت، چونکە ئەگەرچی ئەم ئەزمونە لە خودی خۆیدا بتوانێ بەدابڕاوی لەو کاریگەریانە بژی، بەڵام وادیارە بەخۆشی یان بەناچاری ئەو کاریگەریانە خۆیان دەخزێننە نێو ئەو ئەزمونەوە و ئەوەی بەسەردا فەرزدەکەن کە بەخۆیدا بچێتەوە (بۆ نمونە ڕەخنەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە بارودۆخی زیندانەکانی هەرێم)هەروەها (ڕەخنە گرتنی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئازادیە ئاینیەکان کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە (٢٠٠٧/٩/١٥) دا دەری کرد و ، ڕەخنەی لە حکومەتی هەرێم گرتبوو، گوایە پێڕەوی لە جیاکاری ئاینی دەکات لە دژی کەمایەتیە ئاینیەکان)[٣] .

ئەم فاکتەرانە وادەکەن، بە ئاگابوونی کورد لە پرۆسەی گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وێستگەکانی پراکتیزەکردنی، ئاتاجێکی مێژویی و چارەنوسساز بێت. چ لەسەر ئاستی تاك یان لەسەر ئاستی کۆمەڵی کوردەواری(بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە هەمووان دەستمان بەسەرچاوەکانی زانیاری دەگات)... هەموو ئەم بگرە و بەردەیەش، بۆ ڕوون بوونەوەی بەشێك لە ئیشکالیەتەکانی وەڵامی ئەم پرسیارانەیە کە دەڵێن: کورد لەم گۆڕانکاریەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

قـازانج دەکـات یـان وەك مـاوە مێژوویـەکانی پێـشوو زیـان دەکـات؟ پێگەی کورد لـەو ێناکردنـەوەی نەخـشەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا لـە چەقدایە یان لە پـەراوێزدا؟ لـە کـوێی بازنـەی بایەخـە زیندەییـەکانی ئەمریکادایـە؟ خاڵـە بـەهێز و لاوازەکـانی ڕەفتـاری سیاسـی کـورد کامانـەن؟ ئـەو تایبەتمەندیانـە کامانـەن کـە لـەم مـاوە مێژووییـەی خەباتی ڕزگاریخوازی کورددا هەن و لە ماوەکانی دیکەدا نەبوون؟ ئایا ڕاستە ئەمجارەیان خەباتی کورد لـە دەرەوەی کـاتی تـەرخانکراو بـۆ بڕیاردان لەسـەر چارەنووسـی ناوچـەکەدا نیـە؟ بـە پێـچەوانەی مـاوە مێژووییەکانی ترەوە کە هەمیشە کورد لـەدوای ئـەوەی بڕیـار لەسـەر چارەنوسی ناوچەکە دراوە ئەوجا وەخۆ کەوتووە، کە ئەمەش بوەتـە یـەکێك لـە هۆکـارە گرنگـەکانی شکـستی شۆڕشـەکانی کـورد؟ ئـەو ئاماژانە کامانەن کە دەکرێ بکرێنە بەڵگە لەسەر جیـاوازی ئـەم مـاوە مێژووییە؟... هتد.

بەهیوام بتوانم لەماوەی داهاتودا، سەرەداوی وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە ڕوون بکەمەوە.

## دەروازەی یەکەم

# هاندەر و ئامانج و میکانیزمەکانی گۆڕینی واقیعی ڕاهین

با بەهێمنی بدوێین و گۆچانێکی ئەستوریش هەڵگرین،

تاکو بتوانین دوور بڕۆین ... !

فرانکلین ڕۆزڤلت

## ڕێخۆشکردن

لەم دەروازەیەدا هەوڵ ئەدەین بە کورتی و ئەوەندەی ڕووبەری لێکۆڵینەوەیەکی کورت (ئامادەکراو بۆ ڤیستیڤاڵێ) بواربدات، بەدووی وەلامی هەندێ پرسیاری جەوهەریدا بگەڕێین. سەبارەت بەو هەلومەرج و پێداویستیانەی کە وادەکەن گۆڕینی سیمای ناوچەکە (بەتایبەت نەخشەی سیاسی) بچێتە خانەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە... بەلام پێم وایە، لەهەموو بارەکاندا باشترە لە وەلامی ئەو پرسیارانەوە دەست پێ بکەین کە لە ڕیزی پێشەوەی ئاتاجە مەعریفیەکاندا ڕادەوەستن و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبنە ڕێخۆشکەر بۆ تێگەشتن لەو سەرەداوانەی کە ڕووداوەکانی ناوچەکە پێك دەهێنن و دەجولێنن. بە تایبەت ئەو پرسیارانەی کە دەکرێن سەبارەت بەو ئاماژە تەمومژدار (وهەندێ جار ناکۆك)انەی کە ئەمریکیەکان پێشکەش و دابەشی دەکەن... لەڕاستیدا لێك ترازاندن و شیکردنەوە و خوێندنەوەی شیفرەکانی ئەو ئاماژە تەمومژدارانە، لەبەر دوو هۆکار، دەبێتە پرۆسەیەکی سەخت و هەندێ جار خوێندنەوە بەرهەم هاتوەکانیش لەڕووی داتاو مەعلومەوە،هەژار و نەدار دەبن. دوو هۆکارەکەیش بریتین لە:

١) **سروشتی پەیامەکان:** سروشتی پەیامەکان تەمومژدار و فرە ڕەهەند و پێکداچوون و فرەسەرچاوەیشن (بەحوکمی پێکهاتەی سیستەمی سیاسی و دامەزراوەی بڕیار لە ئەمریکادا)، لەبەر ئەوە یەکێك لە پێداویستیەکانی تێگەشتن لەو پەیامانە (بەڕای من) بریتیە لە نزیکی و لێکخشانی ڕاستەوخۆی توێژەر لەگەڵ ناوەندەکانی دروستکردنی ئەو ئاماژانەدا.

٢) **خیبرەی کوردی**: خیبرەی کوردیش لەوەرگرتن و شیکردنەوە و لێکترازاندنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی جەفەنگی نێو پەیام و ئاماژەکاندا، بەربەستێکی ترە، یان دەتوانم بڵێم: هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی (هەڵگواستنی بەرەنجام)ە کان لەو پەیامانەوە و هەژارییان پێوە دەربکەوێ... ڕەنگە هۆکاری بنەڕەتی ناکامڵی ئەم خیبرەیە هەندێ فاکتەربن ، لەسەروی هەموویانەوە، هۆکارێکی سەرەکی ڕادەوەستێ کە بریتیە لەوەی، هەوڵەکانی لایەنی کوردی بۆ تێگەشتن لەو پەیامانە زیاتر هەوڵی تاکەکەسین (بەم دیدە شیکاریەشەوە کە لەبەردەستدایە) هەستیاری ئەو پرۆسەیەی کە (نەتەوەی کورد) لە نێوسەنتەرەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، دەخوازێ چەندین سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و پیشەیی لەنێو سیاقێکی یەکگرتودا و بەڕیتمێکی دیراسەکراوەوە، لەو ئاماژانە بکۆڵنەوە و مامەڵەی لەگەڵدابکەن. لەبەر ئەوە، ئەگەر لە کۆتاییدا ئەم لێکۆڵینەوەیە زەرورەتی دروستکردنی چەندین سەنتەری لێکۆڵینەوەی سیاسی لە کوردستاندا بسەلمێنێ، یان بایەخی فراوانکردنی ئەرکی ئەو سەنتەرانە بسەلمێنێ کە ئێستا لە کوردستاندا دامەزراون. وادەزانم ئەرکێکی هەنوکەیی ڕاپەڕاندووە... بەهەر حاڵ، لەم دەروازەیەدا دەمانەوێت هەڵوێستە بکەین لە ئاستی چەند پرسیارێکی سەرەکیدا، بەم شێوەیە:

چۆن لە ناکۆکی و ناتەبایی پەیامە ئەمریکیەکان تێبگەین؟ئایا هەر بەڕاستی نەخشە و ستراتیژیەتێك گەڵاڵە کراوە سەبارەت بەگۆڕینی پێکهاتەکانی واقیعی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ هەر لەمیانەی ئەو بەدوا داچونەدا لە نهێنی بە هێوری ڕەوت کردنی شەمەندەفەری گۆڕانەکە تێدەگەین.

پاشتر لە بەشێکی تایبەتدا لە دووی ئەو هۆکارانە دەچین کە لە پشتی گەڵاڵە بوونی ئەو ستراتیژیەتەوە ڕاوەستاون؟ واتە ئەو هۆکارانەی کەوا دەکەن گۆڕینی نەخشەو سیمای ناوچەکە بچێتە ناو قوڵاییەکانی (فەلسەفەی دیاریکردنی بەرژەوەندیەکان) ی ئەمریکا و یەکێك لە پێداویستیە سەرەکیەکانی دابینکردنی ئەمنی نەتەوەیی ئەمریکاوە... دواتر هەڵوێستە دەکەین لەبەرانبەر ئەو بەرەنجام و قازانج و سودانەدا کە لە گۆڕینی نەخشەی ناوچەکەوە دەستی ئەمریکاو (لەهەندێ وێستگەشدا گەلانی ناوچەکە) دەکەون...

لەکۆتا بەشیشدا هەوڵدەدەین مامەڵە لەگەڵ ڕاستیەکی جەوهەریدا بکەین، ئەویش بریتیە لەوەی، ئەم گۆڕینەی کە لەم ناوچەیەدا کاری لەسەر دەکرێ، پرۆسەیەکە حاڵی حازر ئەدگارەکانی نادیارن و بەردەوام لەباری کارلێکردندایە لەگەڵ واقیعەکانی سەر زەوی و هێزە جیاجیاکانی ناوچەکەدا. هەر لەبەر ئەوەیە کە دەبینین لەهەر ماوەیەکی ئازمایش کردنیدا کۆمەڵێ گۆڕان دێنێ بەسەر خودی خۆی و ، میکانیزمەکانی پیادەکردنی خۆی و سروشتی دابەشبوونی هێزو هاوپەیمانێتی و ڕیزکردنی ئەولەویاتەکان لە ناوچەکەدا.

بەهیوام ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشداریەکی بچوك بکات لە ڕونکردنەوەی دیمەنی دینامیکی و بزێوی ئەو گۆڕانەی لەم ناوچەیەدا حاڵی حازر پراکتیزە دەکرێ... چونکە ڕوون بوونەوەی ئەو وەێنەیە، زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کوردیش بتوانێ بەشداری بکات لە ڕەنگ کردنی وێنەی داهاتوی ناوچەکەدا، زۆر بەکورتی لەبەر ئەوەی هێشتا بڕیاری کۆتایی لەسەر شێوازی ڕەنگ کردنی وێنەی گۆڕانکاریەکە نەدراوە، هەر چەندە وێنەکە کێشراوە. ئەمجارەیان لەناو دڵی کارلێکەکانی

دروسـتكردنی مێـژوی ناوچـەكەدا لێكۆڵینـەوە دەكـەین، نـەك وەك هەمیشە لەدەرەوەی دروسـتكردنی مێـژوەوە و لـەپاش ئـەوەی بڕیـار لەسەر چارەنوسمان دراوە، ئەوجا بـەدووی ئـەو هۆكارانـەدا گـەڕاوین كـە تیایـدا شكـستە مێژوییـەكانمانی تێـدا دروسـت كـراوە... (وەك لێكۆڵینەوە زۆرەكان لەسەر شكستە مێژوییـەكانی كـورد و خوێنـدنی پەنـدو وانـەكانی ئـەو شكـستانە لـەنێو مادەكـانی پرۆگرامـی خوێندنیشدا). هەنوكەش لەم دەست پێكەوە دەگوازینەوە سەربەشـە سەرەكیەكانی لێكۆڵینەوەكەمان.

## بەشی یەکەم

# پرۆسەی گۆڕانێکی هێمن

ئەم لێکۆڵینەوەیە، خوێندنەوەیەك نیە لەمێـژودا، توێژینەوەیـەك نیـە لەسەر ڕابردوو، بەڵکو کارلێکە لەگەڵ پرۆسەیەکدا کە حـاڵی حـازر بـە مەبەستی دروستکردنی مێژوی ئەم ناوچەیە بەڕێوە دەبرێ. سەنتەری کێـــشەکە لـــە واشـــنتۆنی پایتـــەختی ئەمریکادایـــە و چـــەقی درێژبونەوەکەیشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ئەم ماوەیـە، قۆنـاغی بەرلەئاڵ و گۆڕی فیکری سیاسیە، بـەر لـە قاڵـب گرتنـی دونیـابینی و سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانە وەکو زلهێزێـك. تـەواوی قۆناغەکـە لە ژانگرتنێ دەچێ. ژانی هاتنە دونیای کۆرپەیەکی تر. ئەگەرچی ئەم ژانگرتنە لە تەمەنی مرۆڤدا بەچەند کاتژمێرێ دەپێورێ، ئەوا لە ڕووی هاتنە دونیای مۆدیلێکی دیکەی ژیان (لەڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا) یـان لە تەمەنی دەوڵەتەکاندا بەچەندین ساڵ دەپێورێ.

لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێمـە پێویـستە بگەڕێینـەوە بۆمێـژوو بـۆ ئـەوەی لەسروشتی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێ بگەین و لەو خاڵە میحوەریانە سەرنج بدەین کە دەیسەپێنن بەسەر ئەمریکادا، کـەبۆ هـەرقۆناغێك و جـۆرێ لـەبیر و بـاوەڕی سـتراتیژی بـەکاربێنێ. دەتوانین لەچەند بڕگەیەکدا باسی ئەو بەرەو پێشەوە چوونە بکـەین کە ڕوانینی ئەمریکایان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهێناوە:

**(١) قۆناغی ڕوو بەڕوو بونەوەی سۆڤیەت و ستراتیژیەتی ئیحتیوا:**

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی (١٩١٩)دا، ماوەیەکی کورت تێپەڕی، ئەوە بوو لەساڵی (١٩٣٩)دا جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا. بەکۆتایی هاتنی ئەم جەنگە، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەکو زلهێزێکی زاڵ دەست بەسەر کارو بارە نێو دەوڵەتیەکاندا دەرکەوت... هەرچەندە لە ماوەی جەنگی سارد (١٩٤٧-١٩٨٩) بلوکی ڕۆژهەڵات بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت ململانێی هەژموونی ئەمریکای دەکرد، بەڵام ئەمریکا توانایەکی زەبەلاحی لە هەردوو بواری بەرهەم هێنان و سەربازیدا هەبوو، هەروەها لە رووی ئابوورییەوە زلهێزێکی بێ هاوتایە.

ئەم دینامیکیەتە گەورەیە بویە هۆی ئەوەی هەنگاوێکی تەکنەلۆژی بهاوێت و پلەی سەرکردایەتی جیهان داگیربکات، لەهەموو بوارەکانی: تەکنەلۆژیا و زانیاریدا، هەر لە دروستکردنی (ترانۆ ستور و کۆمپیوتەر و ئۆتۆمبیل و تۆڕی ئینتەرنێتەوە بگرە تابە بەرهەم هێنانی وزەی ئەتۆمی دەگات) ئامارەکان دەڵێن: ئابوری ئەمریکا ئەم ڕێژانە بەرهەم دێنێ لەئاستی جیهانیدا (٥٠٪ی کۆی بەرهەمی جیهانی لە هەموو بوارەکانی پیشەسازیدا. کۆنترۆڵی (٧٠٪ی بەرهەم هێنانی ئۆتۆمبیلی کردوە، (٨٣٪ی بەرهەم هێنانی فرۆکە لە هەموو جیهاندا، (٥٠٪ی) دروستکردنی تەلەفۆن....هتد) [٤]

ئاستی بژێوی هاوڵاتیانیشی لە هەر جێگەیەکی دونیا بەرزترە و دووئەوەندەی ئاستی بژێویە لەوڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکانی (وەکو بەریتانیا)دا. هێزی سەربازیشی، لەڕووی چەکداری و ئامادەباشیەوە بەگەورەترین هێزدادەنرێت لە تەواوی دونیادا، ئەم

هێزە هاوتای هێزی سەربازی هەموو وڵاتانی دونیایە پێکەوە.

لەسەروی هەموو ئەم خاڵانەشەوە، سوپای ئەمریکا توانایەکی بێ سنوری وێرانکاری هەیە بەهۆی بەکارهێنانی توانا ئەتۆمیەکانیەوە.(٥) بەڕادەیەك هەندێ لەڕاپۆرت و زانیاریەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەجبەخانەی ئەتۆمی ئەمریکا لەتوانادایە (٩) جار هەموو سەرزەوی وێران بکات!!.

ئێمە لێرەدا مەبەستمان باسکردنی تواناکانی ئەمریکا نیە، چونکە هەرکەسێك بایەخ بەزانینی ئەو ڕاستیانە بدات دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە زۆر و زەبەندانەی کە باس لە تواناکانی ئەمریکا و نهێنی بەهێزی و زاڵدەستی ئەو وڵاتە دەکەن لە ئاستی جیهانیدا، بەڵکو لەڕێی ئەو چەند ڕاستیەوە دەمەوێت ئاماژەیەکی کورت بدەم بە هۆکاری هاتنە پێشەوەی ئەمریکا وەك زلهێزی جیهانی، تاکو بزانین ئەمریکا لەچ پێگەیەکەوە ململانێی کامپی ڕۆژهەڵاتی کردەوە و پێڕەو کردنی هەرجۆرێ لە ستراتیژیەتیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر ناوچەیەکی جیهاندا چ قورسایی و گرنگیەکی هەیە. هەروەها بۆئەوەش لەنهێنی پاشەکشەی سۆڤیەت و هاتنەپێشەوەی جیهانێکی یەك جەمسەری تێ بگەین.

**<u>1- ستراتیژیەتی ئیحتیوا:</u>**

سیاسەتی ئیحتیواکردن (policy of containment) یەکەم ئەڵقەی ستراتیژەکانی ئەمریکایە لەگەڵ جیهانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا. (جۆرج کینان)ی پسپۆڕی بواری دیبلۆماسیەتی ئەمریکی، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە دروستکردنی چوارچێوەی گشتی ئەم سیاسەتەدا، بەو حوکمەی کە ئەو یەکێك بوو لە پسپۆڕەکانی

کاروبـاری سـۆڤیەت. ئـەم کابرایـە ڕەنـگ ڕێـژی کـرد بـۆ سیاسـەتی ئیحتیوا و لەلایەن ئیدارەکـەی سـەرۆك هـاری ترومانیـشەوە جێبـەجێ کرا.

مەبەستی ئەم ستراتیژیەتە گە مارۆدانی یـەکێتی سـۆڤیەت و دابڕینـی بوو لەڕێی بەربەستێکی ئەستوری هاوپـەیمانی و بنکـەی سـەربازیەوە لە هەموو لایەکەوە.

ئەم ستراتیژیەتە، چەندین ئەڵقەی پراکتیزەیـی لـە ئـەوروپاو ئاسـیادا هەبوو... ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمەیە، بـوونی ئەڵقەیـەکی تایبـەت بو لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا. بۆجێبـەجێکردنی ئـەم سـتراتیژیەتە و بەرگرتن بەکشانی سـۆڤیەت بـەرەو وڵاتـانی ناوچـەکە، هاوپەیمانیـەك بـەناوی (هاوپـەیمانی بەغـدا) دامـەزرێنرا. ئـەم هاوپەیمانێتیـە لەسەرەتادا بریتی بوو (عێراق، بەریتانیا، تورکیا، پاکستان، ئێـران)، بـەڵام بـەهۆی شۆڕشـی سـاڵی (١٩٥٨)ەوە، عێـراق لـەو هاوپەیمانیـە کشایەوە. لەپاش ئەو ڕووداوە، ئەمریکا بەهـەموو قورسـایی خۆیـەوە هاتە ناو هاوپەیمانێتیەکەوە. ئامانجی ئەم هاوپەیمانێتیـە بریتـی بـوو لە پاراستنی ئـەم ناوچـەیە، بـە پـترۆڵ و بایەخـە سـتراتیژیەکانیەوە، لەوەی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتەوە.[٦]

لە ئەنجامدا، ئەم ستراتیژیەتە، ئامانجەکەیی پێکا و یەکێتی سۆڤیەت بەرەو کۆتـایی چـوو. لەسـاڵی (١٩٩١) دا بەتـەواوی هەرەسـی هێنـا و نـاوی لەسـەر شـانۆی نێـو دەوڵـەتی سـڕرایەوەو، ئـەمریکاش وەکـو تاکەجەمـسەر و تاکـە زلهێـزی دونیـا مایـەوە....بەهـەرەس هێنـانی یـەکێتی سـۆڤیەت، دەوڵـەتی ئـەمریکا خـۆی لـە نێـو بۆشـاییەکی ستراتیژیدا بینیەوە، لەدوو ڕووەوە:

١) دوژمنێکی دەرەکی نەما، تاکو بەهۆی ململانێ کردن لەگەڵیدا درێژەبدات بەپێڕەو کردنی نەهجی کلاسیکی مانەوەی لە دەرەوەی سنورەکانیدا.

٢) بەهۆی نەمانی ئەو بیانوەوە، ئیدارەی ئەمریکا، نەیدەتوانی ڕای گشتی و دامەزراوەکانی بڕیار بخاتە بەردەم پرەنسیپێکی نیشتمانی و ئامانجداری واوە کە بەهۆیەوە بتوانێ سیاسەتێکی دەرەکی وابینا و جێبەجێ بکات کە لە ئاستی قەبارەی ئەو وڵاتەدا بێت، وەکو تاکە زلهێزی جیهان (بەهەموو داخوازی و درێژ بوونەوە ئیمپراتۆریەکانەوە).

**(٢) ماوەی بۆشایی و ڕێژنەی پرۆسەکان:**

لە پاش دروست بوونی ئەو بۆشاییە و نەمانی دوژمنێکی بەرجەستە، بیرمەند و پسپۆڕانی بواری دروستکردنی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا. بەردەوام سەرقاڵی بیرکردنەوەن بۆ دۆزینەوەی ستراتیژیەتێکی تازە تاکو لە میانەیەوە ئەمریکا مامەڵە بکات لەگەڵ دەرەوەی خۆی و کێشە نێو دەوڵەتیەکاندا.

لەم ماوەیەدا، لە پێناوی گەڵاڵەکردنی ستراتیژیەتێکدا بۆ شێوازی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا، چەندین چەمك و پرۆسەی سیاسی پێشکەش کراون، دیاریترین ئەو چەمکانە (چەمکی ئیسلامفۆبیا و مەترسی سەوز، پێکدادانی شارستانیەتەکان....هتد) هەریەك لەو چەمکانە هەوڵبوون بۆ دروستکردنی هێڵێکی گشتی بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەسەری بڕوات.

لێرەدا تێبینیەك خۆی دەسەپێنێت، تێبینیەكەش ئەوەیە كە هەست دەكەین تەواوی ئەو چەمك و هەوڵ و پرۆژانەی كە پێشكەش كراون. لە تەوژمی ستێنترالیزەكردنی خودی رۆژئاوایدا پێشكەش كراون و ، لەناو سیاقی (ستراتیژیەتی گەڕان بەدوای دوژمندا) خۆیان دەبیننەوە.

(ستراتیژیەتی گەڕان بەدوای دوژمندا) كە ناسراوە بە(ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ٦٨) یان (NSC68) رۆژی (٣٠/سێپتەمبەر/١٩٥٠) لەلایەن سەرۆكی ئەمریكا (هاری ترومان) ەوە وەك بەرنامەیەكی كردەیی بۆ جێبەجێكردنی (تیۆری ئیحتیوا) پەسەند كراو لەو مێژووەوە تاكو (١١/سێپتەمبەر/ ٢٠٠١) بووبیە بڕبڕەی پشتی هەموو ئەو بەرنامە قۆناغبەندانەی كە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لەسەری رۆشتووە[٧] .

هەروەها یەكێكی دیكە لەو خاڵانەی كە سەرنجی هەر توێژەرێ بەلای خۆیدا ڕادەكێشێت، بریتیە لەوەی ناوەڕۆكی هەركام لەو چەمكانە (وەك چەمكی ئیسلامفۆبیا و پێكدادانی شارستانیەتەكان) باس لە ململانێیەكی ئایندەیی دەكەن كە لەلایەن رۆژئاوا (بەڕابەرایەتی ئەمریكا) و رۆژهەڵاتی عەرەبی (بەڕابەرایەتی بەهاكانی شارستانیەتی ئیسلامی).

جا ئەگەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەقوڵایی جوگرافی ئیسلام و شارستانیەتەكەی لەقەڵەم بدەین. ئەوا دەگەینە بەرەنجامێكی رۆتینی كە دەڵێت: لە خەیاڵدان و ئیدراك و دونیابینی سیاسی بژاردەی رۆشنبیری و دروستكەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكادا هەمیشە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەپێگەی دوژمنایەتی كردنی ئەمریكا

و سەرچاوەی مەترسیە ئایندەییەکان تەماشا کراوە... ئەوەیشی گرنگی ئەم دیدە گەورەتر دەکاتەوە، ئەوەیە کە دەبینین پێشکەشکردنی ئەو سەرەنجانە لەمەڕ بەها دوژمنکارانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتونەتە پێش، ڕووداوەکانی (١١/سێپتەمبەر)ەوە.

لەمەوە تێدەگەین، ڕووداوەکانی (١١/سێپتەمبەر) لەڕووی بەهێزکردنی ئەو بیرو بڕوایانەوە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگیەکی ئەوتۆیان هەیە. بەڵام لە نەبوونەوە ئەو دیدە نێگەتیڤەیان سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نەکردووە. بە دەربڕینێکی وردتر دەتوانین بڵێین: ڕووداوەکەی ڕۆژی (١١/سێپتەمبەر) بوە پاڵپشت بۆ بەهێزکردنی ئەو بیروبڕوا ئەمریکیانەی کە لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهاکانیدا بە دوای دوژمنە ئایندەییەکانی ئەمریکادا دەگەڕان، هەروەها بازنەی تەرکیزکردنی ئەمریکیەکانیان لەسەر پێگەکانی ئەو دوژمنایەتی کردنە فراوانترکرد... لە برگەی دادێ هەندێ لەو گۆڕانکاریانەی کە ئەم ڕووداوە لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و تەرکیزکردنی زیاتریان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی کرد، ڕوون دەکەینەوە.

### (٣) یانزەی سێپتەمبەر و کۆدەتاکەی بۆش لە سیاسەتی دەرەوەدا: ((ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك چەقی گۆڕان))

(١١/سێپتەمبەر) بوە هۆی ئەوەی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو ئەمریکا سەرلەنوێ بینای سیاسەت و تێڕوانین و ئەولەویات و نەخشەی کاری بکات. لە ئەلفەوەی خاڵبەندی بکاتەوە بۆ دەستنیشان کردنی

مەترسی بۆسەر ئایندەی گەلی ئەمریکا و کۆمەڵگەی خۆرئاواو پرۆسەی گلۆبالیزم) [8]

لە دوای یازدەی سێپتەمبەرەوە لێدوانەکانی سەرۆکی ئەمریکا سەدو هەشتا پلە گۆڕا، لێدوانەکانی ئاوازی جەنگ بوون لەبری ئاوازی دبلۆماسیەت) [9].

دەکرێ ئەم میتۆدە نوێیەی گوتاری سیاسی ئەمریکا بە کۆدەتایەك ناو بەرین، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕووداوەکانی (١١/سێپتەمبەر و ئەم کۆدەتا گرنگەش، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردە چەقی بایەخەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

دووان لە هەرە کەسایەتیە پسپۆڕە باڵاکانی ئەمریکا (ئیفۆداڵدر) و (جیمس لیندسای)، ئەم گۆڕانە ناو دەنێن (شۆڕشەکەی بۆش لە سیاسەتی دەرەوەدا). هەروەها دەڵێن: ئەم کۆدەتایە لە سیاسەتی دەرەوەدا ڕیفۆرمی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە پایەیەکی بەرژەوەندیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دادەنێت، ئەمە بەچاوپۆشین لەوەی ئەم ڕیفۆرمە داخوازی گەلانی ناوچەکە بێت یان نا... ).

گەربمانەوێت و وردتر، دەربڕ لەو حاڵەتی گۆڕانە بکەین، دەکرێ ئەو دەربڕینەی نوسەری ئەمریکی (پیتەر کانلۆس) بگوازینەوە کە دەڵێت:(لە ئێستادا گۆڕانێکی دراماتیکی لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکادا دروست دەبێ و بەڕێوە دەچێ، کەسانێکی کەم ئاگاداری ئەم گۆڕانەن) [10].

ئێمە ئەگەر بمانەوێت، تەواوی ڕووکارەکانی ئەو گۆڕانە ئاماژەی پێ بدەین، بێگومانم لەچەند بەرگێکدا دەتوانین ئەو کارەبکەین، بەڵام

لێرەدا دەکرێ بەکورتی ئاماژە بەهەندێ لەو دەستەواژانە بدەین کە لە ئەنجامی ڕووداوەکەی (١١/سێپتەمبەر)ەوە هاتنە نێو فەرهەنگی سیاسی ئەمریکاوە و بەشێوەیەکی جیدیش کاریان لەسەر دەکرێ . دیارترین ئەو دەستەواژانە بریتین لە:(سیاسەتی هێرش بەرانە، گۆڕانی ئاسایشی نەتەوەیی، جەنگی پێش وەخت، دوژمنی موحتەمەل، تیرۆر، قەڵاچۆکردنی تیرۆر، لێدانی دەست پێشخەرانە، سێکوچکەی شەڕ، دەوڵەتە چەق بەستوەکان، تێك شکاندنی دروستکەرانە "التدمير الخلاق"، فەوزای دروست کەر، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ و گەورە، ڕیفۆرم لەناوەوە، ڕیفۆرم لەدەرەوە، سەپاندنی دیموکراسیەت، چەقی بومەلەرزە "لەوەسفی عێراقدا"... هتد).

لەپەنای ئەم ڕاستیەدا ئێمە دەتوانین ڕاستیەك دووپات بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە لەدوای یانزەی سێپتەمبەرەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوەتە چەقی گۆڕانکاریەکان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە سیاسەتە دەرەکیەکانی ئەمریکادا دەبینرێن... هۆکاری زۆربەی ئەو بایەخدانەش بەم ناوچەیە زۆر بەسادەیی دەگەڕێتەوە بۆ:

١- فارەکتەرەکانی دروستکردنی ڕوداوەکەی (٩/١١) خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، بۆ نمونە: پانزە کەسیان خەڵکی سعودیە بوون، ئەمەش دیارە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ دروست بوونی تەوژمێك کە تاسەر ئێسقان دژەبە ئەمریکا. جا ئایا ئەم هۆکارە شایستەی ئاوڕ لێدانەوە نیە؟

٢- ڕژێمەکانی ناوچەکە دیکتاتۆرین و لەنێو هەڵکشان و داکشانی گلۆباڵیزمیشدا، ئەم جۆرە ڕژێمانە ئایندەی سیاسییان ڕوون و

مـسۆگەرنیە. لەبەرانبەریـشدا تـەوژمی دژبـە ئـەمریکا بـەهێزترین تەوژمــە لــە ناوچــەکەدا. ئەمــەش ڕەنگــە ببێتــە هــۆی ڕوخــانی ڕژێمەکانی ناوچە و دەستەڵات گرتنە دەست لەلایـەن نـەیارەکانی ئەمریکاوە، لەئەنجامیشدا:

أ) سەرچاوەکانی پترۆڵ دەکەونە دەستی نەیارەکانی ئەمریکاوە.

ب) ئاسایـشی ناوچــەکە (بەئیسرائیلیــشەوە) بــەرەو نادیــارملی ڕێ دەگـرێ. کـەوابێ، هـەر لـە یەکـەم چرکەسـاتەکانی ڕووداوەکـەی (١١/سـێپتەمبەر) ەوە، ئـەوە ڕوون بوویـەوە کـە پەیوەندیـەکانی ئەمریکا و گەلانی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت پێویستی بـە ئـاڵوگۆڕی جەوهەری هەیە. بێگومـان ئەمـەش بەپلـەی یەکـەم بـۆ بـەردەوام بـوونی ڕەوت کردنـی بـێ کۆسـپ و لەمپـەری بەرژەوەندیـەکانی ئەمریکایـە، ئینجـا لـەنێو ئـەوبوارەدا هەنـدێ لەبەرژەوەندیـەکانی گەلانی ناوچەکەش دابین دەبن.

لەوەی ڕابورد تێ بینی دەکەین. لـە(١٩٤٧–٢٠٠١) شـێوازی مامەڵـەی ئەمریکا لەگەڵ دۆسیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا شـێوەیی (بازنـەیی لـەباری چـڕبوونەوەی بەردەوامـدا) ی وەرگرتـووە. بـەو مانایـەی کـە بازنەی گرنگی پێدانەکە تابێ لەسەر ناوچەی ڕۆژهەلات چڕتر بۆتەوە، تــاکو لــە قۆنــاغی دوای (١١/ســێپتەمبەر) دا گەشــتۆتە ئەوپــەڕی چڕبونەوە. دەکرێ لەم ڕووەوە نمونەیەك بێنینەوە:

لە ماوەی پیادەکردنی تیۆری ئیحتیوادا (١٩٤٧–١٩٨٩) ئەمریکیەکان لـە پـشتی پــەردەوە و لـەڕێی بریکارەکانیانــەوە دەسـتیان لـەکار و بارەکــانی ناوچــەکە وەرئــەدا، بــەڵام ســیناریۆیەکی پێــڕەو دەکـرد کەهــەموو لایەنــەکان پێیــان وابــی خۆیــان کارەکتــەری ڕاســتەقینەی

دروستکردنی ڕوداوەکانن. ئەمە لە کاتێکدا سیناریۆی ڕووداوەکە بە ئامادەکراوی دەهێنرایە ناوچەکە.

توێژەری بەناوبانگی عەرەب (عاتف غەمەری) ئەم پێڕەوەی ناوناوە (ستراتیژیەتی خوانی چینی)[11] ئەم ستراتیژیەتە لەسەرجەم کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێڕەو کراوە (وەك شەڕی ناوخۆی لوبنان ١٩٧٥، هێرشی سێ قۆڵی سەرمیسر، شەڕی عێراق- ئێران....هتد).[12]

ڕووداوەکەی سێپتەمبەر ئەوەی سەلماند کەچیدی ئەمریکا ناتوانێ لە میانەی ئەو بازنە بەرفراوانەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ناوچەکەدا بکات، بەڵکو پێویستە بازنەکە بچوکتربکاتەوە و زیاتر لەچەق نێزیك بێتەوە و ڕاستەو خۆ، خۆی لەکێشەکان وەربدات.

میکانیزمەکانی ئەم قۆناغەی لێکخشانی نێوان ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بریتی بوو لەچەند پرۆسەیەك (وەك لەبەشەکانی دیکەدا ڕوونی دەکەینەوە)، کە مەبەستی هەموو پرۆسەکان لە دوو خاڵدا کۆدەبنەوە:

١) بنەبڕکردنی دیاردەی تیرۆر (کە ئەم ناوچەیە بە پێگەی سەرەکی دادەنرێ).

٢) پاراستنی بەرژەوەندیە زیندەییەکانی ئەمریکا.

بۆ دەستەبەرکردنی ئەم دوو خاڵەش، ئەمریکیەکان بڕوایان وایە پێویستە گۆڕانی سەرتاپایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکرێ.

سەرۆکی پێشوی ئەمریکا (جۆرج بۆش) لە وتارێکیدا لەمانگی (١١/٢٠٠٣) لەبەردەم (سەنتەری ئەمریکان ئەنتەربراین)دا کە بەقەڵای

ئایدۆلۆژی (موحافیزکاره تازەکان) دادەنرێت، گوتی: پێویستە وڵاتە یەکگرتوەکان ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕێ لە پرۆسەی گۆڕانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا)... دواجاریش ئەو وتارە بوە ناوك و کرۆکی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە...(١٣)

لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارێك. خۆی دەسەپێنێت کە دەڵێت: وەك لەم بەشەدا، زنجیرەی بەرەو پێشەوە چونەکانی پەیوەندیەکانی ئەمریکامان بە ناوچەکەوە، لە دەلاقەیەکی بابەتیەوە ڕون کردەوە، لەم قۆناغەدا بەرژەوەندی ئەمریکا وادەخوازێ سیماکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێ. لەم پێناوەشدا چەند پرۆسەیەکی پێشکەش کردووە، لە سەرویانەوە (پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە). وەلێ تێبینی دەکەین، ڕەوتی گۆڕانەکە تەواو هێمنانەیە، نەرمە ڕەوت کردنی ئەو پرۆسەی گۆڕانە بەچی لێکدەدرێتەوە؟.

دەکری زۆر بەکورتی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بڵێین: دووهۆکاری سەرەکی هەیە بۆ ئەم نەرمە ڕەوت کردنە، کە دەتوانین بەم شێوەیە ڕیزیان بکەین:

١) **هۆکارە خودیەکان:** ئەو هۆکارانەن کە پەیوەندییان بە دروستکردنی دونیابینی ستراتیژی ئەمریکاوە هەیە وەکو تاکە زلهێز و بگرە ئیمپراتۆریەتی جیهان، بە تایبەت لە دوای (١٩٨٩)ەوە.

چونکە لەو ساڵە بەدواوە، بەهۆی پاشەکشەی یەکێتی سۆڤیەتەوە، دیدی ستراتیژی ئەمریکا دەکەوێتە ناو بۆشاییەکی فراوانەوە، لەو ڕوەوە کە ستراتیژیەتی (ئیحتیوا) ئامانجەکانی دەپێکی و وەزیفەی خۆی تەواو دەکات. پسپۆڕانی کاروبارە ستراتیژیەکان، پێیان وایە تا ماوەیەکی مێژویی دورودرێژی داهاتوش، ناوەندەکانی بڕیار

لەئەمریکادا ناتوانن ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەی ئەمریکادا گەلاڵە بکەن. هۆکاری ئەم نەتوانینەش بۆ دووخاڵ دەگەڕێتەوە:

أ- قەبارەی ئەمریکا و سروشتی پێکهاتە و پێکداچوونی ناوەندەکانی دروستکردنی دیدی سیاسی و دیاریکردنی بەرژەوەندیەکان.

ب- نەبوونی دوژمنێکی بەرجەستە و مادی و خاوەن جوگرافیا و قەبارەی دیاریکراو (وەك لەپێشدا یەکێتی سۆڤیەت ئەو خەسڵەتانەی تێدابوو) کە ئەمریکا بتوانێ ململانێی سیستماتیزەکراوی لەگەڵدا بەڕێوەبەرێ.

هەریەك لەم دووخاڵە (أ. ب)، هێندە سانا و ساکارنین کە لە ماوەیەکی کورتدا، سیستەمی سیاسی ئەمریکا بتوانێ چارەسەریان بکات، بەهۆی تایبەتمەندێتی خودی ئەو سیستەمەوە....

پسپۆڕان دەڵێن: تایبەتمەندی سروشتی ئەو سیستەمە وادەکات بڕیاری سیاسی وەکو کارتێ وابێ کە لە ناو سندوقێکدا دانرابێ، سندوقەکەش لەگەنجینەیەکدابێت، ئەم گەنجینەیەش چەندین کلیلی هەبێ کە دابەش کرابێ بەسەر چەندین دەستدا. دەستەکانیش بریتین لە: سەرۆك، کۆنگریس، گروپە کانی فشار، ڕای گشتی... هتد. ئەمە نەك تەنها لە ئاستی بڕیاری کورت خایەندا، بگرە لەحاڵەتی هەبوونی بزاوتێکی سەقامگیر و بەردەوامی سیاسیشدا بۆ دەیان ساڵی داهاتووش.

کەواتە پرۆسەی دروستکردنی (ستراتیژیەت) لەناو سیستەمی سیاسی ئەمریکادا، پرۆسەیەکی سەختە و هەندێ جار دەیان ساڵ دەخایەنێ. هەرلەبەر ئەوەشە کە دەبینن سەرباری ڕووداوەکەی

(١١/سێپتەمبەر)یش ناوەندەكانی بڕیار لە ئەمریكا، تاهەنوكەش نەیانتوانیوە، ئەو بۆشاییە ستراتیژیە پڕبكەنەوە كە لە ئەنجامی كۆتایی هاتنی كاركردن بە (ستراتیژیەتی ئیحتیوا)وە هاتۆتە كایەوە. لەمبارەیەوە (**ساندی بیرگر**) ڕاوێژكاری نەتەوەیی (سەرۆك كلینتۆن) لەباسكردنی ئەم قۆناغەی سیستەمی جیهانیدا دەڵێت:(لەئێستادا سیستەمی جیهانی لە قۆناغی ئاوابون دایە، بەڕادەیەك بەر لەوەی ڕوداوەكانی جیهان قاڵب بگرن و هێزە كاریگەرەكانی ناوی ئاشكرابن، سەختە بتوانرێ بۆ چون و تەسەورێكی تێدا پێشكەش بكرێ كە ئەوبۆ چونە بتوانێ لە داهاتودا بەردەوامی بەخۆی بدات).

(**جیمس ستینبرگ**) بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوە، دەڵێت:(لەمڕۆدا جیهان هێندە ئاڵۆزە، بە ئەندازەیەك ناتوانین وەسفی بكەین یان لە میانەی یەك تیۆری دیاركراوەوە سنورەكانی دیاری بكەین).

هەروەها (**ڤێنسنت ئۆگبر**) مامۆستای لێكۆڵینەوەكانی ئاسایشی نەتەوەیی لە زانكۆی(هارڤارد) زیاتر لە ڕۆحی قۆناغەكە نزیك دەكەوێتەوە و دەڵێت:(ئاڵوگۆڕەكانی جیهان لەدوای كۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە، تاڕادەیەكی زۆر بونەتە هۆی سنورداركردنی توانای دروستكەرانی سیاسەتی دەرەوە لە ئەمریكادا، لەوەدا كە بتوانن ردید یان تیۆر و پرەنسیپێك بدۆزنەوە كە ببێتە ئەلتەرناتیڤی تیۆری ئیحتیوا)[١٤].

هەر لەبەر ئەوەشە كە دەبینین سەرجەم ئەو دیدو پلانانەی لەلایەن ئەمریكاوە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ دۆسیە جیاجیاكانی جیهان پێشكەش دەكرێن ناوی (پرۆسە) یان لێدەنرێ نەك (ستراتیژیەت).

سەركەوتنی پرۆسەكانیش وابەستەیە بەكارلێكەكانی سەر زەویەوە.

پرۆسـەکانی گـۆڕینی ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتیش دەچـنە ژێـر پێناسەی (پرۆسە) وە. بەو پێیەی کە نابنە چوارچێوەیەکی گشتگیر کە ئەمریکا لە میانەیانـەوە سـەرنجی تـەواوی دۆسـیەی جیهانیـەکانی دیکـە بکـات. دەکـرێ لێـرەدا بـەراوردێك بکـەین لـە نێـوان هـەردوو دەسـتەواژەی (گـۆڕینی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت) و (قەڵاچـۆکردنی تیرۆر)دا. ئەم دوو دەستەواژەیە لەلایەن ئیدارەی ئـەمریکاوە زۆرجـار بـەکار دەهێنـرێن، بـەڵام خـاڵی جیـاوازی نێوانیـان ئەوەیـە (گـۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پێناسـەکانی (پرۆسـە)ی بەسـەردا دەچەسـپی کەچی (قەڵاچۆکردنی تیرۆر) زیاتر ئەدگارەکانی (ستراتیژیەت) ی تێدا دەبینرێ.

بــەم پێیــە (گــۆڕینی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت) دەچــێتە خزمــەتی (قەڵاچۆکردنی تیرۆر) ەوە نەك بـە پێـچەوانەوە. ئـەم ڕاسـتیەش ئـەو بڕوایە پتـەوتر دەکـات کـە پێـی وایـە حـاڵی حـازر پرۆسـەی گـۆڕینی سـیمای ناوچـەکە لـە هەڵکـشان و داکـشان و سـەیرورە دایـە. لـەم دەلاقەیەشـەوە، ئێمـە پێمـان وایـە زەرورە کـورد تـەواو چـاوکراوەبێ لەئاستی ڕەوتی گۆڕانەکەو چاودێری ئەو هەڵکشان و داکشانانە بکـات کە لە ماوەی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا دروست دەبن.

٢) **<u>هۆکارە بابەتیەکان</u>:** بریتین لەو هۆکارانەی سەر زەوی کـە فـەرزی دەکـەن بەسـەر پرۆسـەکەدا، لـە چرکەسـاتێکدا هەڵبکـشێ و لـە چرکەساتێکی تریشدا دابکشێ. لـە قۆناغێکدا لـە قاڵبێکدا خـۆی نمـایش بکـات و لـە قۆنـاغێکی تـردا لـە قـاڵبێکی جیـاوازدا خـۆی بنوێنێ. تاوێ بەپەلە گوزەربکات (گۆڕینی ڕژێمی عێراق بەرهەمی ئەم بەپەلە گوزەرکردنەبوو) لە قۆناغێکی تردا بەنەرمی و هێـوری ڕەوت بکـات (یـەکلایی نەکردنــەوەی خێـرای بـەهاری عـەرەبی

ڕواڵەتی ڕوونی ئەم نەرمە ڕەوتەیە).

ئەم دوو هۆکارە دەبنە هۆی ئەوەی وەك پێویست و بە ئەندازەی ئەوەی گەلانی ناوچەکە چاوەڕوان دەکەن، پرۆسەکە بە خێرایی گوزەر نەکات، وەلێ دواجار، بەپشت بەستن بەو پێدراوە گرنگانەی لەم بەشەدا ئاماژەمان پێدان، زۆربەی چاودێران و شارەزایان هاتونەتە سەر ئەو بڕوایەی کە گۆڕینی سیماکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ، داڕشتنەوەی پەیوەندی و کارلێکی هێزەکانی ناوی و وێناکردنەوەی نەخشەکەیشی، بەجیدی چوەتە نێو بیر و بڕوای دروستکەرانی بڕیار لە واشنتۆندا. بە ئەندازەیەك ئەم بڕوایە لە قوڵاییەکانی بڕیاردا لە واشنتۆن لەنگەری گرتوە، کە ئەوان ئامادەن لەگەڵ پەیدابوونی هەر لەمپەرێکی نوێدا، پرۆسەکەیان لە قالبێکی تازە و هەموارکراودا پێشکەش بکەن.

لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، زیاتر قوڵدەبینەوە بەنێو دەست نیشانکردنی ئەو هۆکارانەدا، کە وادەکەن بڕیار بەدەستانی واشنتۆن، گۆڕینی سیماکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەرجی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا لەقەڵەم بدەن.

ئەوان سەرهەڵدانی تیرۆر و تێکچونی شیرازەی ئەمنی نێودەوڵەتی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ناتەواویانەی کە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی ناوچەکەدا هەیە. لە بەشی دووەمدا هەوڵ ئەدەم پتر لەو بارەیەوە بدوێین و لەنهێنی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ گۆڕینی سیمای ناوچەکە تێبگەین.

## بەشی دووەم

# هۆکارەکانی گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە بەشی یەکەمدا، هەوڵماندا لەڕێی ڕیزکردنی کۆمەڵێك پێدراوی مێژووییەوە، دوو خاڵی سەرەکی ڕوون بکەینەوە:

**یەکەم:** لەنێو سیستەمی سیاسی ئەمریکادا، چۆن پرۆسە و ستراتیژیەتەکان گەڵاڵە دەکرێن... ئاتاجیشمان بەم خاڵە ئەوە بووە بۆمان دەربکەوێت کە لە دوای گەڵاڵەبونی هەر جۆرە پرۆسەیەك لەلایەن ئەمریکاوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەربەشێکی جیهاندا، ئیدی ئەو پرۆسە و دیدگایە بۆ چەندین ساڵ کاری پێدەکرێ و بەشێوەیەکی هێمنانەو قۆناغبەند، ڕوئیاکان پەردەیان لەڕوو لادەدرێت. یانی وەك چۆن شانۆگەریەك لەچەند پەردەیەك پێکدێت و مرۆڤ بە بینینی کۆی هەموو پەردەکان پێکەوە، ئەوجا لە مەرامی ڕاستەقینەی شانۆگەریەکە حاڵی دەبێت و بەرەنجامەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە هەمان شێوە، شێوازی مامەڵەی ئەمریکا و چۆنێتی گەڵاڵەکردنی ڕوئیاکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیە جیهانیەکاندا بە هەمان شێوەیە... ئینجا لە دوای گەڵاڵەبونی ئەو ڕوئیا و پرۆژانە، ئیدی سەختە هێزە هەرێمایەتیەکان بتوانن بەری پێ بگرن، بە سادەیی لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژانە بوونەتە جێی کۆدەنگی ناوەندەکانی بڕیار لەنێو ئیمپراتۆریەتی ئەمریکیدا[١٥].

**دووەم:** سەبارەت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، تاکو ڕادەی ئەو پلەیەمان بۆ دەربکەوێت کە لە ئەولەویاتی مامەڵەی ئەمریکادا

ناوچـەکە داگـیری کـردووە، تـاکو ئـەوەمان بـۆ ڕوون بێتـەوە کـە، حەتمیەتی بـەرەو پێـشەوە چـوونە مێژوییـەکان جـۆرێکی تایبـەت لـە لێکخـشانیان لـەنێوان ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ئـەمریکادا دروسـت کـردوە، کـە هەمیـشە فاکتـەری هێـز ڕۆڵـی سـەرەکی لـە دیـاریکردنی سـیمای قۆناغەکانیـدا هـەبووە. ئـەم ڕاسـتیەش ناوەندەکانی بڕیاری لە ئەمریکادا گەیاندۆتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە گۆڕانکاری لـە سیمای ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا بکـرێ. یـان دەتـوانین بڵێین لەبەشی یەکەمدا، ئەوەمان بۆڕوون بوویـەوە کـە ئەمریکیـەکان، پرۆسـەیەکی جیـدی و دیراسـەکراویان پێیـە بـۆ گـۆڕینی سـیمای ناوچەکە.

لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین، لە دووی وەڵامی ئـەم پرسیارەبچین: ئـەو فاکتەر و هاندەرانە چین کـە وادەکـەن گـۆڕینی نەخـشەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست ببێتە بەرنامەی کـاری ئـەمریکا؟ ئایـا گـۆڕینی جوگرافیـای سیاسی ناوچەکە، لەکوێی سیاقی ئەم گۆڕانە چاوەڕوانکراوەدایە؟

هەموو ئەمانە پرسیارن و ، وەڵامدانەوەیان کاتێکی زۆرتر و هـەوڵێکی مـەزنتری دەوێـت وەك لـەوەی لـە کورتـە لێکۆڵینەوەیەکـدا وەگـەڕ دەخرێ، سەرباری ئـەوەش دەتـوانین هەنـدێ لـە لایەنـەکانی وەڵامـی ئەو پرسیارانە لەچەند دێڕی داهاتودا ڕوون بکەینەوە.

بە گوێرەی تێڕوانینی ناوەندە توێژینـەوەیی و بڕیـار بـە دەسـتەکانی ئـەمریکا، لـەنێو شـێوەی پێکهـاتنی ئێـستای وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕساتدا، کۆمـەڵێ ناتـەواوی جەوهـەری هەیـە، ئـەم ناتەواویانـەش پەلیان کوتاوە بۆ دانانی کاریگـەری نـەرێنی لەسـەر دروسـت بـوون و گەشەکردنی مرۆڤ، و دواجاریش مرۆڤگەلێکی بێ ئومێد، بێ هیـوا، لـە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بوون. ئەم شەپۆلی بێ هیوابوونەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری ترسناك لەسەر سیستەمی ئاسایشی جیهان (ئەمریکا)دادەنێت (وەك لە ڕووداوەکەی ۱۱/ سێپتەمبەردا دیتمان). ئەوان هۆکارەکانی ئەو بێ هیوابوونە، کە لە ئەنجامیشدا دەبنە هۆکار بۆ هەوڵدان بۆ گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە، بەم شێوەیە ڕیزدەکەن:

## یەکەم/ لەئاستی ناوخۆی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:

### ۱) گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە وڵاتانی عەرەب

(پێکهێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بە تەواوی داڕوخاوە و سەرباری هەبوونی پترۆڵ، کەچی گەشەیەکی ئابوری ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا بەرچاو ناکەوێت. ئامارەکان دەڵێن:

کۆی داهاتی هەر (۲۲) دەوڵەتە عەرەبیەکە پێکەوە، کەمترە لەداهاتی ئیسپانیا بەتەنها. ڕێژەی (٤٠٪) ی عەرەبە باڵقەکان کە دەکاتە (٦٥ ملیۆن مرۆڤ) و (۳/۲ئەو ڕێژەیەش ژنن) نەخوێندەوارن. بەهاتنە پێشەوەی ساڵی (۲۰۱۰) (٥٠ملیۆن) لاو لەناوچەکەدا دەچنە نێوبازاڕی کار کردنەوە، لەساڵی (۲۰۲۰) دا ئەو ژمارەیە دەگاتە (۱۰۰) ملیۆن لاو. ئینجا بۆئەوەی ئەو لاوانە بەبێ کار نەمێننەوە پێویستە (٦۰۰۰۰۰۰) شەش ملیۆن هەلی کار کردن لە ناوچەکەدا دەستەبەر بکرێت. دەنا ئەگەر بێتو ڕیژەی بێکاری لە ناوچەکەدا بەو جۆرە لە بەرزبونەوەدابێت، ئەوا لە ساڵی (۲۰۱۰) دا (۲٥۰۰۰۰۰۰) بیست و پێنج ملیۆن هاوڵاتی بەبێ کار دەبن و ناتوانن بژێوی خۆیان دابین بکەن.

۳/۱ ی هەموو دانیشتوانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕۆژێکدا بە کەمتر لە دوو دۆلار دەژین. بۆ ئەوەی ئەو بارە داڕوخاوە چاك بکرێت و ئاستی بژێوی هاوڵاتیان بەرز بکرێتەوە، پێویستە ڕێژەی گەشەکردن دووقات بەرز بکرێتەوە. ئێستا ڕێژەی گەشە (۳٪)....[١٦]

**۲) بارودۆخی مەعریفی گەلانی ناوچەکە:**

بارودۆخی مەعریفی گەلانی ناوچەکە بە ئەندازەیەك دواکەوتووە، کاریگەری نێگەتیڤی داناوە لەسەر بەرەو پێشەوە چوونی شارستانی ناوچەکە، دووبارە دەگەڕێینەوە سەر ئەو ئامارانەی کە (ڕاپۆرتی گەشەی مرۆیی عەرەبی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان ۲۰۰۲–۲۰۰۳) بڵاوی کردۆتەوە و دواتر بوەتە کرۆکی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. ئامارەکان دەڵێن: جگەلەوەی (٦٥٠٠٠٠٠٠)ملیۆن هاوڵاتی عەرەبی خوێندنەوە و نوسین نازانن، کەچی لە ناوچە خوێندەوارەکانیشدا (١,٦٪) دەتوانن ئینتەرنێت بەکار بهێنن. ئەم ڕێژەیەش بە ئەندازەیەك نزمە وڵاتانی عەرەبی دەخاتە دوای دواوە (لەڕوی بیناکردنی کۆمەڵگەی مەعریفیەوە)، وڵاتە عەرەبیەکان لەم ڕووەوە دواکەوتوترن تەنانەت لە وڵاتانی ئەفریقای (باشوری بیابانی مەزن)یش.

**۳) بارودۆخی ژنان و ئازادیە ئاینیەکان:**

بارودۆخی ژنان بە تەواوی داڕوخاوە و کەمترین بەشدارییان هەیە لە پرۆسە و ژیانی سیاسی وڵاتەکانیاندا، ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتیە لە(۳,٥٪)... لەکاتێکدا ڕێژەی بەشداری ژنان لەپەرلەمانی وڵاتێکی وەکوئەفریقای (باشوری بیابانی مەزن) دەگاتە (٨,٤٪) کورسی.[١٧]

سەبارەت بەڕەوشی ئازادی (بەتایبەت ئازادیە ئاینیەکان) دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی کە ساڵانە (وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا) بە گوێرەی (یاسای ئازادیە ئاینیەکانی ساڵی ١٩٩٨) بەرزی دەکاتەوە بۆ کۆنگریس. سەبارەت بەو کێشەو لەمپەرانەی کە دێنە ڕێی ئازادیە ئاینیەکان لە (١٩٧) ناوچەو وڵاتی جیا جیای جیهاندا.

تێبینی دەکەین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئێران، سعودیە، سودان، عێراق، میسر) لەنێو ئەو ڕاپۆرتانەدا بە پێشێلکەری پلەیەکی ئازادیە ئاینیەکان لەقەڵەم دەدرێن (بۆ نمونە بڕوانە ڕاپۆرتی ژمارە٧/ساڵی ٢٠٠٥، هەروەها ڕاپۆرتی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٧) [١٨]

بەر لەوەی کۆتایی بەم خاڵە بێنم دەخوازم ئاماژەیەکی کورت بکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کەلە (٢٠٠٧/٩/١٥دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاوی کردبویەوە و تیایدا ڕەخنەی لە (حکومەتی هەرێمی کوردستان) گرتبوو بەوەی (مومارەسەی جیاکاری ئاینی دەکات لە دژی کەمایەتیە ئاینیەکان) [١٩]

ئاماژەو دەلالەتەکانی ناوهێنانی حکومەتی کوردستان لەو سیاقەدا، زۆر لەو کاردانەوەیەش زیاتری هەڵدەگرت، کە (وەزارەتی ئەوقافی کوردستان) لەڕێی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی سەرپێییەوە، وەك هەڵوێستێ لەبەرانبەر ئەو ناوهێنانەدا گرتیەبەر... [٢٠] من لە وتارێکی تایبەتدا، هەندێ لە دەلالەتەکانی ئەو ناوهێنانەم ڕوون کردەوە [٢١] بەڵام ئێستەیشی لەسەربێ تێناگەم بۆچی ئەو ناوهێنانە هەڵوێستەی جیدی و بەخۆدا چونەوەی ڕاستەقینەی پێ نەکردین و نەبویە جێگەی باس و خواس و مێزگردی وردو بابەتی لەلای ئێمە؟بۆچی وەك زەنگێگی مەترسی وەرمان نەگرت؟ بۆچی ۆرك شۆپ و ئەڵقەی

دیبەیتی زانستیمان لەسەری سازنەکرد؟ بۆچی نەبویە هۆی ئەوەی گومان و پرسیار لەبەها دیموکراسیەکانی کورد بکەین؟ بۆچی ئەو ئاماژە گرنگە بەسەرماندا تێ پەڕی و هیچی لا بەجێ نەهێشتین؟ جگەلە هەڵوێستێکی پاکانە ئامێزی وەزارەتی ئەوقاف؟!.

**٤) دیکتاتۆریەت و زەوتکردنی ئازادیە سیاسیەکان:**

سەرۆکی پێشوی ئەمریکا (جۆرج دەبلیو بۆش) ڕۆژی (٢٠٠٣/١١/٦) لە وتارێکدا لە ئاهەنگی یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی سندوقی نەتەوەیی بۆ دیموکراسیەت) لە ئەمریکادا، ئاماژەی بە ناواخنی ئەم خاڵە داو گوتی:(لەپاش کۆتایی هاتنی قۆناغی ئیمپریالیستی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراندنی زۆرێك ڕژێمی دیکتاتۆری سەربازی بەخۆیەوە بینی، هەندێ لە ڕژێمەکانی ئەو ناوچەیە پێڕەوییان لە بنەماکانی سۆسیالیزم کرد، بەو هۆیەشەوە کۆنترۆڵی تەواوی حیزبەسیاسیەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و زانکۆکانیشیان کرد، بوونە هاوپەیمانی بلۆکی سۆڤیەت و تیرۆری نێودەوڵەتی، دەستەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان لە سوریا و عێراقدا بەڵێنی گەڕانەوەی شەرەفی نەتەوەییاندا، بەڵێنی گەڕانەوەیاندا بۆ سەربەرزیەکانی ڕابردوو، کەچی لەبری ئەوە، پاشماوەیەکیان لە ئەشکەنجەدان و داپلۆسین و بێ ئومێدی و وێرانکاری دروست کرد....) [٢٢]

ئەم هەڵوێستە، گرێدانی دیکتاتۆریەت و تیرۆر و بێ ئومێدی ، لەنێو جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تەنها لێدوانێکی سەرپێیی نیە، بەڵکو هەڵوێستێکی قوڵی بیناکراو لەسەر پێدراوی گرنگە، کە ئەمریکا لە میانەیەوە هەوڵ ئەدات سیاغەی دیدگای خۆی بۆ ئاریشە قوڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی چارەسەر کردنیشیان بکات. هەریەك

لـەو خاڵانـەی ئاماژەمـان پێدان، دەبنـە هـۆی پاشەکشەی پرۆسـەی گەشەی کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەم دواکـەوتن و پاشەکـشەی گەشەیە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی بێ ئومێدی و برەودان بە کەلتوری بێزکردنـەوە لـە ژیـان ... ئـەم دیاردەیـەش هەرچـەندە لـە قـوڵایی بەرپرسـیارێتی و کاروبـارە ناوخۆییـەکانی دەوڵەتەکانیدایـە. بـەڵام ئیفرازکردنـی نەوەیـەکی بـێ ئومێـد، بـۆ نێـو گۆڕەپـانی بـەرفراوانی جیهانی، دواجار مەترسی چارەنوسساز و کردەیی لەسـەر سیـستەمی ئەمنی جیهان دادەنێت.

بـە بـڕوای بڕیـاردەرانی واشـنتۆن، ڕووداوەکـەی (١١/سـێپتەمبەر) ڕەنگدانەوەی ئەو بێ ئومێدیە بوو کە لە ناو خۆی وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا بەرهەم هاتوە، بەڵام درێژبونەوەی نێـو دەوڵـەتی هـەبوو. بەو پێیەی کە هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژئـاواو ئـەمریکا بـە بەرپرسیاری ئەو بارودۆخە سەخت و نالەبارە دەزانن کە خۆیانی تێدا دەبیننەوە. بەرپرسـیارێتیەکەش لـە پـشت گـیری کردنـی بـەردەوامی ئـەمریکا و ڕۆژئاوادایـە، لـەو ڕژێمانـەی ناوچـەکە، کـە بونەتـە هـۆی نەهامەتی بۆ گەلەکانیان.

لەبـەر ئـەوە، ئەگـەر بـارودۆخی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـەبێ گـۆڕان بمێنێتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کردەوەی تۆڵەکردنەوەی زیاتر و زیـاتر ڕوو بـەڕووی ئـەمریکا و ڕۆژئـاوا ببێتـەوە....ئـەم بـارو دۆخـە سـەخت و نالـەبارە بوەتـە هـۆی ئـەوەی (٥١٪)ی لاوانـی عـەرەب ئـارەزوی کۆچـکردنیان هـەبێ بـۆ وڵاتـانی ڕۆژئـاوا. [٢٣] بـەردەوام ئارەزوەکان و هەوڵی کۆچکردن بۆ ڕۆژئاوا زیاتر دەبێ... بە سروشتی حاڵ ئەمانە کە کۆچ دەکەن بۆ ڕۆژئاوا کەلتور و سایکۆلۆژیەتێکی بـێ

ئومێد و هیوابڕاو لەگەڵ خۆیان دەبەن، بەو پێیەش دەبنە مەترسی بەسەر سیستەمی ژیان و بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوە.

دەقی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، لە دیاریکردنی ڕادەی مەترسی بەردەوامی ئەم حاڵەتەدا دەڵێت:(تا ژمارەی ئەوکەسانە زیاتر بێت کە بێ بەشن لە مافە سیاسی و ئابوریەکانیان لە ناوچەکەدا، ئەوەندەش توندوتیژی و تیرۆر و تاوانی نێو دەوڵەتی و کۆچی نایاسایی مەشروع زیاتردەبێت) هەروەها دەنوسێت (بێگومان ئەوەش هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆسەر ئۆقرەیی ناوچەکە و ، بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی وڵاتانی گروپی ٨) [٢٤]

جۆرج بۆشی سەرۆکی پێشوی ئەمریکا، لە بڕگەیەکی دیکەی هەمان ئەو و تارەیدا کە کەمێك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر دەربڕی لەو مەترسیە کرد و دانیشی نا بە(بەرپرسیارێتی ئەخلاقی) ڕۆژئاوادا سەبارەت بەو بارە ناهەموارەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەچاودێری ڕۆژئاوا، ڕژێمە دیکتاتۆریەکان دروستیان کردوە و لەو بارەیەوە گوتی:(سازشکردن و چاوپۆشیکردنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر نەبوونی ئازادیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە درێژایی شەست ساڵی ڕابردوو،شتێکی وای بۆ دەستەبەر نەکردین کەوامان لێ بکات لە ئارامیدا بژین، چونکە لە ماوەی دووردا سەقامگیری و ئۆقرەیی ناکرێت لەسەر حسابی ئازادیەکان، بۆیە چەندە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەیەك بێت ئازادیەکان تیایدا گەشەنەکات، ئەوا لە هەماکاتدا جێگەیەك دەبێت پڕ لە گرژی و هەستی ڕق لێبون و توندوتیژی ئامادەکراو بۆ هەناردەکردن، بۆ دەرەوەی سنورەکانی ناوچەکە. لەگەڵ هەبوونی

چەکی کۆمەڵکوژیش کە دەگونجێت کارەسات بەسەر وڵاتەکەمان و هاوڕێکانماندا بێنێ، ئەوا ستەمە بە بارودۆخی ڕاهێنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قایل بین).

ئەم ناتەواویانە کە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکەدا دەبینرێن، بەشی یەکەمی ئەو هۆکارانە پێك دێنن کەوا لە ئەمریکا دەکەن، پرۆسەیەك پێڕەوبکات بە مەبەستی گۆڕینی سیماکانی ناوچەکە (دیارە بە گوێرەی مۆدیل و بەرژەوەندی و ستانداردەکانی خۆی)....

## دووەم/ لەئاستی ناهاوسەنگی (ناتەواویی)یەکانی پێکهاتەی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانیدا:

لە دیدی ئەمریکادا،ڕستێ هۆکار و پاڵنەر هەیە کە لە سەر ئاستی پێکهاتەی هەرێمایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەمریکیەکان، چارەسەری بەشێکی زۆر لە کێشە (ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە) و (چارەسەری هەڕەشەکانی سەر سیستەمی ئەمنی جیهانی) ببەستنەوە بەگۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. لە دیارترین ئەو هۆکارانە، ئەمانەی لای خوارەوەن:

١) پرۆسەکەی (ئەمریکا) وای نیشان ئەدات کە سنوری نێوان وڵاتانی ناوچەکە تەواونیە و دوا وێناکردنیش نیە، بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا. (٢٥) دابەشکردنی وڵاتانی ناوچەکە

بـەو شـێوەیەی کـە لـە ڕێکـەوتنی (سـایکس–بیکـۆ) داهـاتوە و تاهەنوکـەش بەرقـەرارە، جـۆرێ لـە ناهاوسـەنگی لـە ئاسـتی هەرێمایەتیدا هێناوەتە کایەوە، جگە لەوەش هۆکارەکانی نـائۆقرەیی بەکراوەیی بەجێ هێشتوە. بەبێ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزێتـەوە. بۆ نمونە: ئەم وێناکردنە بوەتە هۆی بەجێهێشتنی کێشەی سنوری لە نێوان ئەم وڵاتانەدا:

- عێراق –ئێران (کێشەی شەتولعەرەب).
- عێـراق –کوەیـت (کێـشەکانی تایبـەت بەخاوەنـدارێتی کێڵگـە نەوتیەکانی ڕومێلە).
- سعودیە–یەمەن (کێشە سنوریەکانی ناوچەکانی باشـوری ڕۆژهـەڵاتی سعودیە).
- ئێران–ئیمارات (کێشەی خاوەندارێـتی لەسـەر دوورگـەکانی تـونبی گەورە، تونبی بچوك، ئەبوموسا).
- تورکیا–سوریا (خاوەندارێتی لەسەر لیوای ئەسکەندەرونە).

ئەمانە چەند نمونەیەك بوون لەسەر ئەو کێشەو ناکۆکیانەی کـە بـەبێ چارەسەر ماونەتەوە. ئینجا ئەم کێشانە بە درێـژایی مـاوەی ڕابـردوو، بونەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی چـەندین (نـاکۆکی چـەکداری) لـە نێـوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا کە دواجـار ئـەو ناکۆکیانـە نـەك تـەنها بوونەتـە هۆی وێرانکاری لە ناوچەکەدا، بەڵکو بوونەت هۆی هەڕەشـەی ڕاسـتە و خۆش لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و تەنانەت هەڕەشـەی ڕاسـتە و خۆیشی لەسەر (بەرژەوەندیە ئابوریـەکانی ڕۆژئـاوا) دروسـت کـردوە. وەك لـە داگیرکردنـی کوەیـت (٢/٨/١٩٩٠)دا بینـرا، کاتـێ سـوپای

عێراق(بە بیانوی کێشەی خاوەنداریێتی چاڵە نەوتەکانی ڕومێلەوە) سەرچاوەکانی پترۆڵی لە کوەیتدا کۆنترۆڵکرد و لە ئەنجامیشدا بەهۆی گەمارۆکانی سەر عێراقەوە کە بەگوێرەی بڕیاری (٦٦١)ی (١٩٩٠/٨/٦) ئەنجومەنی ئاسایش پەسەندی کرد، هەناردەی نەوت و هەموو بەروبومێکی عێراقی و کوەیتی بەرەو ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکەی جیهان ڕاوەستا [٢٦]

هەر کێشەکانی تایبەت بەسنور و دەرهاویشتەکانی بویە هۆی هەڵایسانی جەنگی نێوان (عەرەب–ئیسرائیل) لەساڵی (١٩٧٣) دا، کە بە هۆیەوە وڵاتانی عەرەبی، پەنایان بردەبەر ڕاوەستاندنی هەناردەی پترۆڵ بەرە و ڕۆژئاوا و ئەمریکا، لە ئەنجامیشدا گەورەترین ئاریشتەی ئابوری ڕووی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد.

لەوەی ڕابورد تێدەگەین، کێشە سنوریە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو مینی چێندراو ، ئەگەری ئەوە هەیە لە هەموو چرکەیەکدا بتەقێتەوە و چارەنوسی ناوچەکە و سیستەمی ئاسایشی ئابوری و ئاسایشی وزەی جیهانیش بەرەو نادیار و مەترسیەکی بێ قەیدوشەرت بەرێ. جا ئەگەر (بەهەر هۆیەك) لە ڕێکەوتنی (سایکس–بیکۆ) و قۆناغی ئیمپریالیزمی فەرەنسی – بەریتانیدا، ئەوکێشانە تاهەنوکە بەبێ چارەسەر بەجێ هێڵرابن، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لە قۆناغێکی تری مێژوی ناوچەکەدا و لە پەنای سیستەمێکی تازەی جیهانی تاك جەمسەریدا ئەو کێشانە چارەسەربکرێن؟.

٢) وێناکردنی سنوری ئێستای نێوان وڵاتان لەسەر بناغەی دەرك نەکردن بووە، بە مەترسی دابەشکردنی نەتەوەکان بەسەر دوو

لاتەنیشتی هێڵە سنوریەکاندا... ئەم ناتەواویە دوو گرفتیان لێکەوتۆتەوە:

أ) ستەمێکی مێژویی لە نەتەوە دابەشکراوەکان کراوە..

ب) بوەتە هۆی دروست بونی (خەلەلی وەزیفی) لەناو دەوڵەتانی ناوچەدا (بەتایبەت ئەو دەوڵەتانە کە ئەم حاڵەتەیان تێدا دەبینرێ وەك: سوریا، تورکیا، عێراق، ئێران....).

خەلەلەکەش خۆی لە ستەمکردنی ئەودەوڵەتانەدا دەبینێتەوە، لەو هاولاتیانەی کە بەحوکمی وێناکردنی سنورەکانەوە لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا بوونەتە کەمینە... لە مێژوی ئەم ناوچەیەشدا ئەو ستەمە لە چەندین بەرگدا خۆی نمایش کردوە (وەك زەوتکردنی مافەسیاسی و مەدەنیەکان) و تەماشاکردنی کەمایەتیەکان وەك هاولاتی پلە دوو (لە سوریاو تورکیا بۆ نمونە) توندوتیژترینی ڕواڵەتی ستەمەکەش بریتی بووە لە پاکتاوکردنی ڕەگەزی کە لە دژی کورد لە عێراقدا پێڕوکرا.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد (cold war) ، لە هەندێ ناوچەی جیهاندا ئەزمونەکانی (دابەشکردنی نەتەوەکان بەسەر دوو لاتەنیشتی سنورەکان)دا پوچەڵکرانەوە (وەك ڕوخانی دیواری بەرلین (١٩٩٠)، یەکگرتنەوەی یەمەنی باشور و یەمەنی باکور ١٩٩٤... هتد) بەوەش کۆتایی بەو ستەمە (سیاسی و کەلتوری و عاتیفی و مرۆیی ....هتد)انە هێنرا، کە لەو ناوچانەدا، نەتەوە دابەشکراوەکان بە دەستیانەوە دەیان نالاند. بۆیە لۆژیکی ترین پرسیارێ کە لێرەدا سەرهەڵئەدات ئەمەیە: چ ڕێگرییەکی ئەخلاقی هەیە گەر بە هەمان سۆنگەوە نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش هەڵبوەشێنرێتەوە و

دواتر وێنا بکرێتەوە؟ بە تایبەت کە دەبینین ئـەم نەخـشەیەی ئێـستا بەرهـــەمی لەچـــاخ و مـــۆدیلی گلۆبالیزەیـــشنە... شـــالاوەکانی جیهـانگیریش لـە زۆرناوچـەی دیکـەی جیهانـدا بونەتـە هـۆی گـۆڕینی مۆدیلە سیاسیەکان (١ وەك ڕژێمەکان، یان وەك نەخـشەی ولاتـەکان) نمونەی ئەم حاڵەتەش زۆرە، وەك ئەم چەند نمونەیەی خوارەوە:

ا- گۆڕینی نەخشەی ئەندەنوسیا و جیابونـەوەی هـەرێمی (تـەیموری خۆرهەلات) لەو ولاتە.

ب- گۆڕینی نەخشەی یەکێتی سۆڤیەت و لەت و پـەتکردنی بـە هـۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ولاتانی ژێردەستەلاتیەوە.

ج- لە ئەوروپاشدا، لە پاش ئەوەی (پـەیمانی نـاتۆ) بـە شـێوەیەکی سـەربازی لـە سـاڵی (١٩٩٦) بـە سـەرۆکایەتی ئـەمریکا ڕوو بـەڕووی دەسـتەلاتی دیکتـاتۆری یوگسلاڤیا بویـەوە، لـە ئەنجامـدا نەخـشەی ولاتەکەشی گۆڕاو ئەو ولاتە بویە چواربەش (بۆسنە و هرسك، سـربیا، جەبەل ئەسوەد، کۆسـۆڤۆ). بـەوەش دوایـەمین قـەلای کۆمـۆنیزم لـە ئـەوروپادا لـە نێـوبرا کـە بەربـەرەکانێی مـۆدیلی نـوێی جیهـانگیری ڕۆژئـــاوای دەکـــرد و بـــەکردەوەش ســـتەمی بەرهـــەم هێنـــابوو دژی موسوڵمانانی بۆسنە و هێرسك.

د- گۆڕینی نەخشەی سودان و جیابوونەوەی باشوری سودان.

لە پاش سەرنجدانی ئەو نمونانە، دەکرێ بپرسـین: ئەگـەر نەخـشەی ئەو ولاتانە هیچ پیرۆزیەکی لە دیدی نەخشەڕێژانی بڕیار لە سیستەمی نـوێی جیهانیـدا نـەبوو بـێ، لەبـەر ئـەوەی بەرژەوەندیـە مـادی و مەعنەویەکانی ئەوانی تێدا دابین نەدەبوو، ئایا بەچ کلۆجێك نەخشەی

ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بەلایانـەوە پـیرۆز دەبێـت؟ لـە کاتێکـدا ئـەم نەخشەیەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش (لەدیدی ئەوانـدا) زیـانی گـەورەو مـەزن ئـەدات لەسیـستەمی ئاسایـشی جیهـان و لـە ئاسـتی ناوخۆی وڵاتەکانیشدا مرۆڤگەلێکی بێ هیـوا و ئومێـد ڕوخـاو دروسـت دەکـات، کۆمەڵگەیـەکی بارگـاوی بـە کـەلتوری تـیرۆری ئامـادە بـۆ هەناردە کردن بۆ دەرەوەی سنورەکانی ناوچـەکانیان پێـك دەهێنـێ (ڕووداوەکەی ١١/سێپتەمبەر لەم ڕوەوە بەڵگەیە). ئایا هەست ناکەین نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست موعەڕەزترە بـۆ گـۆڕین؟ ئایـا هەسـت ناکەین ئەم پاساوانە بەسبن بۆ گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە؟.

٣) سێ یەمین هاندەرو فاکتەر لەم ڕووەوە بریتیـە لـە دابـین نـەکرانی (بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەت و ئیـسرائیل بەتایبـەتی تـر) لـە ژێرسـایە و سـێبەری ئـەم نەخـشەیەی ئێـستادا. چونکە بە هۆی لێکخشانی دەوڵەتانی ناوچـەکەوە لەسـەربناغەی ئـەم نەخشەیە، تاکوئێستا لە ناوچەکەدا لە ماوەی کـەمتر لـە (٥٠سـاڵ) دا پێنج جەنگی گەورە ڕوویانداوە کە ئەمانەن:

ا) جەنگی عەرەب–ئیسرائیل (١٩٤٨).

ب) جەنگی عەرەب–ئیسرائیل(١٩٦٧).

ج) جەنگی عەرەب– ئیسرائیل(١٩٧٣).

د) جەنگی کەنداوی یەکـەم(ئێـران– عێـراق) لـەماوەی (١٩٨٠/٩/٢٢–١٩٨٨/٨/٨)

و) جـەنگی کەنـداوی دووەم(عێـراق– هاوپـەیمانان) و درێژبوونـەوە و دەرهاویشتەکانی لەماوەی (١٩٩٠–٢٠٠٣).

جگه له شەڕی یەکەمی کەنداو(عێراق– ئیران) ئیدی چوار جەنگەکەی تـر لـە ناوچـەکەدا لـە دژی بەرژەوەندیـە ڕاسـتەوخۆ یـاخود ناڕاسـتەوخۆکانی ڕۆژئـاوا بـوون[٢٧]... لـە ئـەنجامی هـەرکام لـەو کێشانەدا سیستەمی ئەمنی ناوچەکە بە تـەواوی تێکچووە و هەنـدێك جار خەریك بووە بگاتە ئاستی سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕی سـەرتاپایی لـە ترازووی هێزەکان لە ناوچەکەدا. هەندێ جاری دیکـە، کێشە بەرهـەم هاتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڕەشەی جیـدییان لەسـەر ژیـانی ئـابوری و پیـشەسازی لـە ئـەمریکاو ڕۆژئـاوادا دروسـتکردووە(وەك: ڕاوەسـتاندنی هـەناردەی پـترۆڵ لەسـاڵی ١٩٧٣دا کـە بویـەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی سەختی وزە لە ئەمریکادا).

لە هیچ جێگەیەکی تری جیهاندا و لە ماوەیەکی زەمەنی پێوانەیی بەو شێوەیەدا، کێشە سنوریەکان نەبونەتـە هـۆی لەرزانـدانی سیـستەمی ئاسایشی جیهـان... ئەمـەش گـەر بەڵگـە بێ لەسـەر شتێ، بەڵگەیـە لەسەر ئەوەی کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکردەوە شکست و سەرنەکەوتنی خۆی سەلماندووە و ، ئەوەی سەپاندووە بەسەر لایەنە پەیوەندی دارەکاندا کە هـەوڵی بـەدیهێنانی ئەلتـەرناتیڤێك بـدەن بـۆ ئـەوەی جێگـەی ئـەم نەخـشەیەی ئێـستا بگرێتـەوە، بـە مـەرجێ وێناکردنـەوەی داهـاتوو، پێکـەوە نوسـان و لێکخشانی دەوڵەتـەکانی ناوچەکە لێك بترازێنێ و گـۆڕانێکی چۆنایەتی تێدا دروسـت بکـات... لەوانەیە دابەشکردنی عێراق بۆ (سێ قـەوارەی سـەربەخۆ) کـە بـە بـە هێزی وەکو ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەکانی عێراق کە لە واشنتۆندا تەرح کراو،لەکۆنگرێسیـشدا(٢٠٠٧/٩/٢٦) پەسـەند کـرا... [٢٨] بەشـێك لـە ڕووکارەکانی ئەو گۆڕانـە نەوعیـە لـە ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا بەدی بێنێ.

٤)لەناو نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەندێ وڵات دروستكران كە لە سەرەتاوە بوونە هاوپەیمانی ڕۆژئاوا وەك (ئیسرائیل، توركیا، عێراق، ئێران، ئوردون... هتد)، بەڵام هەندێ گۆڕانكاری سیاسی و كۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا ڕوویدا كە بوە هۆی گۆڕانی ئەو هاوپەیمانێتیانە بە باری دژایەتی كردنی ئەمریكا و ڕۆژئاوادا. بۆ نمونە:

عێراق هاوپەیمانی ئەمریكا و ئەندامی دامەزرێنەری هاوپەیمانی بەغدابوو. كەچی بەهۆی شۆڕشی (١٩٥٨)ەوە سیستەمی سیاسی عێراق گۆڕاو،ڕژێمی كۆماری دروستكرا، ئەم ڕژێمە بە حوكمی پەیوەندی ئایدۆلۆژی بە كامپی سۆسیالیستی سۆڤیەتیەوە، لەو هاوكێشەی هاوپەیمانێتیە چوە دەرێ و پەیتا پەیتا لە بازنەی دۆستایەتی ئەمریكا دووركەوتەوە. بەوەش ئەمریكا یەكێك لە پێگەكانی هاوپەیمانێتی لە ناوچەكەدا لەدەست دا.

ئێرانیش هاوپەیمانی گرنگی ئەمریكا بوو، ئەمیش ئەندامی هاوپەیمانی بەغدابوو، كەچی بەهۆی سەركەوتنی شۆڕشی ئیسلامیەوە (١٩٧٩) بە تەواوی لەو هاوپەیمانێتیە دووركەوتەوە و بگرە كەوتە دژایەتی كردنی ئەمریكاش بەهۆی ئەم ئاڵوگۆڕەشەوە ئەمریكیەكان دووەمین پێگەی ستراتیژی هاوپەیمانێتیان لە ناوچەكەدا لەدەستدا.

توركیا، دووەمین هاوپەیمانی ئەمریكا لە ناوچەكەدا (لەدوای ئیسرائیل)، وەك بینیمان لەساڵی (٢٠٠٣) دا... پشتی هاوپەیمانیەكەی بەردا. ئەم ڕوداوەش سەلماندی كە ئەمریكا لە ناوچەكەدا هاوپەیمانی ستراتیژی نیە... (كۆلن پاول) وەزیری پێشوی

دەرەوەی ئەمریکا لەو بارەیەوە گوتی:(تورکیا هاوپەیمانێکی لاوازە، پێویستە ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەدوای هاوپەیمانی نویٚ دا بگەڕیٚ).

سەرنج لەو دەربڕینەی (پاوڵ) بدە:(پێویستە ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە دوای هاوپەیمانی نوێدا بگەڕیٚ) ئەوەی لێرەدا گرنگە هەر دوو شەی (گەڕان) و (هاوپەیمانی نویٚ) یەك مانـاو دەلالـەتی قـوڵ دەبەخشن. مەبەست لە گەڕان دۆزینەوەی کارتێکە کە تا ئێستا لە بـواری هاوپەیمانێتیـدا ئازمـایش نـەکرابیٚ... پـسپۆڕانی بـواری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی دۆزینـەوەی ئـەو هاوپەیمانـە نوێیـە لەناوچەکەدا بەوە لێك دەدەنەوە کە ئەمریکا لە وێناکردنەوەی ئەمجارەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەقیقەتـە دیمـوگرافی (نەتەوەیی، ئاینی، مەزهەبی) یەکان لەبەرچاو دەگریٚ[٢٩] چونکە لەو حاڵەتـەدا کارەکتـەری نـویٚ (هاوپـەیمانی نـویٚ) لەسـەر نەخـشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەکەون کە تا ئێستا بوونیان وەکو دەوڵەت لە بەرژەوەندی ئاسایشی جیهان و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا تاقی نەکراوەتەوە.

*   *   *

ئەمانەو چەندین هۆکاری دیکە (لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاستی هەرێمایەتی) بوونەتە هۆی دروست بـوونی بڕوایـەك لـە واشـنتۆن، کـە لەلایـەن ناوەنـدە فـەرمی و توێژینـەوەیی و کەسـایەتیە سیاسـیە باڵاکانـەوە زۆر بـە تونـدی پشتگیری لێدەکرێت، بڕواکە بوەتە بیروڕای تەوژمێکی بەهێز لەنێو ناوەندەکانی بڕیاردان لە واشنتۆن، کە ئەم ڕەوتە پێی وایە، پێویستە نەخـشەی سیاسـی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت گـۆڕانی جەوهـەری

تێدابکرێ... به جۆرێ گۆڕانەکە ببێتە هۆی دابین کردنی بەرژەوەندیە زیندییەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و پاراستنی سیستەمی ئاسایشی جیهان.

پێشکەشکردنی پرۆسەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە) بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەبوو... ئێمە لەبەشی داهاتوودا لە کاریگەریەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەکە دەکۆڵینەوە... لە ئاستی ناوخۆیی وڵاتەکان و ئاستی هەرێمایەتیدا (گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە). لە بەشی داهاتودا لەوە تێدەگەین کە پێشکەشکردنی پرۆسەیەکی وا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نیازی گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە چوەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. بەڵام لەو حاڵەتەشدا ئێمە هەردەبێ بزانین ئایا گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە چ ئامانجێ دەپێکێ؟ چ بەرژەوەندیەك مسۆگەر دەکات؟ چ گۆڕانکاریەکی نەوعی دێنێتەکایەوە؟... چ شاییەك پڕدەکاتەوە؟.

لە بەشی داهاتودا هەوڵ ئەدەین بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

## بەشی سێیەم

# ئەدگارە بەراییەکانی گۆڕینی سیمای ناوچەکە

بەگوێرەی ئەوسیاقە تیۆری و مێژووییەی کە لە بەشی یەکەمدا ڕونمان کردنەوە، هەروەها لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەبەشی دووەمدا بە کورتی ئاماژەمان پێدان، تێگەیشتین گۆڕینی سیمای سیاسی ناوچەکە (بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە) بوەتە پایەیەکی سەرەکی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە ئێستادا پیادە دەکرێت... بێگومان لەبەر هەمان ئەو (ئیعتیبار) انەی کە لە هەردوو بەشی پێشودا ئاماژەمان پێکردن، ئەم گۆڕانە بوەتە یەکێك لە ئەولەویاتەکانی دیاریکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا...

بەلام پرسیارێکی لۆژیکی کە لێرەدا ڕوو بەڕووی هەر توژەرێك دەبێتەوە، ئەم پرسیارەیە کە دەڵێت: ئەگەر بڕوامان بەوە هێنا کە ئەمریکیەکان نیازیان وایە سیمای ناوچەکە بگۆڕن، و ئەو گۆڕانکاریە بەیەکێك لە پایە سەرەکیەکانی دیاریکردنی بەرژەوەندیەکانیان دەبینن لە ناوچەکەدا،ئایا چۆن دڵنیابین لەوەی لەم قۆناغەمێژووییەدا کە هەنوکە تیایدا دەژین، پلان و نیازەکانی گۆڕینی ناوچەکە خراونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟ چ بەڵگەو ئاماژەیەك لەسەر وەگەڕکەوتنی شەمەندەفەری گۆڕانەکە لە ئارادایە؟ ئایا ئاماژەکان ئەوە دەسەلمێنن کە گۆڕانەکە لە شەقڵە سیاسیەکەیدا، لەم قۆناغە مێژووییەدا جێبەجێ دەکرێت؟ یان پیادەکردنی گۆڕانی سیاسی

دەکەوێتە دوای گۆڕانە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانەوە و ، جێبەجێ کردنی ئەویان ڕادەوەستێتە سەر بەرەنجامی هەوڵەکانی گۆڕانکاریە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان؟.

## تێبینیەك:

بەرلەوەی دەست بە وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارانە بکەم، دەمەوێت مەبەست لە گۆڕینی سیمای سیاسی، یاخود نەخشەی سیاسی. ڕوون بکەمەوە....دیارە کە دەگوترێت نەخشەی سیاسی، لە ماناو باوەکەیدا مەرج نیە. تەنها نەخشەی سیاسی وڵاتەکانی ناوچەکە بگرێتەوە، بەڵکو ئەو دەستەواژەیە ئەو هاوپەیمانێتی و قاڵبانەش دەگرێتەوە کە ڕژێمەکانی ناوچەکە پیادەی سیاسەتەکانی خۆیانی لێوە دەکەن. بۆ ڕوون بوونەوەی مەبەست دەکرێ بڵێین: گۆڕینی ڕژێمێکی دیاریکراو لە وڵاتێکدا، مانای گۆڕینی نەخشەی سیاسی لەو وڵاتەدا دەبەخشێ، ئەگەرچی نەخشەی وڵاتەکەش لەسەر(ئەتڵەس) نەگۆڕابێ.

گۆڕینی مۆدیلە سیاسیەکان و هاوپەیمانێتیەکانیش. دەچێتە هەمان قاڵبەوە... بەڵام بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە (وەك لەم بەشەدا ڕوونی دەکەینەوە) مەبەست لێی گۆڕینی سنوری سیاسی وڵاتەکانی ناوچەکەیە نەك بە تەنها گۆڕینی ڕژێم و مۆدیل و نەخشەی هاوپەیمانێتیە سیاسیەکان لە ناوچەکەدا: پسپۆڕانی بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: هەرچەندە دەوڵەتێك مەرام و نیازەکانی لە قاوغ و بەگوێرەی پاساوی زمان و ئیتنیك و مێژو، یان ئابوری و ستراتیژیدا پێشکەش بکات،

سەرجەم ئەم پاساوانە هیچ نرخێکیان نابێ ئەگەر هێزێك پشتگیری نەکات، هێزێ کە بتوانێ داڕشتنەوەی سیما هەرێمایەتیەکان بەسەر لایەنەکاندا بسەپێنێ... ئەمەش بەوپێیەی کە دابەشکردنی سنورە سیاسیەکان بەرەنجامی مادی ململانێی هێزەکانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. کەواتە بانگەشەی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری... هتد. هیچ بەهایەکی نابێ، ئەگەر هێزێك نەبێت پشتگیری گۆڕینی ئەو سنورە سیاسیانە بکات.

بوونی هێز بۆ گۆڕینی سنورە سیاسیەکان، یەکێکە لە مەرجە پێویستیەکانی گوزەرپێکردنی مەرام و نەخشەکانی دەوڵەتان... بەم پێیە دەڵێم: خەسڵەتی زاڵی پرۆسەکانی گۆڕان، گۆڕینی سنورە سیاسیەکانە. یان بوونی ئیرادە و خواستێکی زاڵە بۆ گۆڕینی سنورە سیاسیەکان... ئەمەش کورتەیەك بوو ڕوکارەکانی لێکچون و جیاوازی هەردوو دەستەواژەی (نەخشەی سیاسی) و (سنوری سیاسی). کە لەم چەند دێڕەدا وەك تێبینی ئاماژەم پێدان..

هەنوکەش دەگەڕێمەوە سەر وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەمەوبەر پێشکەشمان کردن. سەبارەت بەو ئاماژە و بەڵگانەی کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بە گەڕکەوتنی شەمەندەفەری گۆڕانەکە... دەڵێم دەتوانین لەدوو ڕووەوە، پەی بەرین بە هەبوونی جموجولێکی جیدی (بەڵام هیواش) بۆ ئەم گۆڕانە دەکرێ. ئەو دوو ڕوکارە بەم شێوەیە ڕیز دەکەین:

### ١) ناوچەکە و بەکار بردنە دوور مەوداکانی( هێزی نەرم-soft power ):

لەبەر ئەوەی، ئەوەی ڕوودەدات لەم ناوچەیەدا، جێبەجێ کردنی ئالۆز و وردی دوور مەودای پرۆسەی گۆڕینی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە، ئەوا پێویستە بزانین ئەم پرۆسەی گۆڕانە هەندێ میکانیزمی بۆ دیاری کراوە. شەقڵی سەرەکی پیادەکردنیشی بەشێوەی جەنگ نیە. بەڵکو بە بەکارهێنانی هێزی نەرمە... ئەم هێزە کاری خۆی لە دەرەوەی سنوری دەوڵەتاندا ناکات، بەڵکو هێڵێکی بەرەنگاربونەوە لەناو خۆی وڵاتەکاندا دروست دەکات، بە گوێرەی ئەو خاڵە لاوازانەی کە لە بونیادی دەوڵەتەکەدا هەن و بە هەموویان کە لێنێك دروست دەکەن لە دیواری لاوازی بەرگری هەر دەوڵەتێکدا...

نوسەری ئەمریکی (کنیس بۆلاك) لە کتێبەکەیدا (العاصفە الوشیکە) کە چوار مانگ بەر لەدەست پێکردنی جەنگی عێراق بلاوکرایەوە، پێشبینی هەرەسێکی دەستوبرد و خێرای عێراق دەکات، نەك تەنها بەهۆی قەبارەی ئامادەباشیە سەربازیەکانی ئەمریکاوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕژێمی خۆسەپێنی تاکەکەسی لە بەغدا، دەوڵەتەکەی ئامادەکردبوو بۆ ڕوخانێکی خێرا، لەگەڵ بچوکترین گورزدا کە لە دەرەوە لێی بوەشێنرێ... چونکە لە کاتێکدا دیموکراسیەت بوونی نەبێت، هێزەکانی بەرگری کردن لە دەوڵەتیش بونیان نابێت. لەو بارەدا هەموو سەرکردە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت بە پێوەرەکانی دۆستایەتی کردن بۆ تاکەکەسی دەستەلاتدار دیاری دەکرێن، ئەمەش فەلسەفەیەکە تەواو جیاوازە لە فەلسەفەی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت. جگە لەوە لەنێو ئەو ڕژێمانەدا

تاکڕەوێتی لە بڕیاردەرکردندا هەیە و میکانیزمی دروستکردنی بڕیار لە گۆڕێدا نیە، تاکی دەستەڵاتدار، پەراوێزێ لە دەست و پێوەند دەوری دەدەن کەهیچ لەبارەی جیهانی دەرەوە نازانن، بەبارەکەی تریشدا، دوو ڕوویەکی زیاد لەپێویستی سیاسیان هەیە. هەموو پۆستە ئابوری و سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و میدیاییەکانیش (کە بە هەموویان هێڵێکی بەرگری و پێگەی هێزی دەوڵەت بنیات دەنێن) لێهاتوترین کەس بەڕێوەی نابات، بەڵکو دوو ڕووترین کارەکتەری سیاسی بەڕێوەی دەبات، واتە ئەو کەسەی کە لە هەموان بەتواناترە لەوەی خۆی بخاتە خزمەتی تاکەکەسەوە، بەرلەوەی خۆی بخاتە خزمەتی دەوڵەتەوە...

بەو جۆرە عێراق(بەپلەی یەکەم و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەپلەی دووەم) دەوڵەتێکی ئامادە بۆ داڕوخان و هەرەسیان دروستکردوە، داڕوخان لەناوەوە... ئەمەش یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکیەکانی هەڵبژاردنی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ جێبەجێکردنی تیۆری(لێدانی خۆپاراستن) کە بووەتە یەکێك لە پرەنسیپە تازەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا... (٣٠)

لە پێناوی دروستکردنی ئەم گۆڕانە لە ناوەوەدا، ئەمریکا چەند پرۆسەیەکی پێشکەش کردووە و حاڵی حازر کاریان لەسەر دەکات... دیارترین ئەو پرۆژانەش بریتین لە:

### ١) پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە:

ڕەگ و ڕیشەی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ بیردۆزەکەی (بەرنارد لویس) ئەم تیۆرەش لەسەر گریمانەیەك بونیات نراوە کە دەڵێت:(ڕۆژئاوا بە کۆتا قۆناغی ململانێ لەسەر زاڵبون و پەیداکردنی

هەیبــەت لــە نێــوان خــۆیی و جیهــانی ئیــسلامیدا تێدەپــەڕێت... ڕووداوەکەی ١١ی ئەیلولیش، یەکـەمین گوللـەی جـەنگی کۆتـایی نێـو ئەم ململانێ شارستانیە دوور و درێژە بوو)... (٣١)

هەرچــی دەستەواژەکەشــە وەکــو مەقولەیــەکی سیاســی، لەلایــەن هەریـەك لـە (تیـۆدۆر هرتـزل) دامەزرێنـەری بزوتنـەوەی زایـۆنیزم و (شـیمۆن پێرێـز)ی سـەرۆك وەزیرانـی پێـشوترو سـەرۆکی ئێـستای ئیــسرائیلەوە بــەکارهێنراوە، پێرێــز پــەرتوکێکی نوســیوە بــە ناونیـشانی(ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی نـوێ)وە... هرتـزلیش ناوچـەکەی ناوناوە (کۆمۆنوێلسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەرکردایەتی دەوڵـەتی ئەشکەنازی)... بەڵام وەکو پرۆسەیەکی کرداری و فراوان و ئامانجدار لەلایــەن ســەرۆکی پێــشوی ئــەمریکا(جــۆرج دەبلیــو بــۆش)ەوە لــەڕۆژی(٢١/٩/٢٠٠٤)دا ، لەوتارێکیـدا لەبـەردەم کۆمەڵـەی گـشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیەنرا.

ئەم پرۆسەیە لەناوەڕۆکدا کاردەکات بۆگـۆڕینی بـارودۆخی ڕاهـێن لـە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، بـەو پێیـەش بـە یـەکێك لـەو لایـەن و ڕوکارانەی (هێزی نەرم) لـە قەڵـەم ئـەدرێت کـە لـە ناوچـەکەدا کـاری پێدەکرێت و ئەو کەلێن و لاوازیانـەش دەقۆزێتـەوە کـە لـە هێڵـەکانی بــەرگری و (ممانعــە)ی نێــو پێکهاتــەی سیــستەمە سیاســیەکانی ناوچەکەدا بەدی دەکرێن... بە تایبەت لەم ڕووانەوە:

ا) دیموکراســیەت و مافــەکانی مــرۆڤ، یــاخود ئــەوەی کــە نــاونراوە (حوکمی باش) ئەم واژەیەش پێویستی بەڕاڤـە و دونیابینیـەك هەیـە کە وشیاری ئێستای ڕژێمە دەستەڵاتدارەکانی ناوچەکە تێپەڕێنێ.

ب) کۆمەڵگەی مەعریفی، مەعریفەیش لێرەدا پێویستی بە کاریـەکی جیاواز لەسروشتی هەنوکە و وشیاری و دەلالەتەکانی هەیە.

ج) ڕیفۆرمی ئـابوری (فراوانکردنـی هـەل و دەرفەتـە ئابوریـەکان).... بێگومان ئەم گرێیەش لە ئاستی ئەو تێگەشتنە ڕوکەشە بـاوە قـوڵترە کە لە نێوان هەردوو چەمکی ئـابوری ئـازاد و ئـابوری سۆسیالیـستیدا بەرهەم هاتوە و لەو بەراوردکاریە کلاسـیکیەش دورتـر پـەل دەهـاوێ کە سەبارەت بەگونجان و نەگونجانی هەریەك لەو دوو مۆدیلە ئابوریـە دەکرێ. (٣٢)

لەڕاستیدا هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لە کۆتاییدا گـۆڕانێکی چـلۆنایەتی دێنێ بەسەر سیستەمە سیاسیەکانی ناوچەکەدا. بـەڵام وەك دەبیـنین پێـداگری تێـدا نـابینرێ لەسـەر گـۆڕینی سـنورە سیاسـیەکان، بـەو ئەندازەیـــەی کـــە لـــە پرۆســـەی ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتی نوێـــدا بەرچـاودەکەوێت... لەبـەر ئـەوە پێویـستە لـەو پرۆسـەی دووەمـیش سەرنج بدەین.

## ٢) پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ:

دەکرێ ئـەم پرۆسـەیە بەڕونوسـێکی هـەموارکراو، پێـشخراو، ڕونـتر و وردە کارانە تـری پرۆسـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گـەورە لـە قەڵـەم بـدەین... ئـەوی لێـرەدا گرنگـە دووخاڵـە، کـە پێویـستە لەئاسـتیاندا وردەکارانە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بکەین:

أ) ئەم پرۆسەیە لە هەمان کاتدا سێ پێدراوی لەگەڵ خۆیـدا هێنـا کـە لە ڕووی کات و مەبەست و پەیامەوە هاوتابوون:

١- جەنگی (ئیسرائیل و حیزبـوڵلا) لـە(تـەمموزی ٢٠٠٦)دا هەڵگیرسـا کـە بـە سـەرەتای جموجوڵـەکان لـە قەڵـەم درا بـۆ جێبـەجێ کردنـی بەندەکانی پرۆسەکە.

٢- لـە (٢٢/تـەموز/٢٠٠٦)دا كۆنـدۆليزا ڕايـسی وەزيـری دەرەوەی ئـەمريكا، ڕاگرتنـی شـەڕی نێـوان (ئيـسرائيل-حيزبـوڵڵا) ی ڕەت كردەوە، هەروەها شەڕەكەی بەوە پێناسەكرد كە گوتی: ئـەم شـەڕە ژانی لەدايك بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێيە.

٣- لە ڕووی تيۆريـشەوە، هـەر لـە مـانگی (تـەمموز/٢٠٠٦) داپێگـەی ئـەلكترۆنی (گۆڤـاری هێـزی سـەربازی ئـەمريكی) نەخـشەی نـوێی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی بڵاوكـردەوە[٣٣] تيايـدا بـەڕوونی ئـەدگارە تازەكانی ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ئـەو گۆڕانكاريانـە ديـاری كراون كە بە سەر سنورەسياسيەكانی وڵاتانی ناوچەكەدا دێن.[٣٤]

كەواتە گرنگی و بايەخی پێشكەشكردنی ئەم پرۆسەيە لەوەدايە كە لە هەمان كاتدا هاوڕێی كۆمەڵێ جموجوڵی سەربازی (شـەڕی حيزبـوڵڵا و ئيـسرائيل ٢٠٠٦) و پێـشكەشكردنی نەخـشەيەكی نـوێ بـوو بـۆ داڕشـتنەوەی سـنورە سياسـيەكانی وڵاتـانی ناوچـەكە، كـە نـاونرا (سنورەكانی خوێن).

ب) ئەمانە لەلايەك، لەلايەكی تريشەوە، ئەم پرۆسـەيە مامەڵـە لەگـەڵ ڕاسـتيە ديموگرافيـەكان (ئـاين، زمـان، نەتـەوە) كانـدا دەكـات، لـە كاتێكـدا پرۆسـەكەی پێـشو مامەڵـەی لەگـەڵ واقيعـە جوگرافيەكانـدا دەكـرد.[٣٥] سـەربارى ئـەوەی تاهەنوكـە لەسـەر ئـەو دوو پرۆسـەيە باسمان كردەوە، وەلێ لەبەر ئەوەی هەردوو پرۆسەكە زۆر تـازەن و ، لەزۆر ڕووەوە ئەركەكانيان هاوشێوەی يەكـە، هـەروەها لەبـەر ئـەوەی زۆر بەخێرايی بەدوای يەكدا هـاتن (٢٠٠٤ و ٢٠٠٦) ئـەم ماوەيـەش لـە تەمەنی پرۆسە ئيمپراتۆريەكاندا ماوەيەكی كەمە... لەبەر هەموو ئـەم هۆكارانە دەمـەوێت كـەمێك بـەوردی لەسـەر ڕووكارەكـانی لێكچون و

جیاوازی نێوان ئەو دوو پرۆسەیە بدوێم.... وبڵێم: ئەرکی سەرەکی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، بریتیە لە:

١) دووبارە دارشتنەوەی هاوپەیمانیە ناوچەییەکان، بەدەرکردنی ئەو ڕژێم و ڕێکخراوانەی کە دژو ناتەبان لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا، لەسەرجەم هاوکێشەکانی هێز.

٢) دووبارە دارشتنەوەی دەستەڵاتە عەرەبیەکان لە ناخۆدا، لە ڕێگەی بەرپاکردنی دیموکراسیەت و ڕیفۆرمی سەرتاپاییەوە لە نێو ئەو وڵاتانەدا، کە وەکو لە پرۆسەکەدا باسکرا بوو "لە مەراکیشەوە دەستی پێ دەکردو لە ئەندەنوسیا کۆتایی دەهات".

دیارترین ئەدگاریشی بریتی بوو لەوەی بایەخی خۆی لەسەر ڕوپەڕی جوگرافی "لە مەراکیشەوەتا ئەندەنوسیا" چڕ کردبویەوە، واتە لەو پرۆسەیەدا چاکسازیەکان لەسەر بنەمای جوگرافیا دارێژرابوون. بەهاری عەرەبی یەکێکە لە میکانیزمەکانی گۆڕینی سەرتاپایی دەوڵەتە عەرەبییەکان.

لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا جۆرێ گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا هاتەکایەوە بەتایبەت لە ئاستی ڕۆشنبیری و بڵاوبونەوەی کەلتوری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا. دەستکاری کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە سعودیەدا، هەروەها ڕێگەدان بە بەشداری کردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی کوێتدا، لەم میانەدا بوو.

وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زیادەڕەوی دەکەین گەر بڵێین، پرۆسەکە لەم ناوچەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، یاخود ئامانجەکانی خۆی پێکا. باشترین بەڵگەش بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕایە ئەوەیە کە ئەمریکا" پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ"ی پێشکەش کرد، لە

کاتێکدا هێشتا پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پاشاوەکانی خۆی لە دەست نەدا بوو. بەڵام سەرەتایەك بۆ شکستی پرۆسەکە دەرکەوتبوو. بۆیە ئەمریکیەکان هەوڵیانداوە جومگە لاوازەکانی پرۆسەکەی پێشو لەڕێی ئەم پرۆسە تازەیەوە چارەسەربکەن. دەکرێت بپرسین: چ هۆکارێ وای لە ئەمریکا کرد قەناعەت بکات بەوەی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە شکستی هێناوە؟ یاخود چی بوو هانیدان کە زەرورەتێك هەیە بۆ ڕاگەیاندنی پرۆسەیەکی تازە؟.

بە بڕوای من دوو هۆکاری سەرەکی هانیدان ئەم پرۆسە تازەیە ڕابگەیەنن. دوو هۆکارەکەش ئەمانەن:

١) گۆڕانە دیموکراسیەکان لەناوچەکەدا "کە بەزۆری لەژێر فشاری ئەمریکادان" لەبری ئەوەی هەستی دژ بە ئەمریکا بنەبڕبکەن. بە پێچەوانەوە دەبنە هۆی بوژانەوەی ئەو گروپانەی کە ئەمریکا بە دوژمنی بەرژەوەندیەکانی خۆییان دەزانێت. ئەوەتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی فەلەستین بەڕێژەی ڕەها سەرکەوتنی حەماسی لێدەکەوێتەوە. یاخود هەڵبژاردنەکانی (کوێت) ئەوڕاستیەی سەلماند کە کەلتوری دیموکراسی بەئاسانی ناتوانێ ململانێی نەریتی چەندین ساڵەی خەڵکی ناوچەکە بکات، چونکە کاندیدە ژنەکان تەنها یەك کورسیشیان بۆ مسۆگەر نەکرا. بەپێچەوانەی بۆ چونی ئەمریکییەکانەوە کە پێیان وابوو بەرقەرار کردنی دیموکراسیەت لەم ناوچەیەدا تەنها لەسەر بڕیارێك ڕاوەستاوە!!. لە بەهاری عەرەبیشدا هێزەکانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی دەگەنە دەسەڵات. لەدوای گۆڕینی ڕژێمی سیاسی عێراقیش،هێزە نەریتییەکانی شیعە، یاخود داعش دەبنە

میراتگری.

٢) هەندێ ئالۆ گۆڕ کە ئەمریکا خولقاندونی، نەیارەکانی ئەمریکا سودیان لێوەرگرتوە. بۆ نمونە لە ڕوخانی ڕژێمی عێراقدا، دیاریترین بەرئەنجام ئەوە بوو کەئێران بوە هێزێکی ناوچەیی گرنگ و خاوەن هەژموون، ئەمەش پێچەوانەی نەخشەکانی ئەمریکا بوو....

هەموو ئەمانە بونە هۆی فۆرمەلەبوونی پرۆسەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ. ئەم پرۆسەیە لەلایەن" کۆندۆلیزا ڕایس "ەوە دەربڕی لێکرا، هەرچەندە بە درێژایی وردەکاریەکانی ڕون نەکردەوە. بەلام لەمیانەی ئەدای دبلۆماسیەتی ئەمریکاو شێوازی مامەڵە کردنیەوە لەگەڵ کێشەی ئێستای لوبناندا، هەرچاودێرێکی سیاسی دەتوانێت پەی بەرێت بە جومگە سەرەکیەکانی پرۆسەکە یاخود بەگرنگترین خەسڵەت و هێڵە گشتی یەکانی.

ئێمە دەتوانین دیاریترین هێڵە گشتی یەکانی بەم تەرزە دیاری بکەین:

١) دوو بارە داڕشتنەوەی هاوپەیمانیە ناوچەییەکان و لێک ترازاندنی هاوپەیمانیەکانی پێشوو.

٢) بەڕادەیەکی بەرچاو دەست بەردار بوون لەچەمکی "بلاوکردنەوەی دیموکراسیەت" لەنێو ولاتانی ناوچەکەدا. یانی لەم قۆناغەدا ئەمریکا ئەوەی بەلاوە گرنگ نیە ڕژێمەکان لە ئاستی ناوخۆی ولاتەکانیاندا چ سیستەمێ پێڕەو دەکەن. بەڵکو گرنگ ئەوەیە لە ئاستی ناوچەکەدا لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆیدابن. دەکرێ لەم ڕوەوە دووبارە نمونە بە (سعودیە) بێنینەوە.

دیارە سعودیە لە نێو پرۆسەکەی پێشودا ئامانجی سەرەکی"یان

یەکێك بوو لـە ئامانجـە سـەرەکیەکان " بۆ بـەرپاکردنی ڕیفـۆرم. بـە جـۆرێ فـشاری لەسـەر دانـرا تـاکو بەپەلـە دەسـتی کـرد بـەگۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن. کەچی وەك دەردەکەوێ لەم پرۆسە تازەیـەدا چاو لەو ڕاستیە پۆشـراوە کـە لـە سـعودیەدا دیموکراسـیەت بەرقـەرار نیــە، بــەڵام وەك بــە نەخــشە پێــشنیارکراوەکانی دواتریــشەوە دەردەکەوێت،ئەم هەموارکردنەش نەبوە تـەهۆی ئـەوەی سـنورەکانی لە ئەگەری گۆڕین بەدوور بن. بە بەڵگەی ئەوەی سعودیە یەکـەم وڵات بـوو پرۆتــستۆی کردارەکـانی حیزبـوڵای کـردو زوو بـەزوو هەوڵیـدا پشتگیری ئەمریکا بکات لە تازەترین پلانەکانیدا. بەواتایەکی تر:

سـعودیە لـە یەکـەم قۆنـاغی پراکتیکـی پرۆسـەی ڕۆژهـەڵاتی نوێـدا" شەڕی لوبنان" دەست بەجێ پشتگیری خۆی بۆ پرۆسـەکە ڕاگەیانـد. واپێدەچـێت لــەم قۆناغــەدا لەگــەڵ میــسری موبــارەك و ئوردونــدا "کەئــەمانیش دوو ڕژێمــی دیکتــاتۆری و و یراســین" هاوپەیمانیــەکی ناوچەیی پێك بێنن دژ بەهاوپەیمانێتی "سوریا– ئێران" .

٣) هەروەها ئەمریکا لەم پرۆسەیەدا بـاس لـە ڕەهەنـدی " ئـەتنیکی" ناوچــەکە دەکــات و تاڕادەیــەکی زۆر ڕەهەنــدی "جــوگرافی" پشتگوێ دەخات .

یانی سیاسەتمەداران و نەخشەڕێژانی ئـەمریکا لەپرۆسـەکەی پێشودا زیـاتر بـەزمانی جوگرافیـا دەدوان" لەمەراکیـشەوە تـا ئەندەنوسـیا". وەلێ لـەم پرۆسـەیەی ئێـستادا بـاس لـە مامەڵـەکردن دەکـەن لەگـەڵ نەتــەوەو ئاینــە جیــا جیاکــانی ناوچــەکەدا(بۆنمونــە هاتنــە کایــەی چــەمکەکانی دەوڵـەتی کـوردی و دەوڵـەتی فارسـی... هتـد). جگـە لـەوەش ڕووبـەری جـوگرافی چاکـسازی و گۆڕانکاریـەکان بەرتەسـك کراوەتــەوە. ئــەمجارەیان گۆڕانکاریــەکان لــە فەلەســتین و لوبنانــەوە

دەست پێدەکەن و لە ئەفغانستان و پاکستاندا کۆتاییان دێت.

٤) وەك دەردەکەوێت پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ لە سیاقی ئەو ئیستراتیژیەتە" ئیستیباقی"دایە کە ئەمریکا لەدوای ڕوداوەکانی "١١/سێپتەمبەر"ەوە پیادەی دەکات. کەواتە بۆ پراکتیزەکردنی وردەکاریەکانی پرۆسەکە ، ئەمریکا پشت بەهێزی سەربازی دەبەستێت و هەرچی دبلۆماسیەتە دەبێتە قۆناغی دووەمی چارەسەری سەربازی "لە شەڕی لوبناندا ئەم ڕاستیە بە ئاشکرا دەرکەوت". ئەوەتا سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی شەڕی لوبنانەوە گوتی: (هەرچەندە قوربانیەکان زۆر بە ئازارن، بەڵام ئەوە نرخی هاتنەکایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ یە).

لەوانەیە ئەم خاڵە دیاریترین جیاوازی نێوان هەردوو پرۆسەکە بێت "واتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ". چونکە لەوی یەکەمدا گۆڕانکاریەکان زیاتر بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەت و گەشەکردن و ... هتد . کەمتر پشت بەهێز دەبەسترا. بەڵام لەم پرۆسە تازەیەدا مەسەلەکە پێچەوانەیە.

## لەکۆتایدا:

سەربارى ئەوەی پرۆسەکە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زۆر تازەیە، بەڵام دیاریترین هێڵەکانی بە ئاشکرا هەستیان پێ دەکرێت و ئێمە هەرئەوەندەمان پێکرا ئاماژە بە گرنگترین هێڵەگشتیەکانی بدەین. بەبێ ئەوەی ئاوڕ بدەینەوە بەلای بەرەنجام و کاریگەریەکانی پرۆسەکەدا لەسەر زەوی. بە دەربڕینێکی تر: بەزەرورەت ئەم

پرۆسەیە کۆمەڵێ گۆڕانکاری گرنگ لەم ناوچەیەدا بەرپادەکات، ئەوەی هەقە میدیای کوردی و ناوەندە سیاسی و توێژینەوەییەکان لە کوردستاندا گرنگی پێ بدەن. ئەوەیە کە کوردستان پشکی هەرەگەورە و پڕبایەخی گۆڕانکاریەکانی بەردەکەوێ. (لە دەروازەی دووەمی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا بەوردی لە دووی ئەو گۆڕانکاریانە دەچین کە ئەم پرۆژیە دەی هێنێتە ئاراوە و کوردستان تیایدا دەبێتە سەنتەر)[٣٦].

## دووەم/ ناوچەکە و بەکارهێنانی هێزی ڕەق (hard power):

### قۆناغی خەسخەسەی جەنگ

پاش ڕووداوەکەی (١١/سێپتەمبەر) ئەمریکا کۆدەتایەکی لە ئاستی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا هێنایە کایەوە... گرنگترین ڕواڵەتەکانی ئەو کۆدەتایە بریتی بوو لە تەبەنی کردنی بیرۆکەگەلی وەك (لێدوانی پێش وەخت، دوژمنی موحتەمەل) هەریەکە لەو بیرۆکانە، پراکتیزەکردنی سەربازییان هەیە. ئەمریکا لەڕێی ئەم ڕەوتە تازەیەوە پێناسەکانی جەنگ و ئاشتی و تیرۆر و دوژمن و دۆستی لەسەر خۆی تاپۆکردووە... هەروەها مافی ڕاگەیاندنی دەست پێکردن و کۆتایی هێنانی جەنگەکانیشی کردۆتە مافی تایبەتی خۆی. بەم پێیەش ئەو مافەی داوەتە خۆی کە بەبێ گەڕانەوە بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان، بڕیاری جەنگ لە دژی دوژمنە چاوەڕوانکراوەکانی بدات، (بۆ نمونە لەشەڕی عێراقدا (٢٠٠٣/٣/١٩) پسپۆڕان ئەم ڕەوتە و ، ئەم تێگەشتنە و ئەم مامەڵە کردنە لەگەڵ (چەمکی جەنگ) دا ناودەنێن (خەسخەسەی جەنگ) ... [٣٧] واتە گەڕانەوەی

خاوەندارێتی بڕیاری جەنگ لەجیهاندا بۆ ئەمریکیەکان.

دەستەواژەی (خەسخەسەی جەنگ) تازەترین دەستەواژە و بەکارهێنانە بۆ پێناسەکردنی ئەم قۆناغەی کە سیاسەتە سەربازیەکانی ئەمریکا پیایدا گوزەر دەکات. یەکەمجار لەلایەن (جۆزیف نای) جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی (بیل کلینتۆن) دا، ئەم دەستەواژەیە بەکارهێنرا. (نای) کە ئێستا ڕاگری پەیمانگای (کینەدی) یە لەزانکۆی هارڤارد، لە پێناسەی ئەو دەستەواژەیەدا دەڵێت: ڕەفتارێکە لە سیاسەتی دەرەوەدا کە ئەمریکا بۆ خۆیی قۆرخ کردووە، بەبێ ئەوەی ڕێگە بە بەشداری کردنی لایەنەکانی تربدات لە بڕیار لە سەردان و جێبەجێکردنیدا. بە تایبەت هاوپەیمانەکان، یان نەتەوەیەکگرتوەکان. بڕیارێکی ئاوها کە پەیوەندی بە هەموانەوە هەیە، کاریگەری لەسەر هەموان دادەنێت. ئەم دیدە بەشێکە لەو مشتومڕە گەرم و گوڕەی کە ئێستا لە ئەمریکادا بەڕێوە دەچێ سەبارەت بە ساغڵەمی بیرکردنەوەی ئەمریکیەکان لە شێوازی بەڕێوەبردنی (شەڕی دژەتیرۆر)دا.

لێرەدا ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە کۆدەنگی پسپۆڕانی بوارەکە لەسەر ئەوەیە کە عێراق، وێستگەی یەکەمی جێبەجێکردنی ئەو بیروباوەڕە سەربازیەیە و بەدوایدا وێستگەی دیکە دێت.

ئەوان بۆ داڕشتنی چوارچێوەی تیۆری ئەم مەبەستە (بەتایبەتی لە دوای سەرکەوتنیان لە کۆتایی هێنان بە قۆناغی یەکەمی پرۆسە سەربازیەکان لە عێراقدا) لە مانگی(٢٠٠٣/٦دا) تیۆرێکیان داناوە بەناوی (**داینامیکیەتی ستراتیژی بەرهەم هاتوو لە ئەنجامی**

**سەرکەوتنی سەربازی لەعێراقدا)**. لەنێو ئەم دینامیکیەت و پرۆسە بزێوەدا ئێمە مەرامەکەی خۆمان دەدۆزینەوە (کە بریتی بوو لە سەلماندنی ئەو بیروڕایەی کە پێی وایە پرۆسەی گۆڕینی سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێستا لە باری جێبەجێ کردندایە)... ئەم داینامیکیەتە لە چەندخاڵێکدا ڕوون دەبێتەوە:

١)دانانی نەخشەیەك بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە(پاش عێراق) لە وڵاتانی (سوریا ، لوبنان، لیبیا، سۆماڵ، سودان)....ژەنراڵ (ویسلی کلارك) کە ڕکابەرێکی بە هێزی پاڵاوتنەکانی نێوپارتی دیموکراتی بوو بۆ کاندیکرانی لە بەرانبەر (جۆرج بۆش) ی کاندیدی پارتی کۆماری، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵ (٢٠٠٤) دا... لە پەرتوکەکەیدا (کسب الحرب: العراق، والارهاب، والامبراطورية الامريكية) دەڵێت :(یەك مانگ لە دوای ڕووداوەکەی ١١/سێپتەمبەر، یەکێك لە ژەنراڵە گەورەکان پێی ڕاگەیاندم: ئێمە بەڕێوەبەرین بۆ کارێ لە دژی عێراق، بەڵام دوای عێراقیش، شاڵاوێکمان بە دەستەوەیە کە شەش وڵاتی تر دەگرێتەوە و پێك دێن لەسوریا، لوبنان، لیبیا، ئێران، سۆماڵ، سودان) [٣٨].

٢) بۆ سەلماندنی بەگەڕ کەوتنی ئەو داینامیکیەتە، دەبینین لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوای ڕزگارکردنی عێراقدا، لەم وڵاتانەدا هەندێ بەرەو پێشەوە چوون ڕوویداوە، کە لە هەندێکیاندا بە کردەوەی سەربازی دەستی پێکردووە و لە هەندێکی تریاندا، ڕەوشەکە بەڕێوەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ڕوو بەڕوو بونەوەی سەربازی بەم تەرزەی لای خوارەوە:

**أ- له بەرانبەر سوریادا:**

– لەسـالّی ٢٠٠٣ دا فڕۆکـەکانی ئیسـشرائیل هێرشـیان کـردە سـەر سوریا.

– کۆنگریسی ئەمریکی یاسای (لێپرسینەوەی سوریا)ی پەسەند کرد.

– لەسالّی (٢٠٠٥) ەوە، بەهۆی تیرۆرکرانـی ڕەفیـق حـەریری سـەرۆك وەزیرانـی پێـشوی لوبنانـەوە، سـەرکردایەتی ئـەو ولآتـە کەوتـە ژێـر چەندین فشارەوە تاکو ناچار بوو سوپاکەی لە لوبنان بکێشێتەوە کە ماوەی بیست سالّێك لە خاکی ئەو ولآتەدا مابویەوە (ئەمەش بۆ خۆی گۆڕانێك بوو لە نەخشەی سیاسی ناوچەکەدا، کـە بریتـی بـوو لـە (لـە قالّـب دانـی هـەبوونی سـەربازی سـوریا بـە تایبـەت لـە دەرەوەی سنورەکانیدا).

– لـە مـانگی (٢٠٠٧/٩) دا فڕۆکـە جەنگیـەکانی ئیـسرائیل هێرشـیان کـردە سەرچـەند ئامـانجێکی سـەربازی و توێژینـەوەیی لـە بـاکوری ڕۆژئـاوای سـوریادا. ئـەم هێرشـە چـەندین ڕەنگدانـەوەی پڕبایـەخی لەسـەر ڕەوشـی هەنوکـەیی ڕۆژهـەلآتی ناوەڕاسـت بـە بـاری گۆڕانـدا دانا.[٣٩]

– لە بەهاری عەرەبیدا،کە یەکـەم شـەپۆلی لـە٢٠١١/٣/١٧دا گەیـشتە ئـەو ولآتـە. بـە یـەکجاری سـوریا بـوە تـەختی شـانۆی بـەکردەوە نیشاندانی پرۆسەی گۆڕینی سیمای ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست.

**ب- لە بەرانبەر لوبناندا:**

- وەکـاربردنی تیرۆرکردنـی ڕەفیـق حـەریری، بـۆ دروسـت کردنـی چەندین گۆڕانکاری ئاڵۆز لەسەر ئاستی لوبنان و ناوچـەکەدا (ئـەم گۆڕانــە لــەوەدا زیــاتر ڕەنــگ دەداتــەوە کــە دەبیــنن دادگــای لێکۆڵینــەوە لــە تیرۆرکردنـی حــەریری لێکۆڵینــەوەکانی بەپلــەی یەکــەم لــە دەرەوەی لوبنــان دەکــات، ئەمــەش بەخــشینی ڕەهەندێکی تازەیە بەمانا و دۆسیەکانی تیرۆری "سنوربەزێن").
- شەڕی تەمموزی (٢٠٠٦) لەنێوان حیزبوڵڵاو ئیسرائیلدا.
- زنجـیرە یـەك بڕیـار (ژمارەیـە لـەو بڕیارانـە لـە ژێرسـایەی بەنـدی حەوتــەمی بڕوانامــەی نەتــەوە یەکگرتوەکانــدان کــە ڕێگــە بــە بـەکارهێنانی هێـزی سـەربازی ئـەدات) وەك بڕیـاری (١٧٥٧) ئـەم بڕیارە و هاوشێوەکانی جموجوڵی هەندێ لـە لایەنـە سیاسـیەکانی ئەو وڵاتەیان لە هەردوو باری ئاسۆیی و ستونیەوە لـە قالّب داوە. ئەمــەش دیــارە لێکخــشانێکی زبرەبــەباری وەکــار بردنــی هێــزی سەربازیدا. چونکە شەرعیەت دراوە بەوەی هەرچرکەیەك پێویست بکات هێزی سەربازی بەکاربهێنرێ.
- بڵاوکردنەوەی هێزێکی تایبەتی ئاشتی پارێز (یۆنیڤیل) لە لوبناندا، کەدیسان ئەم هێزەش پەلوپۆی لایەنـە چـەکدارەکان (بـە تایبـەت حیزبوڵڵا) ی بەشێوەیەکی زۆرە ملێ سنوردار کردووە !.

**ج- لە بەرانبەر لیبیادا:**

– لیبیا بە خواستی خۆی لە(٢٠٠٤) دا هەموو بەرنامە چەکسازیەکانی لەسەر سینیەکی زێڕین پێشکەشی ئەمریکا کرد. ئەمـەش مانـای وایـە

دەوڵـەتی ئـەو وڵاتـە (ڕەفتـاری سیاسـی) خـۆی گۆڕیـوە... بـەوەش توانی بۆماوەیەك خۆی لەنێو ئەولیستە بێنێتـە دەرەوە، کـار گەشـتە ئەوەی ئـەمریکا (نوسـینگەی چـاودێری کردنـی بەرژەوەندیـەکان) لـە تەرابلوسی ڕۆژئاوا بکاتەوە !.

—لە دۆسیەی پەرستارە بۆلگاریەکانیشدا، ئـەو پـەڕی نـەرمی نوانـد و سەرباری ئەوەی دادگای ئەو وڵاتە بە فەرمی و بـەگوێرەی دیکۆمێنـت ئـــەو پەرســـتارانەی تاوانبـــارکرد بـــەوەی ڤایرۆســـی (ئایـــدز) یـــان گواسـتۆتەوە بـۆ (٤٠٠ منـداڵی لیبیـایی) لـە شـاری (بـەنگازی) دووەم گەورەترین شاری لیبیا. سزای لە سێدارەدانیشی بەسەردا سـەپاندن. کەچی لەسەودا و مامەڵەیەکی سیاسیدا (پاش ئەوەی سـەرۆك بـۆش، و سـەرۆك نیکـۆلا سـارکۆزیٚ) دەسـتیان وەردایـە کێـشەکە، لیبیـا سەرجەم پەرستارەکانی ئازادکرد. ئەمەش ئاماژەیەکی دیکـە بـوو بـۆ گـۆڕانی ڕەفتـاری سیاسـی ڕژێمـی لیبیـا. ئەگـەر بێتـو ئـەم ڕەفتـارە بەراورد بکەین بە هەڵوێستی لیبیا لە کێشەی قوربانیـانی ڕوداوەکـەی (لۆکەربی) دا.

پـسپۆڕان ئـەم گۆڕانکاریـەی کـە لـە ڕەفتـاری ڕژێمـی لیبیـادا سـەری هەڵدابوو، دەبەستنەوە بەو دینامیکیەتەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا (**<u>دینامیکیـەتی سـتراتیژی بەرهـەم هـاتوو لـە ئـەنجامی سـەرکەوتنی سەربازی لە عێراقدا</u>**) ئەمەش بەو واتایەی کـە ئەگـەر عێـراق (چـەقی بومەلـەرزە) بێـت وەك جـۆرج بـۆش گـوتی....ئـەوا لـەرە لـەری ئـەو بومەلەرزەیـە توانیویـەتی بگاتـە لیبیـا و لـەویٚ پایـە کلاسـیکیەکانی ڕەفتاری سیاسی ڕژێمی لیبیا بلەرزێنیٚ و گۆڕانی تێدا بـەرپا بکـات... کەواتـە گـۆڕانی ڕەفتـاری ئـەو ڕژێمـە، بەڵگەیـەکی ڕوون بـوو لەسـەر

سەرکەوتنی (تیۆری بومەلەرزە) کە دەرهاویشتە یەکی بیروباوەڕە سەربازیەکانی ئیدارەی ئەمریکایە.

– سەرباری هەموو ئەوانەش، لەبەهاری عەرەبیدا، ڕژێمی قەزافی بەهۆی دەستوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی پەیمانی ناتۆوە لە ناوبرا. ئیستا هێزە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی ئەو ولاتە لە پێکدادانی سەختدان بۆ سەرلەنوێ ئەندازەگیری ڕۆڵ و پێگەیان لە لیبیادا. تاڕادەی دابەشکردنی ولات لە نێوان بەنگازی و تەرابلوسی ڕۆژئاوادا.

**د- لەبەرانبەر ئێراندا:**

– دانانی ئێران لەڕیزی دەوڵەتانی سێکوچکەی شەڕدا (عێراق –ئێران – کۆریای باکور).

– تۆمەتبارکردنی ئێران بە هاوکاریکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی (حیزبوڵلا و حەماس).

– دانانی سوپای پاسداران بە(ڕێکخراوێکی تیرۆریستی) لەلایەن (ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا) وە. لەڕۆژی (٢٦/٩/٢٠٠٧) دا... ئەم هەنگاوەش، قۆناغێکی مەترسیدار لەپەیوەندی نێوان ئێران– ئەمریکای هێناوەتە پێشەوە. چونکە بەشێك لە پێکهاتەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، کە بریتیە لە سوپای پاسداران، کە ئەمیش ڕێکخراوێکی دەستوری و یاساییە لە ئێراندا، دەخاتە نێوبازنەی (تەتبیقات) ەکانی شەڕی دژە تیرۆرەوە ! واتە بە گوێرەی ئەو پۆلاندنە لە هەرکاتێکدا ئەگەری لێدانی سوپای پاسداران هەیە. جگە لەوە بەم هەنگاوە، شەڕی دژە تیرۆر گۆڕانێکی چلۆنایەتی بەسەردا

هات. چونکە لەو بەروارە بەدواوە تیرۆ دەبێتە خاوەنی (جوگرافیا و قەوارەیەکی مادی دیاریکراو) بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لەبەردا، تیرۆر موعەممایەك بوو، نە جوگرافیای هەبوو نە قەوارەیەکی مادی و ئۆرگانی دیاریکراو.

– دەرکردنی چەندین بڕیار بۆ سزادانی ئێران و لەقالّب دانی (ڕەفتارە سیاسییەکانی) لەڕێی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە (وەك بڕیاری ژمارە ١٧٤٧)

بەرنامەی ئەتۆمیەکەی ئێران و نیگەرانیەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ڕۆژ بەڕۆژ ناکۆکی نێوان ئێران و ئەمریکا لە لێواری پێکدادان و بەکارهێنانی هێزی سەربازی نزیکتر دەکاتەوە... بە هێزترین بۆچونیش ئەوەیە کە ئەو ناکۆکیانە بگەنە پێکدادانی سەربازی بە تایبەت لە دوای ئەوەی فەرەنسایش، بوەتە لایەنگرێکی بە هێزی داماڵینی ئێران لە بەرنامە ئەتۆمیەکەی (ئەگەرچی لە ڕێگەی جەنگیشەوە بێت).

ئامادەگی دەرونی و سیاسی و سەربازی لەڕۆژئاوادا بۆداماڵینی ئێران لە چەکە ستراتیژیەکانی، بە چاوی سەر ئەبینرێ، بەڵام ئەوە لێزانی ئێران و گەورەیی پلانەکانیەتی کە پۆرت و بە هانەیەگی نەهێشتۆتەوە بۆئەوەی هێرشی بکرێتە سەر.

## ز- لەبەرانبەر سوداندا:

– سودانیش لەڕێی لاوازترین ئەڵقەی نێوپێکهاتنیەوە (هەرێمی دارفور)، هێرشی (لە قەبارەی خۆی گەورەتر) ی لەسەرە... بڵاوەپێکردنی (٢٦٠٠٠) سەربازی ئاشتی پارێز لە هەرێمی دارفور، کە

به گەورەترین هێزی ئاشتی پارێز لە مێژوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەژمێردرێت، کە بەگوێرەی بڕیاری (ژمارە ١٧٦٩) ی نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزراوە لە هەموو بارەکاندا (ئازادی هەڵس و کەوت کردن و سەروەری) سودان لە سنورێکی بەرتەسکدا دەهێڵێتەوە... جا ئایا ئەمە گۆڕینی ڕوخساری دەوڵەتێك نیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئەی ئایا ئەم گۆڕانە لەڕێی بەکارهێنانی هێزی ڕەقەوە کە بریتیە لە(٢٦٠٠٠) سەربازی ئاشتی پارێز، ڕووی نەداوە؟.

– جیاکردنەوەی کۆماری باشوری لە سودان... ترۆپکی گەلاڵەبونی پرۆسەی گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو.

**ر- لە بەرانبەر سومالدا:**

سۆماڵ ئێستا لەلایەن ئەسیوپیاوە، بەهاوکاری ئەمریکا، داگیرکراوە... داگیرکرانی سۆماڵیش ئەڵقەیەکی تربوو لە تەواوکردنی ئەو نەخشەیەی کە ئەمریکا کێشاویەتی بۆ مامەڵە کردن لەڕێی هێزی سەربازیەوە لەگەڵ لیستێکدا کە لە حەوت وڵات پێکهاتووە... وسروشتی ڕەفتاری مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵیاندا، سەربازیانەیە ..ئەم زانیاریانەی لە بارەی هەڵکشانی زبری پەیوەندیەکانی ئەمریکا و هەریەك لەو شەش وڵاتەوە تۆمارمان کرد. نیگابەخش و سەلمێنەری ئەو نهێنیە ئاشکرا کراوانەن کە سیناتۆر (ویسلی کلارك) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردوە. جگە ەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەشن کە ەریەك لەو شەش دەوڵەتە لەبەردەم هەڕەشەی گۆڕینی بونیادی سیاسیاندان ، بە یوەی سەربازی!.

******

وەك بینیمـان لـەڕێی دوو میتـۆدی هـەڵس و کەوتـەوە (بـەکارهێنانی هێزی نەرم) و (بەکارهێنانی هێزی ڕەق) ... کە لـەم ناوچـەیەدا و لـە چوارچـێوەیەکی دیراسـەکراودا بـەکار دەهێنرێـت، هەسـت دەکـەین شەمەندەفەری گۆڕان، گۆڕان بە ئاقـاری گـۆڕینی بونیـادی نەخـشەی سیاسی و سنورە سیاسیەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەگەڕ کـەوتووە....بێگومـان ئـەم ئینتیباعـە، هەسـتکردنێکی بەڕاییـە بـەو پێیـەش لەگـەڵ قوڵبونـەوەی بـە هـەردوو میتـۆدە کـە لـە ئاسـتی پراکتیکـی دا، سروشـت و ڕادەی ئـەو ئینتیباعـە بەراییـەی هەرچـاودێرێکیش دەگۆڕێـت، و لەگـەڵ ڕوون بوونـەوەی زیـاتری ڕەهەنـدە شـاردراوەکانی پرۆسـەی گۆڕانەکـەدا، و بـەگوێرەی بەرەنجامەکانی کارلێکردنی پرۆسەکە لەگەڵ واقیعەکانی سەر زەویدا، دەکرێ ئەو هەستکردن و بەرەنجامگیریە بەراییانـەش هـەمواربکرێن و دووبارەدابڕێژرێنەوە.

وەك تێبینیمـان کـرد، جـەبرێك هەیـە بـۆ وەێنـاکردنی ئـەدگارەکانی گۆڕینی سیمای ناوچەکە... ئێمە سروشتی و وردی ئـەو جـەبرەشمان لەم بەشەدا ڕوون کردەوە... ئەوەندەی توانیبێتمان لـە چوارچـێوەی بەرفراوانەکانـەوە، زەرورەت و پاسـاوەکانی گۆڕانەکـەمان ڕوون کردەوە.

بەڵام ئەم پرۆسەی گۆڕانە، ڕەهەندێکی دیکەیشی هەیە کـە ئێمـە زۆر بە خێرایی و ئاماژەیەکی سادە لەم بەشـەدا بەسـەریدا تـێ پـەڕین... تـاکو لـەو ڕەهەنـدەش تـێ نەگـەین و لایەنـەکانی ڕوون نەکەینـەوە، نـاتوانین ڕۆڵـی کـورد، پێگـەی کـورد لـەناو چوارچـێوەی گۆڕانەکـەدا دەسـت نیـشان بکـەین... جگـە لـەوەش نـاتوانین تـەواوی لایـەن و وردەکاریەکانی پرۆسەکە یەکالا بکەینەوە....

بـەو پێودانگـە و لـە پێنـاوی ئـەوەدا، ئاتاجـە مەعریفیـەکانی ئـەم (دیدەشـیکاریە) پڕبکەینـەوە. دەخـوازم لـە بەشـی چـوارەمی ئـەم دەروازەی یەکەمـەدا... لـەو کۆتـا ڕەهەنـدە بـدوێم کـە لـە سـیاقی پرۆسەکەدا کاری لەسەر دەکرێ و شۆڕدەبێتەوە بـۆ ئاسـتی پێکهاتـە کۆمەڵایەتیـــەکان بـــەباری (جەمـــسەرگیری تایفەچـــێتی) دا . ڕەهەندەکەش بریتیە لەکارکردن لەسەر (ڕاسـتیە دیموگرافیـەکان) بـە مانای (زمان، ئاین، مەزهەب)... بـە یەکالاکردنـەوەی کاریگـەری ئـەم ڕەهەنـدە لەسـەر کـۆی پرۆسـەکە، ئەگەینـە ئاسـتێك و نێزیکیـەك لـە ڕۆحی پرۆسـەکەوە، کەبەئاسـانی هـەزمی ئـەو واقیعـە بکـەین کـە لـە دەرەنجـامی جێبـەجێ کردنـی پرۆژکـەوە بـۆ کـورد دەڕەخـسێ... هەروەها لە بایـەخی ڕۆڵـی کـورد و پێگـەی (جیۆسیاسـی کـورد) تـێ بگەین لە قۆناغەیەك لە دوای یەکەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا...

لەبەشی چوارەمدا لەوبارەیەوە هەڵوێسته دەکەین.

## بەشی چوارەم

# فەوزای دروستکەر، چەقەئیتنیکی و ....دابەشبونە خودیەکان

لەم بەشەدا، دەمەوێت بەکورتی هەڵوێستە لەسەر پێدراوێك بکەم... ئەویش ئەوەیە کە ئەمریکیەکان لە چوارچێوەی هەوڵەکانیاندا بۆ گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە، هاتوون کار لەسەر ئەو لاوازیانە دەکەن، کە لە پێکهاتەی سیستەمی پێکەوە ژیانی گەلانی ناوچەکەدا هەیە... ئەوان ئەمجارەیان، بە پێچەوانەی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسی و پەیماننامەی (سایکس–پیکۆ) وە، لەبری کارکردن لەسەر جوگرافیا،کار لەسەر پێکهاتە دیموگرافیەکانی ناوچەکە دەکەن وەکو:(ئاین، زمان، نەتەوە، مەزهەب)... نەك هەرئەوەندە، بگرە زاڵکردنی ڕەهەندی دیموگرافی لە تەواوی کێشەکانی ناوچەکەدا، لە خزمەتی مەرامەکانی خۆیاندا بەکاردێنن....بەڵام ئێمە لەگرنگی ئەم پێدراوە تێناگەین... ئەگەر نەپرسین: سوودی ئەم شێوەکارکردنە، بۆ ئەمریکیەکان و نەخشە و پرۆسەکانیان لە ناوچەکەدا چیە؟ بۆچی پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کێشە جۆراو جۆرەکانی ناوچەکە لە قاڵب و بەرگی ئیتنیکیدا نمایش بکەن؟ ڕاستیە دیموگرافیەکان چۆن دەبنە یارمەتی دەری جێبەجێ بوونی نەخشەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا؟ چۆن ئەو ڕاستیانە دەبنە ڕوویەکی هەرە بەهێز لە گۆڕینی سیمای ناوچەکە و سنورە سیاسیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەدا؟... هتد.

وەلامـی ئـەم پرسـیارانە بایـەخێکی زۆریـان دەبـێ بـۆ تێگەشـتن لـە سروشـتی ئـەم قۆناغـەی کـە ئێسـتا کـورد (وەك یـەکێك لـە گـەلانی ناوچەکە) پیایدا تێ دەپەڕێ.. بە تایبەت ئەگەر لە یادمان بێت، لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بەپـشت بەسـتن بـەدەقی پرۆسـەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی نـوێ، باسمـان لـەوەکرد، کـە ئەمریکیـەکان وای دەبیـنن لەوێناکردنی سنورەکانی وڵاتانی ناوچەکەدا هەندێ هەڵەی زەق کراوە (وەك دابەشکردنی نەتەوەکان بەسەر دوولای سنورەکاندا) [٤٠]... لەم هەڵەیەشەوە دووبەرەنجام کەوتونەوە:

١) ستەمێکی مێژویی بەرهـەم هێنـاوە لەبەرانبـەر ئـەو مرۆڤانـەی کـە تەنانـەت پەیوەندیـە عاتیفیەکانیـشیان بـەهۆی بەربەسـتە سـنوریەکانەوە لەدەسـت داوە (ئـەم حاڵەتـە لـە کوردسـتان و ناوچەسـنوریەکان زۆر دەبینـرێ، هـەروەها لـە سـنوری نێـوان کوردستانی تورکیا و سوریاشدا دەبینرێ)، هەروەها نمونەی ئـەم حاڵەتە بەهۆی دیواری بەرلین و دابەشکردنی هـەردوو کۆریاشـەوە دەبینرێ).

٢) بوەتە هۆی دروست کردنی خاڵی نـاکۆکی، بـە درێـژایی لێکخـشانە سنوریەکان.

لە هـەرکام لـەو دوو بەرەنجامـەدا، جوگرافیـای سیاسـی دروسـتکراوە لەسـەر حـسابی هەسـتە مرۆیـی و نەتـەوەیی و ڕاسـتیە دیموگرافیـەکان... ئـەم بەرەنجامـەش هۆکـاری نائـارامی بـووە... مەترسی هەرەگەورەش (بەنیسبەت ئاسایشی نەتـەوەیی ئـەمریکاوە) کاتێ سەرهەڵئەدات کە ئەو هەستەی لە ئەنجامی ئـەم هەڵەمێژوییـەدا لە ناوچـەکەدا سـەری هەڵـداوە، لـە پرۆسـەیەکی سیاسـی توندوتیـژی

تـیرۆر ئاسـادا خـۆی ڕێـك دەخـات و تەبـەنی گوتـارێکی نەتـەوەیی و ئیتنیکی توندوتیژ دەكات.

چونکە لەوبارەدا تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لـەپاڵ وێنـە و قاڵبـە ئاینیەکەیدا قاڵبێکی دیکەش وەردەگرێ، واتە درێژەدان بە ژیانی ئـەو هەڵە مێژووییەو بەرەنجامەکانیشی، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی (تیرۆری نەتەوەیی) ش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ڕاســت کردنــەوەی ئــەو هەڵــە مێژووییــە، لــەپاش ڕوداوەکــەی (١١/سـێپتەمبەر) بوەتـە ئەولەویـەتی مامەڵـەی ئـەمریکا لەگـەڵ ئـەم ناوچەیەدا... جا ئەگـەر، کاریگـەری فاکتـەرە دەرەکیـەکان گـرنگ و پڕبایــەخ بێـت لەڕاسـت کردنـەوەی ئـەو هەڵەیـەدا، ئـەوا فاکتـەرە ناوخۆییەکانیش، هـەمان بایـەخ و گرنگییـان هەیـە. بـەو واتایـەی کـە کـارکردن لەسـەر ئـەو فاکتـەرە ناوخۆییانـە، دەبێتـە یاریـدە دەری ڕاپەڕانـدنی ئـەو ئەرکـەی کـە لـەم قۆناغـەدا ئـەمریکا دەیـەوێت ڕای پەڕێنێت... بەڵام ئەم یارمەتیانە، چۆن دروست دەبێت؟.

ئێمـە بـۆ ئـەوەی لەئـەرکی خـودی نەتـەوە و گـەلانی ناوچـەکە لـەم پرۆسەیەدا تێبگەین، پێویستە بگەڕێینەوە بـۆ واتـاو کارپێکردنـەکانی تیۆری(فەوزای بیناکەر) چونکە لە بنەڕەتەوە ئەو تیـۆرە بـۆ تـەوزیف کردنـی(ناتەواویـە کۆمەڵایـەتی و چەوسـاندنەوە ڕەگەزیـەکان)ی ئـەم ناوچەیە، لە پرۆسەیەکی دوولایەنەی(ڕمان و بیناکردن)ی مێژویـدا کـە بـە پلـەی یەکـەم بەرژەوەندیـەکانی ئـەمریکا مـسۆگەر دەکـات و لـە پەراوێزیشدا، بەرژەوەندی نەتەوە و گـەل و ڕەگـەزە خەفـەکراوەکانی ئەم ناوچەیە دەپارێزێ و گەشەیان پێ دەدات زۆربـەی جـاریش، ئـەو بەرژەوەندیانــە دەخاتــە قــاڵبی سیاســیەوە (لــەم ڕووەوە ئــەزمونی

کوردستان نمونەیەکی بەرجەستەیە)، بەڵام ئایا ئەو تیۆرە چیە؟ چۆن پراکتیزە کردنی دەبێتە هۆی ئەوەی لەیەك کاتدا بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و گەلانی ناوچەکەش بپارێزێ و لەخاڵێکدا کۆیان بکاتەوە کە بریتیە لە (گۆڕینی سنوری سیاسی و وڵاتانی ناوچەکە)؟

ئێمە دەتوانین لە دوو خاڵدا گرنگی ئەم تیۆرە ڕوون بکەینەوە لە خاڵی یەکەمدا هەوڵ دەدەین لە سروشتی تیۆرەکە تێبگەین و لە خاڵی دووەمیشدا هەوڵ دەدەین کاریگەریەکانی (بەباری دابەشکردنەوەی سنورەکاندا) ڕەسدبکەین. بەم جۆرەی لای خوارەوە:

## ١) تیۆری فەوزای دروستکەر مۆدیلێکی نوێ لەهەندەسەی کۆمەڵایەتی:

وەنەبێ ئەم تیۆرە لەدایك بووی بارودۆخی سیاسی هاوچەرخ بێت، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکانی دەبێتە خاوەنی ڕەگ و ڕیشەی فەلسەفی و لە فەلسەفەکەی (ئەفلاتۆن و ئیبن ڕوشد....هتد)یشدا باسی لێوەکراوە... وەلێ ئەوی گرنگ بێت ئەوەیە کە ئەم تیۆرە لە بەکارهێنانی باوی ئێستایدا، لە بری ئەوەی لە بواری فەلسەفەدا بێت، گەڕاوەتەوە نێو گۆڕەپانی سیاسی.

(کۆندۆلیزاڕایس) ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە کۆتاییەکانی مانگی (نیسان/٢٠٠٦) دا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)، لەبارەی ڕەوشی داڕوخانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە

گـوتی:(ئـەو فەوزایـەی کـە لـە سـەرەتاوە پرۆسـەی گـۆڕان بـەرەو دیموکراسیەت دەری دەدات، جۆرێکە لـە فـەوزای دروسـت کـەر، ئـەم فەوزایـەش لـە کۆتایـدا بـارودۆخێکی باشـتر لـەم بارودۆخـەی ئێـستا ناوچەکەی تێدادەژی، بەرهەم دێنێ) [٤١]

د. محەمـــەد ئەلرومـــەیحی، لـــە پێناســـەکردنی ئـــەو بـــیردۆزەدا دەڵێت:(دەستەواژەیە کە هەندێ لەڕاسـتڕەوە سیاسـیە ئەمریکیـەکان لەبەرانبـەر ڕەوتـەکانی گـۆڕان لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا بـەکاریان هێنـاوە، پوختـەی تیۆرەکـەش ئەوەیـە ئـەم کۆمەڵگەیـەو، کۆمەڵگـە نێزیکەکانی دیکەی ناوچەکەش،لەڕوی سیاسیەوە مەنگن، بـۆ ئـەوەی کـەمێك ببـزوێن و مەنگیەکـەیان بـشڵەقێت و گـۆڕان دروسـت بێـت، پێویستە کەمێك فەوزا، یان ئاشـوبیان لـە نێـودا دروسـت بکرێـت، بـە بڕوای ئەوان ئەو گۆڕانە بەرەو باشـتر دەبێـت، یـان ڕەنگـە هـەرگۆڕان بێت لەپێناوی گۆڕاندا) [٤٢]

سـەبارەت بـە نـاوەڕۆکی کۆمەڵایـەتی ئـەم تیـۆرە، هزرڤـانی عـەرەب (محمد حسنین هیکل) دەڵێت:(تیۆرەکە بریتیە لە زەمینەسازی کردن بۆ کارلێکی بەردەوامی هێزەکۆمەڵایەتیەکان تاخاڵی تێربـوون، ئینجـا قایل بوون بەو بەرەنجامەی کە لێی دەکەوێتەوە)...

سـەرۆکی ئـەمریکا لـە کۆنگرەیـەکی ڕۆژنامەنوسـیدا، کـە ڕۆژنامـەی (نیویۆرك تایمز) دەقەکەیی بـڵاو کـردەوە، دەڵێـت:(ئەگـەر دەخـوازن تێبگەن لە دید و بۆچـونی مـن سـەبارەت بەسیاسـەتی دەرەوە. ئـەوا کتێبەکـەی ناتـان شارنـسکی ،بخوێننـەوە. ئـەو کتێبـە هاوکاریـەکی زۆرتـان دەکـات لـە تێگەشـتنی ئـەو بڕیارانـەی تائێـستا دەرکـراون و ئەوانەیش کە لە مەودوا دەردەکرێن) ناتان شارنـسکی، جولەکەیەکـە،

له ڕوسیاوه کۆچی کردوه بۆ ئیسرائیل، له سەردەمی (ئەرێل شارۆن) دایەکجار بوەته وەزیر. سەرۆکی ئەمریکا له نوسینگەی تایبەتی خۆی لـه کۆشـکی سـپیدا پێـشوازی لێکـرد. شارنـسکی کتێبێکـی نوسـیوه بەناوی (**ئاریشەی دیموکراسیەت**)... لەو کتێبـەدا، بـه ووردی تیـۆری (فەوزای دروسـتکەر) ی شـرۆڤەکردووه. و بەتایبـەت داوا لـه ئـەمریکا دەکات له دژایەتی کردنی تیرۆردا تەنها پشت بەهێز نەبەستێ، بـەڵکۆ پێویسته چاوگەکانی تـیرۆر و شـك بكرێـت، لـه ڕێـی چارەسـەرکردنی هۆکاره قوڵەکانیەوه که بریتین له:

سیاسەته گەندەڵەکانی ڕژێمـه خۆپەسـەندەکانی عـەرەب و کـەلتوری ڕق لێبون. له نێو گەلانی ناوچەکەدا").

ئەلیوت کۆهین، له کتێبەکەیدا (سـەرکردایەتی بـاڵا، سـوپا و پیـاوانی دەوڵەت و ڕابەرایەتیەکان لەکاتی جەنگدا) دەڵێـت :پێویـسته لەسـەر وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا له جەنگی دژبـه ئوسـوڵیەتی ئیـسلامیدا ســەربکەوێت لـــه میانـــەی فـــەوزای تایفەگـــەری و لـــەناوبردنی ڕادیکاڵیەتەوه). [٤٣]

لەدیاریکردنی وردتری موفرده و پێکهێنەرەکانی ئەم تیۆرەدا، هەندێ لـه توێـژەران دەڵـێن: دەسـت پێکردنـی هەڵمـەتێکی دور و درێـژی هەندەسەی کۆمەڵایەتیه،که لەڕێی هێزەوه دەسەپێنرێ) [٤٤]

وەك دەردەکەوێ گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی و داڕشـتنەوەی بـه شـێوازێکی تر، مەرامی هەره گرنگی ئەم تیۆرەیه، بـەو پێیـەش دەتـوانین بڵـێین تیۆرەکه دوو ئەرکی هەیه:

١) لێك ترازاندنی بونیادی کۆمەڵایەتی وڵاتـانی ناوچـەکه. بـه تایبـەت

لەو ولآتانەدا کە ئەو بونیادە لەو پەڕی لاوازیدایە (وەك لوبنان، عێراق، سودان)

٢) دارشتنەوەی سیمای کۆمەڵایەتی گەلانی ناوچەکە، یان ئەندازەگیریەکی نوێ بۆ قەوارە کۆمەڵایەتیەکان لەڕێی بوار والآکردن بۆ ئەوەی ئەو یەکە کۆمەڵایەتیانە ئەو فشارانەیان لەسەر لابچێت کە (شارنسکی) بە سیاتە گەندەڵەکانی ڕژێمە خۆسەپێنەکانی عەرەب و کەلتوری ڕق لێبون، ناوی دەبات، لەو بارەدا قەوارە کۆمەڵایەتیەکان دەچنەوەباری سروشتی خۆیان و قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان لە پانتایی جوگرافی سروشتی خۆیاندا بۆ دەگەڕێتەوە. بەو جۆرەش نەخشەی سیاسی ولآتەکان گۆڕانێکی سەرتاپایی بەسەردا دێت و ، ئەو شەپۆلی ڕق و تورەیی و بێ ئومێدیەش کۆنترۆڵ دەکرێ کە لە نێو ناخی تاکو کۆمەڵە چوسێنراوەکاندا گەشەی کردوە و گەشتۆتە لێواری ئەوەی لە بەرگی تیرۆردا خۆی نمایش بکات.

دەکرێ لەم ڕووەوە (بارودۆخی کەرکوك) بە نمونە وەرگرین: بێگومان بەهۆی سیاسەتە سەرکوت کەرەکانی ڕژێمی عێراقەوە، یەکە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوشارە(کورد بۆنمونە) لەقالب درابون، و بەوەش سیمای دیموگرافی کۆمەڵایەتی و نەخشەی سیاسی ئەو شارە دیزاینێکی دیاری کراوی وەرگرتبوو، بەلآم پاش ئەوەی سیاسەتە سەرکوت کەرەکان لەسەر یەکە کۆمەڵایەتیەکان نەما لە پرۆسەیەکی شێوە فەوزادا، بەهەردوو باری ئاسۆیی و ستونیدا یەکە کۆمەڵایەتیەکان هەڵاوسانەوە و چونەوە قالبی سروشتی خۆیان ، بەوەش نەخشەی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو شارە گۆڕانی

بەرچاوی بەخۆوە بینی... کەواتە دەتوانین بڵاوبونەوەی تان و پـۆیی کورد بەسەر جوگرافیای ئەوشارەدا بەئەندازەگیریـەکی کۆمەڵایـەتی و ئیتنیکـی تـازە لەقەڵـەم بـدەین، کـە فـەوزای دوای لەناوچـونی دەسـتەڵاتی سـەرکوت کەرانـەی بـەعس هێناویەتەکایـەوە... ئەمـەش سروشتی ئەو کارلێکەی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیـەکان ڕوون دەکاتـەوە کە هزرڤانی عەرەب محمد حسنین هیکل ئاماژەی پێ ئەدات، بەڵام لە دیدی ئەمریکیەکاندا، ئەم پرۆسەیە نایەتەبوون و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێـت، بـەبێ هاریکـاری ئـەمریکا. لـەم ڕوانگەیـەوە بـوو کاتـێ (کۆندۆلیزاڕایس) لە وتـارێکی دا لـە زانکۆی ئـەمریکی لـە قـاهیرەڕای گەیاند:(لەماوەی شەست ساڵی ڕابـردوودا ئـەمریکا هەوڵیـداوە لەسـەر حسابی دیموکراسیەت. سەقامگیری لـە ناوچـەکەدا بەدەسـت بێنێـت. بـەڵام لـە ئێـستا بـەدواوە ڕەوتێکـی تـازەپێڕە و دەکـات کـە دەبێتـە یارمەتی دەربۆ هاتنـە دی(خواسـتە دیموکراسـیەکانی هـەموو گـەلانی ناوچەکە)

یارمەتیدانی خواستە دیموکراسـیەکانی گـەلانی ناوچـەکە، لـە سـیاقی تیۆری فـەوزای دروسـت کـەردا، کۆمـەڵێ بـەرەنجامی دەبێـت، لەبـەر کەمی ماوە، دەخوازم بەخاڵ ئاماژەیان پێ بدەم، بەم شێوەیە:

١) یەکێك لە خواستە دیموکراسیەکانی گەلانی چەوسـاوەی ناوچـەکە، بریتیە لە لەناوچونی ڕژێمە خۆسەپێن و دیکتاتۆریەکان. جا ئەگەر بە گـوێرەی لۆژیکەکـەی ڕایس، ئـەمریکا یارمـەتی ئـەو داخوازیـە بـدات، مانـای وایـە سـەرجەم ڕژێمـەکان لەبـەردەم هەڕەشـەی گۆڕینـدان (بـەگوێرەی تیـۆری دۆمینـۆ). ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا گـۆڕینی سـیمای سیاسـی ناوچـەکەیە. سـەیری بـەهاری عـەرەبی بکە!.

٢) ئەو یارمەتی دانە دەبێتە هۆی ئەوەی گەلە چەوساوەکان بچنەوە قالبی سروشتی خۆیان و بەتان و پۆی جوگرافیای سروشتی خۆیاندا بلاوببنەوە، بەوەش دیزاینێکی کۆمەلایەتی–سیاسی تازە سەرهەلئەدات.

٣) ئەو یارمەتیدانە، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی قەوارە کۆمەلایەتیەکان، ئەم بەهێزبوونەش وادەکات قەوارە کۆمەلایەتیەکان لە پرۆسەی کارلێکردنی نێوانیاندا بەهێزبن و بەئاسانی نەتوانن ناکۆکیەکانی کۆتایی بێنن و دۆخێکی سیاسی دیاریکراو بێننە کایەوە. ئەم حالەتەش پرۆسەی کارلێکردنەکە درێژدەکاتەوە بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو، لە عێراقدا بەڕونی ئەم حالەتە دەبینرێ، ئەوەتا لە ماوەی چوارسالی ڕابردووی دوای ڕزگارکردنی عێراقدا، هیچکام لەیەکە کۆمەلایەتیەکان (سوننە، شیعە) نەیانتوانیوە لە ئەنجامی کارلێکی نێوانیانەوە کۆتایی بە ناکۆکیەکانیان بێنن و ، واقیعێکی سیاسی بێننە کایەوە کە یەکێکیان پێی قایل بن و تیایدا زال دەست بن.

کەواتە ئەم پرۆسەی هەندەسەگیری کۆمەلایەتیە، کە یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی (فەوزای دروستکەر) لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانەوەی قەیران و درێژکردنەوەی ماوەی لێکخشان و کارلێکی زبری نێوان قەوارە کۆمەلایەتیەکان... لەبەر ئەم هۆیە لەکاتی پراکتیزەکردنیدا (لانی کەم لە ئەزمونی عێراقدا) ڕەوتەکەی گۆڕاوە، لە بریتی بەر دەوامیدان بەلێکخشان، پێدراوێکی نوێی هێناوەتە کایەوە کە دەکرێ بە (**چەقە ئیتنیکیەکان**) ناوی بەرین... وەك لەخالی دووەمدا ڕوونی دەکەینەوە (چەقەئیتنێکیەکان پرۆسەی

هەنـدە سـەگیری كۆمەڵایـەتی و گـۆڕینی نەخـشەی سیاسـی وڵات خێراتـرو مـسۆگەرتر دەكـات. كەواتـە بـابزانین: مەبەسـت لـە چـەقەئیتنیكیەكان چـیە؟ و چـۆن ئامـانجی دابەشـبونی سـنورە سیاسیەكانیش مسۆگەرتر دەكات؟.

## (٢) چەقەئیتنیكی و دابەشبونە خودیـەكان (ئـەزمونی عێـراق وەك نمونە):

لـە ئـەنجامی پراكتیـزە كردنـی ڕواڵەتـەكانی ئـەو تیـۆرە لـە عێراقـدا، دەركەو تووەكە (وەكو گوتمان بۆی هەیە ئەم لێكخشان و كارلێكردنە زبرەی نێوان هێزە كۆمەڵایەتیەكان درێژببێتەوە بۆ ماوەیەكی نادیـار. لەبەرئـەوە ئـەم ئەزمونـە دەرهاویـشتەیەكی تـری هێنایـە پێـشەوە. ئەویش بریتی بـوو لـە دروسـت بـوونی (چـەقە ئیتنیكـی و مەزهـەبی) یەكان. بە مانای گردبونەوەی مەزهەبەكان لە ڕووبەرێكی دیـاریكراوی جوگرافیـدا، ئەمـەش بـەواتا كردەییەكـەی بریتیـە لـە دابـەش بـوونی پێكهاتە مەزەبیـەكان و بـەو پێیـەش جیابوونـەوەی ناوچـە (شـیعی و سوننی) یەكان لەیەكتر.

عێراق هیچ نەبوو، جگە لەچوار چێوەیەكی سیاسی بـەزۆر سـەپێنرا و بـۆ كۆكردنـەوەوەی كۆمـەڵێك پێكهاتـەی مرۆیـی دژبەیـەك و نـاكۆك، كەڕایەڵەكانی پەیوەندی و پێكەوە ژیانیان لەوپەڕی سستی و لاوازیـدا بـوو... بۆیـە لـەپاش ڕزگـاركردنی عێـراق،وڵات فەوزایـەكی گـەورەی بەخۆوە بینی، لە ئەنجامیشدا هەقیقەتی (قبـوڵ نـەكردنی یـەكتر) لـە نێوان پێكهاتەكانیدا دەركەوت. هەریەك لەلای خۆیەوە دەستی كـردە پێڕەوكردنـی زەبـر وزەنـگ لـەدژی بەرانبەرەكـەی. ئـەم هۆیـە لـەپاڵ

هۆکاره زۆر وزەوەندەکانی تردا، بوونە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێك کۆچ و ئاوارەبوون، کە لە دوای کۆچی فەلەستینیەکان لە(١٩٤٨) دا، بەدووەم کۆچی مێژویی دەژمێردرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا... ئەم کۆچە، لەسەر دووئاست ڕویدا:

١) کۆچێك لە عێراقەوە بۆ دەرەوەی عێراق. ئامارەکان پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کەژمارەی ئاوارە عێراقیەکان لە دەرەوە تا ئێستا گەشتۆتە (٢/٢٠٠٠٠٠٠) ئاوارە و ژمارەکەش بەردەوام ڕوو لەزیاد بوونە.[٤٥] لەو ژمارەیە (١/٤٠٠٠٠٠٠) ئاوارە لە سوریادان و (٧٥٠/٠٠٠) ئاوارەی دیکەش لە ئەردەندان. پاشماوەکەی تریش لە وڵاتانی تردان.[٤٦]

٢) کۆچێك لە ناوخۆی عێراقدا..لەم کۆچەدا شیعەکان لە هەرجێگەیەکدا کە مینەبن. کۆچ دەکەنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە شیعەتیایدا زۆرینەن... هەروەها سوننەکانیش بەرەو ئەو ناوچانە کۆچ دەکەن کە سوننەکان تیایدا زۆرینەن. ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ژمارەی ئاوارەکان لە ناو عێراقدا گەشتۆتە (٢٠٠٠٠٠٠)کەس ئەم جیابونەوەیەی ناوچە شیعی و سوونیەکان لەیەکتر، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جیابونەوەی سیمای دیموگرافی و سیاسی ناوچەکانی عێراقە، دابەش بوون و جیابونەوەی سنوری نێوان ئیتنیکەکانە.

ئەم حاڵەتە یەکێکە لە بەرەنجامە کرداریەکانی جێبەجێ کردنی (تیۆری فەوزای دروستکەر) لە گۆڕەپانی عێراقدا... عێراقیش یەکەمین گۆڕەپانی تاقی کردنەوەی تیۆر و مەبدەئەکانی پاش (١١/سێپتەمبەر) ە... بۆیە دەکرێ ئەم ئەزمونە لەسەر ئاستی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگشتێنرێ. ئەگەر بێتو لە قۆناغی کۆتایدا سەرکەوتن بە دەست بێنێت لە جیاکردنەوەی سنورەکانی نێوان پێکهاتە ئیتنیکیەکان و لەهەمان کاتیشدا خواستە دیموکراسیەکانی گەلانی ناوچەکە (بە دەربڕینی کۆندۆلیزا ڕایس) بێنێتەدی. کاریگەریەکی تری ئەم کۆچە بەلێشاوە، لەسەر ئەو وڵاتانەی ڕووی تێدەکەن، بریتیە لە گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا.

بۆ نمونە سوریا کە زۆرترین ژمارەی پەنابەرانی عێراقی ڕویان تێکردووە، بەگوێرەی ئاماری (کۆمیسیۆنی سامی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران) پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەتەواوی گۆڕاوە، حاڵی حازر (٨–١٠٪) ی دانیشتوانی وڵاتی سوریا لە عێراقیەکان پێکهاتوون... ئەم واقیعە تازەیەش بوەتە هۆی ئەوەی سالانە بڕی (١ملیار دۆلار) لەسەر بودجەی سوریا بکەوێت.

ئامارەکان هەروەها دەڵێن، ڕۆژانی کۆتایی بەر لەدەست پێکردنی مانگی (ڕەمەزان ١٤٢٨) ڕۆژانە (٢٠٠٠٠) هاوڵاتی لە عێراقەوە ئاوارەی سوریا بوون. ئەمەش بەرزبونەوەی ئاستی ئاوارەبونەکەیە بە ڕێژەی (١٨٠٠٠) هاوڵاتی لە ڕۆژێکدا. سەرچاوەکان دەڵێن: ئەم بەرزبونەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی سوریا بڕیاریداوە لەسەرەتای دەستپێکردنی مانگی ڕەمەزاندا، هاتنە ناوەوەی عێراقیەکان بۆ وڵاتەکەی بەگوێرەی ڤیزا ڕێك بخات. عێراقیەکانیش هەوڵ دەدەن بەر لەوەی سوریا سنورەکانی دابخات لە عێراق بچنەدەرەوە. (٤٧)

بە پێچەوانەشەوە لە دوای گەیشتنی بەهاری عەرەبی بە سوریا،پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەش گۆڕاوە و شەپۆلی پێچەوانەی ملیۆنی ئاوارەکانی سوریا بەرەو وڵاتانی دەوروبەر(بە

هەرێمی کوردستانیشەوە) ئەندازەگیریەکی تری کۆمەڵایەتی هێناوەتە کایەوە.

هەرچۆن ئەم ئامار و داتایانە لێك بدرێنەوە. ڕاستیەك هەر لە گۆڕێدا دەمێنێتەوە ئەویش بریتیە لەوەی (ئەم شاڵاوی کۆچکردنە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عێراق و وڵاتانی دەوروبەریشی گۆڕیوە بەرەنجامی ڕاستە و خۆی ئەو فەوزا و پشێویەیە کە لە دوای ڕزگارکردنی عێراق هاتە پێشەوە)... یانی لە ئەنجامی ئەوەی یەکە کۆمەڵایەتیەکان ئەوزەبر وزەنگە مادیەیان بەسەرەوە نەما کە پێشتر لەسەریان بوو (کە ئەمە لەخۆیدا خواستێکی سروشتی و دیموکراسیە و بە هاوکاری ئەمریکا هاتەپێشەوە). ئەو یەکە کۆمەڵایەتیانە چوونەوە قەبارەی سروشتی خۆیان، ئەم حاڵەتەش بەبارەکەی تردا بوویە فشار لەسەر پێکهاتەیەکی دیکەی عێراق (سوننەکان) و هەر ئاسایی بونەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕەوشی ژیانی گەلانی عێراق، بەزیانی پێکهاتەی سوننە تەواو دەبێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەدا کە بەهۆی حوکمی بەعسەوە پێکهاتەکانی تری عێراق (شیعە، کورد) لە ژێرفشاردا بوون و لە ڕووی جوگرافیشەوە جموجوڵ و ژیانیان لە قاڵب درابوو....

کۆچ و ئاوارەبونی عێراقیەکان لە ناوخۆی و لاتدا، هەروەها دروست بوونی چەندین ملیشیا و پارتی (تائیفی) مانا و لێکدانەوە و ناونانێکی تر هەڵناگرێ، جگە لەوەی بەدروست بوونی چەقی ئیتنیکی ناوبنرێ. واتە گردبونەوەی پێکهاتەکانی سەرەبەمەزەبێك یان نەتەوەیەك لەڕوبەرێکی دیاریکراودا... هەروەها کۆچ و ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی عێراقیش بەرەو وڵاتانی تر، هیچ ناو نانێ هەڵناگرێ جگە لەوەی کە بڵێین: ئەو حاڵەتە گەشتنی لەرەلەری بومەلەرزەکەی عێراقە بۆ ناو

ئەو وڵاتانە... ئەوبومەلەرزەی کە جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا دەربڕی لێکرد و بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادکردنی عێراق لە (١٩/٣/ ٢٠٠٣) داگوت: (عێراق دەبێتە چەقی بومەلەرزە بۆ گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست).

نەك هەرئەوەندە، بگرە دەتوانین بڵێین: گەشتن و بڵاوبونەوەی لەرە لەری بومەلەرزەکەی عێراقە بە هەموو جیهاندا . ئەمە گەربزانین بە ئاوارەبوونی ئەو ژمارەزۆرەی عێراقیەکان، ژمارەی پەنابەران لەجیهاندا گەشتە (١٤ملیۆن) کەس. کەواتە پرۆسەی ئاوارەبونەکە و دۆخی عێراق کاریگەری لەسەر تەواوی جیهان داناوە، لانی کەم لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە.

********

پێم وایە لەکۆتایی نمایش کردنی ئەم ئامار و ڕاستیانەدا گەشتینە ئەم ڕاستیانە:

١) فەوزا و پشێوی، بەرەنجامێکی ڕاستە و خۆی گۆڕانە لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسیەت (لانی کەم لە نێو گەلانی ئەم ناوچەیەدا).

٢) ئەم فەوزایە، لەڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەیدا، گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و گردبونەوەی خاوەن مەزهەب و نەتەوە جیاجیاکان هەریەك لەڕووبەری جوگرافی دیاریکراوی خۆیدا، دێنێتە کایەوە.

٣) جێبەجێ بوونی ئەو تێورە لە وڵاتێکدا، کاریگەری لەسەر وڵاتانی دەور و بەر و تەنانەت تەواوی جیهانیش دادەنێت.

٤) ئەگەر ئەمریکا نیازی بێت نەخشەی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە (بەتایبەت سنورە سیاسیەکان) بگۆڕێت . (وەك لەسێ بەشی پێشودا ڕونمان کردەوە) ئەوا جێبەجێ کردنی ئەم تێورە(فەوزای دروستکەر) دەبێتە پێشەکیەکی گونجاو، چونکە بەهۆی جێبەجێ کردنی تێورەکەوە گەلانی ناوچەکە بەشێوەیەکی خۆ و یستانە و خودی، دابەش دەبن. بەبێ ئەوەی تۆبزیەکی دەرەکییان لەسەر بێت. واتە بێ ئەوەی ئەمریکیەکان ناچاربن فشاری مادی بەکار بێنن بۆ دیایکردنی سنوری سیاسی نێوان ئەو پێکهاتانە، نەك تەنها لەعێراقدا، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەریشدا کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان هاوشێوەی ئەمەی عێراقە.

٥) لە باری جێبەجێ کردنی ئەم تێورەدا،هەموو گەلانی ناوچەکە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرنەوە (وەك ئەوەی کە ئێستا لەعێراق و پرۆسەی سیاسی عێراقدا دەبینین کورد و شیعە بەپشت بەستن بە قەوارەی ڕاستەقینەیان پرۆسەکەیان پێکهێناوە). لەم حاڵەتەشدا کۆلۆنیالیزمی ئەمریکی ئەو هەڵە مێژووییە دەسڕێتەوە کە لە نەتەوە و ئیتنیکە ژێردەستەکانی ئەم ناوچەیە کراوە، بەهۆی دابەشکاری و بڕیارەکانی (سایکس–بیکۆ)وە.

٦) ئەگەر لەسەر بناغەی زانینی قەبارەی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی ناوچەکەش جوگرافیای سیاسی دروست بگرێت و سنورە سیاسیەکان دیاری بکرێن. ئەوا کۆتایش بەو نەهامەتیە مرۆییانەش دێت کە لەماوە و قۆناغەکانی ڕابردودا گەلانی دابەشکراو بەسەر دولای سنورەکاندا، دووچاری بوون.

*******

لــەم دەروازەی یەکەمــدا هەوڵمانــدا گرنگــی ناوچــەی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕینی سیماکان (بەتایبەت سیمای سیاسی ناوچەکە) بۆ بەردەوامی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ڕوون بکەینەوە، ئەو سیاقە مێژویی و ڕەفتــارە سیاســی و عەسکەریانەشمان ئامــاژە پێدا کــە ئــەمریکا لەمیانەیانــەوە مامەڵــەی لەگــەڵ ڕۆژ هــەڵاتی ناوەڕاســتدا کردووە. لەو هۆکار و فاکتەرانەش دواین کە هانی ئەمریکا دەدەن گۆڕینی سیمای سیاسی ئەم ناوچەیە بکاتە ئەولەویەتی خۆی. لە هۆکارە بابەتیەکانی ئەو بیرو باوەڕە کۆڵینەوە... دواتریش سەرنجی ئەو میکانیزم و ئالیەت و پرۆژانەماندا، کە ئەمریکا دەیەوێت لە میانەیانەوە سیماو پێکهاتەی ناوچەکە بگۆڕێت...

هەموو ئەو بگرە و بەردەیەشمان بۆ ئەوەبوو تاکو بۆهەموان ڕوون بێتــەوە کــە گــۆڕانی سیاســەتەکانی ئــەمریکا بەرانبــەر ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست، بەم جۆرەی کە لە لێدوانی بەرپرسان و پرۆسەکانیاندا دەردەکەوێ، لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکەیە، ئەو گەلانەی کە لە قۆناغە مێژووییەکانی پێشتردا ستەمیان لێکراوە (بە تایبەتی کورد)... بەڵام هێشتر کۆمەڵێ پرسیاری جدی ماونەتەوە کە هەوڵ دەدەین لە دەروازەی دووەمدا لەسەریان ڕابوەستین، وەك : ئەگەر گۆڕانەکە بەباری وێناکردنەوەی سنورەکانی ناوچەکەدا چووەتە نێو ئەولەویاتی نەخشەڕێژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە و ڕەگەزێکی سەرەکیە لــە دیــاریکردن و مــسۆگەر کردنــی بەرژەوەندیــە ســتراتیژیەکانی ئەمریکادا گەلانی ناوچەکەش لێی سودمەن ئەبن، ئایا پێگەی کورد لــەم گــۆڕان و وێنەکردنەوانــەدا، کامەیــە؟ لــە ســەنتەردایە یــان لــە پەراوێزدا؟ تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغەی خەباتی گەلی کورد چین؟ گرنگی کورد (وەك نەتەوەیەکی گەورە و ستەملێکراو) لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا بۆ ئەمریکا چیە؟ ئایا دەکرێ سنورەکانی ناوچەکە وێنا بکرێتەوە لە نائامادەگی کورد دا؟ ئایا لەبەر ڕۆشنایی پێدراوەکانی ناوچەکەدا، ئەم ئەزمونەی کورد بەرەو بەهێزی مل دەنێت یان بەرەو پوکانەوە؟ ئەگەر لە قۆناغی ئایندەدا، کار لەسەر ئیتنیك و ڕاستیە دیموگرافیەکان بکرێت، کارتی کوردی بەچ بارێکدا ئەکتیف دەکرێ؟ ئایا ئەکرێ گرە و لەسەر سەردەمی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بکەین، لەو ڕووەوە کە تیایدا خەونە مێژویی و نەتەوەییەکان بۆ کورد بێتەدی؟ ئایا بەبێ زەقکردنەوەی زیاتری ڕۆڵی کورد ئەتوانرێ سیمای ناوچەکە بگۆڕدرێت و ئامانجەکانی گۆڕانەکەی تێدا مسۆگەر بکرێ؟ لەو ڕووە وە، بەڵگەکان، دیکۆمێنت و ئەرگۆمێنتەکان پشتگیری لەکام بۆچون دەکەن، ئەوەی کە پێی وایە کورد وەك قۆناغە مێژوییەکانی تر، زیان دەکات، یان ئەو بۆچونەی کە پێی وایە ئەمجارەیان قەدەری کورد، مژدەبەخشە و هەر ئەو قەدەرەش بەرژەوەندیەکانی ئەم گەلە و ئەمریکایشی لە خاڵێکدا کۆکردۆتەوە کە بریتیە لەزەرورەتی گۆڕینی سنورەکانی ناوچەکە؟....

لەدەروازەی دووەمدا، و وردتر لەسەر ئەم ئیشکالیەتە ڕادەوەستین.

## دەروازەی دووەم

# کورد بەرەو سەربەخۆیی

**دەکرێ لە داهاتودا هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە ئازاد بن...**

**جۆرج دەبلیو بۆش**

**عێراق یەکەم وڵات دەبێ دان بە سەربەخۆیی کورد دا ئەنێت...؟**

**تاریق عزیز**

**گۆڕان و پەرەسەندنەکانی باکووری عێراق، هێزێکی سیاسی،یاسایی، عەسکەری و سایکۆلۆژی ئەوتۆی بەکورد بەخشیوە کە لە مێژوودا نەبووە... !!**

**ئیلکەر باشبوغ**
**فەرماندەی هێزی زەمینی سوپای تورکیا**

# ڕێخۆشکردن

لـە دەروازەی یەکەمـدا، ئـەوەمان ڕوون کـردەوە کـە ئـەمریکا پـشت ئەستورە بە چەندین هۆکارکاتێ کە هەوڵەکانی لەسەر گۆڕینی سیمای سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت چـڕدەکاتەوە... هەوڵـەکانیش بـە میکـانیزم و ئالیـەتی گونجـاو(بـەگوێرەی پێکهاتـە و نەسـیجی کۆمەڵایەتی و کـەلتوری ناوچـەکە) پڕچـەك کـراون... و لـە کۆتایـشدا هیچی لێ چاوەڕوان ناکرێ جگە لـە گـۆڕینی سـیمای ناوچـەکە... لـەم دەروازەیەدا هەوڵ ئەدەین پێگەی کورد لە ناو ئەو پرۆسەی گۆڕانـەدا دەسـت نیـشان بکـەین... کـورد وەك یـەکێك لـە پێکهاتـە ئیتنیکیـە تایبەتمەندەکانی ناوچەکە....

ئـەم دەروازەیـەشمان کردۆتـە سـێ بەشـی سـەرەکی بـەم جـۆرە: لـە بەشی یەکەمدا سەرنج لەو هۆکارانە دەدەیـن کـەوا دەکـەن ئـەزمون و هەسـتانەی ئـەمجارەی کـورد، جیاوازبێـت لـە ئەزمونـە مێژوییـەکانی تری... کە هـەر ئـەو هۆکارانـەش وادەکـەن کـورد موئەهـەل بێـت بـۆ ئـەوەی ئـاوڕی جیـدی لێ بدرێتـەوە. دیـارە لـە مـاوە مێژوییـەکانی ڕابـردودا ئـەو هۆکارانـە بـۆ شـۆڕش و ئەزمونـەکانی کـورد دەسـتەبەر نەبوون. چ لەئاستی خودی کێشەکەدا چ لە ئاستی نێـو دەوڵەتیـشدا. لە بەشی دووەمیشدا بـە دیدێکی شـیکاریەوە هـەموو ئـەو وێستگەی

بەرەو پێشەوە چوونانە ئاماژە پێ ئەدەین کە لە سەرەتای ڕاپەڕینی (بەهاری ١٩٩١) ەوە تا ئێستا ئەزمونی کورد بەباری گەشەکردندا پیایدا تێ پەڕیوە....هەریەك لەو دووبەشە ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوەی دەرك بە گرنگی و بایەخی کورد لە وێناکردنەوەی نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بکەین... و ئەو بیرو ڕاستراتیژیەش کەشف بکەین کە پێی وایە:

ئەکتیڤ کردنی کارتی کوردی بە باری سیاسیدا، بە تەواوی سیمای ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەگۆڕێ.

## بەشی یەکەم

# فاکتەرەکانی هێز و تایبەتمەندیەکانی ئەمجارەی کێشەی کورد

لەوەتەی ڕاپەڕینەکەی (بەهاری ١٩٩١) ڕویداوە تا هەنوکە، دۆزی کورد گرنگی و بایەخێکی جیاوازتر لەسەردەمەکانی پێشوی پێ دراوە، چ لەئاستی ناوخۆدا، چ لەئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیشدا... ئەم بایەخ پێدانە بەشێوەیەکی گشتی بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ و ئەم ڕاستیەش شاردراوەنیە لای هەموو ئەوکەسانەی کەچاودێری بەرەوپێشەوە چونەکانی دۆزی کورد دەکەن... بەڵام گەربمانەوێت بەچاوێکی شیکارانە و بابەتیانە لەو ڕاستیە بنواڕین و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شی بکەینەوە، دەبێ دوورتر لەو دیدە ڕوکەشانە سەرنج بدەین و هەوڵ بدەین لەنهێنی ئەم بەرەو پێشەوە چوونە بەووردی تێ بگەین... لەسەرەتاوە پێویستە بپرسین: هۆکارەبابەتیەکانی ئەم بەرەوپێشەوە چوونەچیە؟ بۆچی شۆڕش و هەستانەوەی ئەمجارەی کورد، جیاوازترە لەماوەکانی پێشو؟چیە وادەکات پاڵپشتی ئەم جارەی کورد لەئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتربێت؟ ئەو هۆکارانە زیاتر پەیوەستن بەخودی کێشەکەوە یان بەو بارودۆخە بابەتیەوە کەلەئاستی نێو دەوڵەتیدا دەوری کێشەکەیان داوە؟...

ئێمە دەتوانین هۆکارەکانی بایەخی نائاسایی ئەم جارەی دۆزی کورد، بە گشتی بەم شێوەیە ڕیز بکەین:

## یەکەم: هۆکارە خودیەکان:

هەندێ لەو هۆکارانە، بناغەی هێزو تایبەتمەندی ئەم جارەی دۆزی کوردن، هیچکام لەو هۆکارانە لە پشتی شۆڕش و هەستانەوەکانی ڕابردووی کوردەوە نەبوون و هەر ئەمەش وایکردووە، ئەو شۆڕش و هاستانەوانە لە پەراوێزی ڕووداوەکانی هەرێمایەتیدابن و نەشتوانن بگەنە ئاستی نێودەوڵەتی، دواجار سەرەنجامەکەشیان بەنسکۆی یەك لە دوای یەك گەشتووە. ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت گەر بڵێم:هەر ئەم هۆکارە خودیانەشە وادەکەن ئامادەگی ئەمجارەی کورد نائاسایی بێت و هەڵگری ڕەگەزەکانی سەرکەوتنیش بێت لە هەناوی خۆیدا... لە لایەکی تریشەوە بەهێزی ئەم خودە کوردیە، وادەکات کێشەکە پەیتا پەیتا ڕەهەندی نێودەوڵەتی بوون وەربگرێ و جارێکی دیکە سیاسەتی نێودەوڵەتی نەتوانێ چاو لە هەبوونی کێشەیەك بە ناوی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپۆشێ (با ئەو نەتوانینەش تا ئێستا لەڕووە ئەخلاقیەکانیشەوە بووبێت)...

**لەژێر هۆکارە خودیەکاندا، ئەم پێدراوە گرنگانە ڕادەوەستن:**

١) **<u>ئەنفال</u>:** لەڕاستیدا مەرگەساتی ئەنفال، ڕوداوێکی و یژدان هەژێنی گەورەیە و لەناخەوە و یژدانی مرۆڤایەتی بریندار کردووە... ڕاوەستانی ئەم جنێوسایدە لە پشتی شۆڕشی ئەمجارەی کوردەوە، کۆمەڵێك پەیگیری ئەخلاقی و مرۆیی دەخاتە ئەستۆی هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بەکێشەی کوردەوە هەیە. لە سەروی هەموویانەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە خۆیان بەپارێزەری بەها مرۆییەکان و پرەنیسپە ئەخلاقیەکان دەزانن لەجیهاندا. بەتایبەت وەك

ئاشکرایە، سیاسەتەکانی ئەمریکا هەر لەسەرەتاوە تا ئێستاش، بارگاوی بوون بەڕەهەندی ئایدۆلۆژی و ئەخلاقی... ڕونترین بەلگەش لەسەر ئەم بارگاوی بوونە بریتیە لە (پێداگرتنی ئەمریکیەکان لەسەر بلاوکردنەوەی دیموکراسیەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا) بەڕادەیەك ئەمریکا پێی وایە کەمتەرخەمی کردن لە بلاوکردنەوەی کەلتوری دیموکراسیدا دەبێتە مەترسیەکی گەورە لە سەر ئەمریکا... جۆرج بۆش لەوتارە بەناوبانگەکەی لەڕۆژی (٢٠٠٣/١١/٦) دا و لەئاهەنگی یادی بیست سالەی دامەزراندنی (سندوقی نەتەوەیی بۆ دیموکراسیەت) جەختی لەسەر ئەم نەهجە ئەخلاقیەی سیاسەتەکانی ولاتە یەکگرتوەکانی کردەوە کاتێ گوتی:(شکستی دیموکراسیەت لەعێراقدا، تیرۆریستیەکان لە هەموو جیهاندا پشت ئەستور تردەکات، مەترسیەکانیش لەسەر گەلی ئەمریکا زیاتر دەکات، ملیۆنەها کەسیش لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئومێد ڕووخا و دەکات) [٤٨]

کەوابێ لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە کە شۆڕشی ئەمجارەی کورد، بە پالپشتی کارەساتێکی گەورەی وەکو ئەنفالەوە هاتۆتە پێشەوە،خۆیشی لەبەرانبەر گوتارێکی سیاسی وا دابینیەوە کە تەواو لەبارە بۆ ئەوەی لە دەرهاویشتەکانی کارەساتە مرۆییەکانی لە جۆری ئەنفال و جینۆسایدەکانی دیکە تێبگات. نەك هەر ئەوەندە، بگرە خۆیشی بە بەرپرسیار دەزانێ لەوەی ڕێگە نەدات ئەو جۆرە کردەوانە کە دژی مرۆڤایەتین لە جیهاندا ڕووبدەن. یان پێشکەشکردنی ئەو گوتارە ئەخلاقی و ئایدۆلۆژیە لەلایەن ئەمریکاوە باشترین گرەنتیە بۆ ئەوەی تیایدا کارەساتێکی وەکو ئەنفال ئیستیسمار بکرێ.

لــە مێــژوی نوێــدا، ئــەمریکا لــە ڕێگــەی کاریگــەری ئــەم گوتــارە ئایدۆلۆژیــەوە، دەســتی وەرداوەتــە زۆرێــك کێــشەی جیهــانی (وەك کێشەی جینۆسایدکردنی موسوڵمانانی بۆسنەو هێرسك).

هەرچــەندە ئەقڵیــەتی شــۆڤێنی و تونــدڕەوی نەتــەوەیی عــەرەب، مەرگەسـاتی ئـەنفالی خوڵقانـدووە، بـەڵام ئەمریکیـەکان پێیـان وایـە، ئـەرکی ئـەوان بەرگرتنـە لـەو جۆرەکردەوانـە، زۆر بەسـادەیی لەبـەر ئەوەی دەبێتە هـۆی بڵاوبونـەوەی بـێ ئومێـدی و تـیرۆر لـە ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا (لـە جیهانیـشدا بـە گـشتی) کـە دواجـار ئـەم پەتایەش مەترسی لەسەر ئاسایشی ئەمریکا دروست دەکات. کەواتـە یـەکێك لـە جیاوازیـەکانی ئـەمجارەی هەسـتانەوەی کـورد، ئەوەیـە کەکورد خاوەنی جینۆسایدی ئەنفالە، لە کاتێکدا لە شۆڕشەکانی تردا ئەم پێدراوە گرنگەی نـەبووە. تـاکو بتوانـێ لەڕێیـەوە موخاتەبـەی و یژدانی مرۆیی و سیاسەتەکانی ئەمریکا بکات.(٤٩)

٢) **هەڵەبجە**: دووەمین خاڵی جیاکەرەوەی ئەم هەستانەوەیە، بریتیە لەوەی کە ئێستا کورد خـاوەنی مەرگەسـاتی هەڵەبجەیە... بـەڵام شۆڕشەکانی دیکە ئەم پێدراوە گرنگەیشی نەبوو. ئەم مەرگەساتە بـە ئەندازەیـەك گەورەیـە کـە هاوشـانی ڕووداوی (هۆلۆکۆسـت) مـادەی تێدایـە، بـەهای تێدایـە بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی سیاسـیەوە وەبـەربهێنرێ. ڕاسـتە کـورد تـا ئێـستا نـەیتوانیوە بەقـەبارەی کارەسـاتەکە سـوودی لێ وەربگـرێ لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو ڕووداوە بوەتە ناسنامەی ستەملێکراوی کـورد و کـۆدەنگ بـوونی ناوەنـدە جیهانیـەکان لەسـەر زەرورەتـی پاراسـتنی کـورد و گەشـەدان بـە دۆزەکەی..چونکە ئەم مەرگەساتە ڕەهەندی نێو دەوڵـەتی هەیـە.

لەو خاڵەشدا لە کارەساتی ئەنفال جیادەبێتەوە کە وەکو گوتمان، لە ئەنفالدا، بیرۆکە و جێبەجێ کردن و کارەکتەرەکان، عەرەبی عێراقی بوون. بەڵام لە مەرگەساتی هەڵەبجەدا ئەگەر بیرۆکەکەی عەرەبی عێراقی بوبێت، ئەوا میکانیزمەکانی جێبەجێ کردنی (فڕۆکە و گازە ژەهراویەکان) بەرهەمی تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوابوون! بەو پێیەش ڕۆژئاوا دەبێتە قەرزاری مێژویی نەتەوەی کورد...

٣) **__ویـران کردنـی گونـدو لادێ و شارۆچـکەکانی کوردستـان و گواستنەوەی زۆرینەی ڕەهای کورد بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکـان لـە ساڵەکانی هەشتادا__**، ئەم شاڵاوە لە (١٩٨٧) دا گەشتە لوتکە. لەو ئۆردوگایانەدا خەڵکی کورد، مل کەچ کران بەوەی لە بارودۆخێکی ناڕەحەتی وادا گوزەران بکەن کە مەبەست لێی ویران کردنی قەوارەی مادی کۆمەڵگەی کوردی و لە ناوبردنی لەسەر خۆی ژیانی سەدان هەزار کوردی ئاوارەکراوی نێو ئەو ئۆردوگایانە بوو... ئەم پێدراوەش لە دوو ڕووەوە بۆ دۆزی ئەمجارەی کورد گرنگ بوو:

**__یەکەم:__** هەموو کوردی لەسەر ئەو خاڵە کۆکردەوە کە هەموویان پێکەوە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە کراونەتە ئامانج و لەسەر کوردبونیان سزا ئەدرێن... ئەمەش تۆخ کردنەوەی مەترسیە ئەتنیکیەکە بوو لای هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەبێ جیاوازی..یانی کۆکردنەوەی کورد لە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکاندا، هەموو کوردی تێگەیاند (بەخوێندەوار و نەخوێندەوار و گەورە و بچوکەوە) کە مەترسی جیدی لەسەر ژیانیان هەیە. بەڵام ئەم هەستە لە هیچ کام لە مەرگەساتەکانی تردا تەعمیم نەدەبوو بەسەرناخی

هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، بە جۆرێ ئەگەر لە کارەساتی ئەنفال یان هەڵەبجەدا، خەڵکی هەستیان بەوە کردبێت کە تەنها ئەو خەڵکە کراونەتە ئامانج کە بەر شاڵاوەکان کەوتوون، ئەوا لە کۆکردنەوەیاندا لە ئۆردوگاکان، هەموو کورد، یان ڕێژەی زۆریان هەستیان بەوە دەکرد کە لە بەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە سەختەی کە ناچارکراون تیایدا بژین، ژیانیان لە مەترسیدایە. یانی لەم حاڵەتەدا هیچ گومان نەمایەوە لەسەر ئەوەی کە مانەوەی نەتەوەی کورد لە عێراقدا هەڕەشەی جیدی لەسەرە و ڕوو بە ڕووی (پاکتاوکرنی ڕەگەزی) بوەتەوە.

دووەم: کۆکردنەوەی ئەو خەڵکە لە نێو ئۆردوگاکاندا و ناچار کردنیان بەو شێوەژیانە سەختە، بەتەواوی لەپاڵ ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجەدا، پێناسەکانی قڕکردنی ئیتنیکی (جینۆساید) یبەسەردا دەبڕێ.

ئەم مەترسیەش وایکرد هەموو گەلی کورد لە دەوری ڕاپەڕین و هەستانەوەی ئەمجارەی کورد کۆببنەوە... لە کاتێکدا شۆڕشەکانی دیکە ئەم پاڵپشتەشیان نەبووە.[٥٠]

١) کۆڕەو: کۆڕەوە ملیۆنیەکەی بەهاری (١٩٩١) یەکێکە لە پاڵپشتە هەرە گەورەکانی هەستانەوەی ئەمجارەی کورد، تێبینی دەکرێ قورسایی ئەم ڕووداوە لەسەر ڕای گشتی جیهان ناوەندە سیاسیەکانی دونیا، زۆر گەورەتر بوو لە جینۆ سایدەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و کۆمەڵگە زۆرە ملێکان، ئەم ڕوداوە هەرچەندە بەرەنجامی ڕاپەڕین بوو، بەڵام لە خودی ڕاپەڕینەکە گەورەتربوو، هێندە بەسە کە بڵێین: ئەم ڕووداوە بویە هۆی ئەوەی خەباتی

کـورد لـە شـاخەکانی کوردسـتانەوە بگوازێتـەوە بۆسـەر مێـزی گفتوگۆکان و کەوالیسەکانی بڕیاردان لـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان و پایتەختە گرنگەکانی دونیادا (لەندەن، پاریس، واشنتۆن)... ئـەم ڕووداوە سەرنجی هەموو جیهانی ڕاکێشا بەرەو ئـەو ڕاسـتیەی کـە نەتەوەیـــەك هەیـــە و قڕدەکـــرێ. لـــە ئەنجامیـــشدا نەتـــەوە یەکگرتوەکان بڕیاری (٦٨٨) ی لە ڕۆژی (١٩٩١/٤/٥) دا پەسـەند کرد بۆ پاراستنی کورد... ئەم بڕیارە سەرەتای کرانەوەی چانسی کورد بوو لە هەموو کایەکانی تردا... (لە بەشی دووەمدا بـەووردی لەکاریگەری ئەم گۆڕانە پڕبایەخە دەدوێین).

٢) مامەڵـــەو هەڵـــسوکەوتەکانی کـــورد، لـــە دوای ڕاپەڕینـــەوە، تاڕادەیەکی زۆر جێگەی قبوڵە لەلایەن ناوەندە جیهانیەکانـەوە... بە تایبەت لەڕووی پەنابردنیەوە بۆ میتۆدە هاوچەرخەکانی حـوکم وەك :(هەڵبژاردنـە پەرلەمانیـەکانی مـانگی ١٩٩٢/٥، هەڵبـژاردنی شارەوانیەکانی ساڵی٢٠٠٠... هتـد) هەرچـەندە ئـەم پرۆسـانە بـێ کەم و کوڕی نەبوون، بەڵام بە تەنها بیرلێکردنەوەیان لەنێو کـەش و هەوای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەستکەوتێکی مێژوییە و دەکرێ بڵـێین: هەوڵـدانی کـورد بـۆ پڕکردنـەوەی بۆشـاییە ئیداریـەکان و شـــێوازی دیموکراســـیانەی خۆبـــەڕێوەبردن و دروســـت بـــوونی ئـــەدگارەکانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی و بڵاوبونـــەوەی کـــەلتوری دیموکراسی (سەرەتایی!) یـەکێکی دیکەیـە لـەو تایبەتمەندیانـەی کە لە هەستانەوەی ئەمجارەی کورد دایەو لـە جارەکـانی پێشودا نـــەبووە... هـــەموو ئەمانـــەش هەوڵـــدانێکی ســـەرەتایین بـــۆ خۆگونجانـدن لەگـەڵ سـتانداردە باوەکـانی ئـەمڕۆی جیهانـدا. بەتایبەت لە بواری خۆبەڕێوەبردندا.

## دووەم: هۆكارە بابەتیەكان:

لەپاڵ ئەو هۆكارە خودیانەدا كە ئاماژەمان پێدان، چەندین هۆكاری بابەتیش لە ئارادان كە هێز و پێزیان بەم ئەزمونەی كورد بەخشیوە،دیاریترین ئەو هۆكارانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١) **شۆڕشی تەكنەلۆژیای مەعلومات**: ئەم خاڵە نەك هەر بۆ كورد، بەڵكو بۆ هەموو گەلانی دونیا پاڵپشتێكی بەهێزە... تەكنەلۆژیای گواستنەوەی زانیاریەكان، كارێكی كردووە چیدی كێشە و گرفت و مەرگەساتەكانی هیچ گەل و نەتەوەیەك لە گۆشە دابڕاوەكان و ژێر ڕەحمەتی ڕژێمە داپلۆسێنەرەكاندا نەمێنێتەوە... ئەگەر كورد لە تەكنەلۆژیای جەنگی ڕۆژئاوا زیانی دیبێ، ئەوا لە تەكنەلۆژیای ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوادا ژیانی دیوە.

تۆماركردنی وێنەكانی مەرگەساتی هەڵەبجە و بڵاوكردنەوەی بە جیهاندا و گواستنەوەی وێنە زیندوەكانی كۆڕەوەكەی بەهار (١٩٩١) بوونە هۆی ئەوەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مەترسیەكانی سەرنەتەوەی كورد بە ئاگابێتەوە. تەنانەت هەندێ لە چاودێران و پسپۆڕان، فەزڵی یەكەم لە دەركردنی بڕیاری (٦٨٨) دا بۆ كاریگەریەكانی دەزگاكانی ڕاگەیاندن دەگێڕنەوە. (٤) لەپاش ئەوەی جیهان بو بە گوندێكی بچكۆلانە، ئیدی بواری ئەوە نەمایەوە ڕژێمەكان بە ئارەزوی خۆیان و دوور لە چاوی ڕای گشتی جیهانی هاوڵاتیان و كەمایەتیەكانی ژێردەستیان قەتڵوعام بكەن... (كاریگەری شۆڕشی مەعلومات لەسەر كێشەی هەرێمی دارفۆر و بۆسنە و هێرسكیش بە ئاشكرا دەركەوت)... دیارە ئەم خاڵە بۆ شۆڕشەكانی پێشوی كورد مسۆگەر نەبوو.

٢) **جیهانی تاك جەمسەر:** ئەگەر لە سەردەمەکانی پێشودا، کێشەی کورد بوبێتە قوربانی ناکۆکی نێوان زلهێزەکان (وەك لە ئەزمونی کۆماری کوردستان لە مهاباد، و نسکۆکەی ١٩٧٥دا دەبینرێ) ئەوا هەستانەوەی ئەمجارەی کورد لە نێو کەش و هەوایەکی نێودەوڵەتی وادایە، کە ئەمریکا تاکە زلهێزی جیهانەو بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی دۆسیەو کێشە جیهانیەکان بەڕێوە دەبات... بایەخدانی ئەمریکا لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە بە کێشەی کورد ئەو مەترسیەی لەسەر کێشەکە دروست نەکردووە، کە زلهێزێکی دیکەی جیهان بتوانێت بۆ زەربەدان لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هەوڵی لاوازکردنی کێشەکە و لە ناوبردنی بەرەو پێشەوە چونەکانی بدات.

٣) **جەنگی دووەمی کەنداو و ئاڵوگۆڕەکانی سیستەمی ئەمنی ناوچەکە:** لە داگیرکردنی کوەیت (١٩٩٠/٨/٢) و سەرهەڵدانی جەنگی کەنداوی دووەم (١٩٩١/١/١٧) دا سیستەمی ئەمنی ناوچەی کەنداو (قولایی یەدەگی پترۆڵ لە جیهاندا کە دەکاتە ٦٠٪ی کۆی یەدەگی جیهان)، هەروەها ئەمنیەتی ئیسرائیل (ڕوکاری هەرێمایەتی هەژمونی ئەمریکا) کەوتە لاوازترین بارودۆخ، لەم کاتەدا کورد هاتەکایەوە (١٩٩١/٣/٧)... واتە کورد لەڕێی ڕاپەڕینەکەیەوە توانی لە لاوازترین ئەڵقە و خاڵی پێکهاتەی سیستەمی ئەمنی ناوچەکەوە بێتە ژورەوە و هەبوونی خۆی بسەلمێنێ، وەکو نەتەوەیەکی خاوەن جوگرافیا لە ناوچەکەدا کە دەتوانێ پێگەی وڵاتانی ناوچەکە (بۆنمونە عێراق) بگۆڕێت. ئەم هاتنە پێشەوەیە ئەنجامی (خورپەی جەنگی کەنداو) بوو، بۆیە ئەمجارە لە هەر جارێکی دیکە زیاتر هاتنە پێشەوەی کورد

جێگـــەی قبـــوڵ بـــوو. ئەمـــەش سروشـــتی پەیوەندیـــە نێـــو دەوڵەتیەکانـــە، کـــە ڕووداوە گـــەورەکان و خورپـــە مێژوییـــەکان بەرەنجام و دەرهاویشتەی تازە ئیفراز دەکەن... بەو مانایەی کـە ئەگـــەر سیـــستەمی ئـــەمنی کەنـــداو، لـــەپێش جـــەنگی کەنـــداودا پێویستی بەوەبوبێت عێراق وەکو دەوڵەتێکی بـەهێز بمێنێتـەوە و لـەم سۆنگەیەشـەوە شۆڕشـەکانی کـورد بـە لاوازکـەری عێـراق و سیـستەمی ئـەمنی کەنـدا و زانرابێـت، ئـەوا لـەپاش ڕوودانـی ئـەو جەنگە و لە پێناوی سەرکەوتنی پلانی (ئیحتیوا) کردنـی عێـراق و جڵـەو کردنیـدا، مانـەوە و بەرقـەرارکردنی ئـەزمونی کـوردی و بەرەنجامەکانی ڕاپەڕین ڕەگەزێکی گرنگ بوون.

## ٤) ١١/سێپتەمبەر و دەرهاویشتەکانی لە ناوچەکەدا:

وەك لـە دەروازەی یەکەمـدا ڕوونمـان کـردەوە، یـانزەی سـێپتەمبەر، بوویـە هـۆی ئـەوەی ڕوانینـی سـتراتیژی ئـەمریکا بـۆ ناوچـەکە و هاوکێشەکانی هێزلەناوچەکەدا بگۆڕێت... بەتایبـەت لـەو ڕووەوە کـە ئەمریکا لەو بەروارە بەدواوە لە بـری تـەرکیز خستنەسەر ڕژێمـەکان، تـەرکیز دەخاتـە سـەر گـەلانی ناوچـەکە و ،سـەرجەم دیـدگاکانی‌بۆ کارکردنە لەنێوگەلانی ناوچەکەدا... گەر بەرلە ١١/سێپتەمبەر مانـەوە و بەرقـەرار کـردن و بـەرەو پێـشەوە بردنـی کارەکتـەری کـوردی و ئـەزمونی کـوردی، یـەکێك بوبێـت لـە پێداویـستیەکانی سیاسـەتی (ئیحتیوا) کردن و کۆنترۆڵکردنی عێراق... ئەوا لـە دوای (٢٠٠١/٩/١١) بـەرەوپێش بردنـی ئـەم ئەزمونـە، دەبێتـە مـەرجی سـەرەکی لەسـەر سەرکەوتنی پرۆسەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا (نەخاسمەپرۆسـەکانی دابەشـکردنەوەی سـنورە سیاسـیەکانی ناوچـەکە) بـە تایبـەت وەك

دەبیـنین ئـەو ڕووداوە ئـەمریکای خـستە بەرانبـەری ئـەو ڕژێـم و وڵاتانەوە کە کوردستانیان بەسـەردا دابەشکراوە (عێراق،سوریا، تـا ڕادەیەکیش تورکیا) ... چونکە هەرکام لەو دەوڵەتانە بگری (جگە لە تورکیـا) تیۆرەکـانی پـاش (١١/٩) یـان بـە سـەردا دەچەسپێ، وەك تیۆرەکـانی (سێکوچـکەی شـەڕ، دەوڵەتـە لـە سـنور دەرچـوەکان، دەوڵەتانی داڵدە دەری تیرۆر).

*******

ئەم خاڵانەی بـە کـورتی ئاماژەمـان پێدان، دوو بـەرەنجامی پڕبایـەخ دەدەن بەدەستەوە:

١)ئـەزمونی ئـەمجارەی کـورد جیـاوازە لـە قۆناغـە مێژوییـەکانی تـر، ئەگەر ئەزمونـەکانی پێشوی مـەحکوم بـووبن بـە فەشـەل، ئـەوا لـەم ئەزمونەی ئێستایدا ئاماژەکانی سەرکەوتن تیایدا پتر ڕەنگ دەدەنـە، وەك لە ئاماژەکانی شکست.

٢) لەبەر ئەو هێـزو پێـزە سیاسـی و بناغـە ئەخلاقیـەی کـە دۆسـیەی کـورد لـە ئێـستادا بـۆی دروسـت بـووە، کـورد وەك کارەکتـەرێکی ستراتیژی و ئەکتیف زیاتر جێگەی قبوڵ و کار لەسەر کردن دەبێت، چ لە ئاستی هەرێمایەتیدا و چ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیشدا....

هـەموو ئەمانـەش دەمانگەیەننـە ئـەو بڕوایـەی کـە بڵـێین: کـارکردن لەسەر دۆسیەی کوردی و بەرەوپێشەوە بردنـی پاسـاوی ئـەخلاقی و مەعنەوی خۆی هەیە... بەڵام لێرەدا پرسـیاری هـەرە بنـەڕەتی ئـەم پرسیارەیە: مادەم ئەمریکا لەڕووی ستراتیژیەوە بـڕوای هاتۆتـە سـەر زەرورەتی گۆڕینی سیمای سیاسی ناوچەکە (لەبەر ئەو هۆکارانەی لـە

دەروازەی یەکەمدا ڕونمان کردنەوە) ئایا وەکاربردنی ئەو بەهێزیانەی لە ئەزموونی ئەمجارەی کورددا هەیە، ئەرکی ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی گۆڕینی سیمای ناوچەکەی پێ جێبەجێ دەکرێ؟ ئایا ئەو هۆکارە خودی و بابەتیانەی لە ئەزموونی ئەمجارەی کورد دا هەن، هێندە یان پاڵپشتی و ستراتیژی لە پشتەوەیە کە ئەمریکا ناچار بکەن بەوەی، کارکردن بە کارتی کوردی بە پێداویستیەکی جێبەجێ بوونی نەخشە و پلانەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ببینێت؟ کورد چۆن دەتوانێت بەشداربێت لە وێناکردنەوەی سیمای ناوچەکەدا؟ ئایا ئەمریکا دەتوانێت لە وێناکردنەوەی سیمای ناوچەکەدا چاو لە هەبوونی کورد دابخات؟... ڕاستە ئێمە لەم بەشەدا ئەوەمان ڕوون کردەوە کە دۆسیەی ئەمجارەی کورد لەڕووی ئەخلاقی و کەش و هەوای نێودەوڵەتیەوە، موئەهەلە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێ، بەلام ئایا هەموو دۆسیەیەکی موئەهەل کاری پێ دەکرێ؟ ئەگەر کارکردن بەم کارتە لەڕووی ئەخلاقیەوە بۆ ئەمریکا پاساوی هەبێ، ئایا لەڕووی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیشەوە هەمان پاساو دەداتە ئەمریکا؟ کورد بۆچی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و گۆڕینی سیمای ناوچەکە گرنگە؟.

## بەشی دووەم

# گرنگی پێگەی کورد لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لەبەشی پێشوی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا، تایبەتمەندی و خاڵەبەهێزەکانی ئەزمونی ئەمجارەی کوردمان ڕوون کردەوە... گەشتینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەزمون و هەستانەوەی ئەمجارەی کورد، چ لەڕووی خودیەوە یان لەڕووی بابەتیەوە، هێندەی خاڵی بەهێز و جێگەی قبولّ هەیە کە ببنە هۆی ئەوەی ئەم ئەزمونە جیاوازبێت لە ئەزمونەکانی پێشوی کورد و ، وابکەن ئەم ئەزمونە موئەهەل بێت بۆ ئەوەی ئەرکە مێژوییەکانی لە ناوچەکەدا ڕاپەڕێنێ.

بەڵام پرسیارێکی چارەنوسساز ڕوو بەڕوومان بویەوە کە ئەویش بریتی بوو لەوەی: ئایا تەنها بەوەی کورد موئەهەل بێت، ئامادەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێك، بۆ پڕکردنەوەی بۆ شاییەك، ئیدی ئەوە بەسە بۆ ئەوەی ئەمریکا کارتی کوردی ئەکتیڤ بکات؟ ئایا موئەهەل بوون بەسە بۆ ئەوەی ئەرکەکەی بخرێتە ئەستۆ؟ یان گرەوی لەسەر بکرێت و پشتی پێ ببەسترێ؟ کورد بۆچی گرنگە لە گۆڕانکاریەکانی ئایندەدا؟.

*******

زۆرێك لە چاودێرانی کارو بارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندە توێژینەوەییەکان، پێیان وایە: فاکتەری کوردی ڕەگەزێکی سەرەکیە لە هاوکێشەکانی گۆڕانی ناوچەکەدا، تەنانەت پرۆسەی گۆڕانەکە لە هەندێ برگەی چارەنوسسازیدا، بەبێ کورد ناتوانێ ڕێ بکات...

چەندین بەڵگە و پێدراو لە ئارادان، کە دەکرێ بکرێنە بەڵگە لەسەر بەهێزی کارتی کوردی و گرنگی ڕۆڵی کورد لە گۆڕانکاریەکاندا. دیاریترینی ئەو بەڵگانە بریتین لە:

## ١) گەلانی ناوچەکە، خاڵی تەرکیزی سیاسەتەکانی ئەمریکان نەك ڕژێمەکان:

### دەکرێ لە داهاتودا هەموو نەتەوەکان ئازاد بن

**جۆرج دەبلیو بۆش**

سەرۆکی ئەمریکا، لە وتارە بەناو بانگەکەیدا، کە دواتر بویە بناغەی ڕەنگ ڕێژی کردن بۆ پرۆسەکانی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا گوتی: (گەلانی چاکە خواز و بەڕێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شایستەی ڕێبەرایەتی کردنی بەرپرسانەن... هێزو پێزی گەلانی ئازادی خواز ئێستا لە مەحەك ئەدرێ، لە بەردەم جیهانێکدا کە چاودێری هەڵس و کەوتەکانمان دەکات... بە دڵنیاییەوە لەم تاقی کردنەوەیەش سەردەکەوین... لەسەر ئەم بناغەیە وڵاتە یەکگرتوەکان سیاسەتێکی تازە، ئیستراتیژیەتێکی بەرەو پێشەوە چوونی لە بەرانبەر ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داناوە... بە دڵنیاییەوە دیموکراسیەت لە عێراقدا سەردەکەوێت... ئەم سەرکەوتنەش پەیامێك ئاراستەی دیمەشق و تاران دەکات کەتیایدا دەڵێت.

دەکرێ لە داهاتودا هەموو نەتەوەکان ئازادبن) [٥١]

ئەگەر بمانەوێت سەرجەم برگەو ماناکانی نێو ئەو گوتەیە ڕوون بکەینەوە، ئەوا کاتێکی زۆرمان دەوێت... لەبەر ئەوە هەوڵ ئەدەم گرنگترین ئامازەکانی لەچەند خاڵێکدا ڕوون بکەمەوە:

ئـەليف) ئـەمريكا ديدگايـەكی سـتراتيژی درێژخايـەنی دانـاوە بـۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

أ) كرۆكی ئەو ستراتيژە بريتيە لە كاركردن لەسەر گـەلانی ناوچـەكە (كە كورد يەكێكيانە) !.

ب) ڕژێمـەكانی ناوچـەكە كراونەتـە ئامـانج، بـە تايبـەت ڕژێمـی ئـەو وڵاتانەی كـە كورديـان بەسـەردا دابەشـكراوە (جـۆرج بـۆش لـەو و تارەدا بەتايبەتی ناوی ديمەشق و تاران دێنێ).

ت) دەكـرێ لـە داهـاتودا هـەموو نەتـەوەكان ئـازادبن... مەبەسـت لەنەتەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە... ئايا كـورديش يـەكێك نيـە لەو نەتەوانە؟ ئايا هەر گۆڕانكاريـەكی جەوهـەری كـە نەتـەوەكانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بگرێتـەوە، بـەبێ بەشـداری كـورد دروسـت ئەبێ؟ لە كاتێكدا وەك دەبيـنين جـۆرج بـۆش كـارتی نەتـەوەكان كـارا دەكـات لەبەرانبـەر كارتـە جوگرافيەكانـدا! يـانی ئەگـەر لەسـەردەمەكانی پێشودا، جوگرافيـا و دروسـتكردنی جوگرافيـای سياسی جێگەی بايەخ پێدانی وڵاتانی ئيمپرياليستی بوبێت لەسەر حـسابی نەتـەوەكان... ئـەوا ئـەمجارەيان نەتـەوەكان سـەنتەری گۆڕانكاری و گرنگی پێدانەكە دەبـن... دواجـاريش بـەم پرسـيار و گريمانەيـە كۆتـايی بـەم خاڵـە دێـنم: گريمـان ئـەمريكا بيـەوێت ڕەفتارێكی دياريكراو لەبەرانبەر ئێران يان سـوريادا پێـڕەو بكـات، ئايا لـەوبارەدا كـورد (وەك بەشـێكی سـەرەكی لـە پێكهاتـەی ئـەو وڵاتانە) ئاوڕی جيدی لێ نادرێتەوە؟، ئايا لـەو بـارەدا بـەبێ كـورد هـيچ هـەنگاوێك دەنـرێ؟ ئايـا ئـەزمونی كـورد لـە دوای پرۆسـەی ئازادی عێراق، نابێتە باشترين بەڵگەو ئەزمون بۆ ئەوەی كـە كـورد دەبێتـە كـارتێكی كـارا لــە هاوكێـشەكانی لــە جـۆری ئەمــەی

عێراقـدا....بەتایبـەت وەك چـاوەڕوان دەکـرێ کردەوەیـەکی نـا ئاسایی لە بەرانبەر ئێراندا بەڕێوەیە؟ چونکە ئێران لەم قۆناغـەدا، لـە هـەموو کـاتێکی تـر زیـاتر ، نێزیکـە لـەوەی لەگـەڵ ڕۆژئـاوا و ئەمریکادا ڕوو بەڕوو بێتەوە. لە سـۆنگەی بەرنامـە ئەتۆمیەکـەی و کێـشەی بـە تیرۆریـست لـە قەڵەمـدانی سـوپای پاسـدارانەوە. بــەگوێرەی بڕیــاری ڕۆژی (٢٠٠٧/٩/٢٦) ی ئەنجومــەنی پیرانــی ئەمریکا. [٥٢]

پ) لـە ئـەنجامی ئاڵوگۆڕەکـانی ناوچـەکە و ، لـەنێو دیـدگای تـازەی ئەمریکادا زیاتر ئەو دەوڵەتانە موستەهدەفن کە کوردیان بەسـەردا دابەشکراوە:

ئەمەشیان ڕاستیەکی بەرچاوە، کـە ئـەو وڵاتانـەی کوردیـان بەسـەردا دابەشکراوە، لەبـەر چـەندین هۆکـاری خـودی و بابـەتی چـونەتە نێـو خانەوبازنەی دژایەتی کردنی ئەمریکاوە، ئـەمریکاش ڕۆژێـك لـە ڕۆژان ئــەوەی نەشــاردۆتەوە کــە ئــەو دەوڵەتانــە ئامــانجی گۆڕانــەکانی ئایندەن...

## ٢) لە دوای ڕووداوەکانی (١١/ئەیلول) دبلۆماسیەتی ئەمریکا کۆمەڵێ ئاماژەی ڕوونی لەو بارەیەوە پیشانداوە... بۆ نمونە:

أ) **هاتنە** پێشەوەی دەستەواژەی (**کەوانەی شیعی**) کـە ئـەمریکا بـۆ دیــــاریکردنی جوگرافیــــای ئــــەو مەترســــیانەی بەســــەر بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا دروست بووە، بـەکاری دەهێنـێ، بێگومان ئەو کەوانەیە بە ئێران دەست پێ دەکات و لە سوریادا و لوبناندا دەچەمێتەوە و لە کەرتی غەززەش کۆتایی دێت.

ب) له پلانه نهێنیەکەی پەنتاگۆندا، کە ژەنراڵ (ویسلی کلارك) لە پەرتوکەکەیدا ئاماژەی پێ ئەدات، سێ دەوڵەت لەوانەی کە پلانی کۆنترۆڵکردنیان بۆ داڕێژراوە، لەو دەوڵەتانەن کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە (عێراق، ئێران، سوریا) . [٥٣] هەرچەندە ئەم پلانە دزەی پێکراوە لەلایەن ژەنراڵی ناوبراوەوە، بەڵام تائێستا لەلایەن پەنتاگۆن و هیچ ناوەندێکی فەرمی ئەمریکیەوە نکولی لێ نەکراوە و ڕەت نەکراوەتەوە... ئەمەش لە سادەترین مانایدا ئەوە دەگەیەنێ کە پلانەکە کاری لەسەر دەکرێ.

ت) لە ماوەی چوارساڵی پاش ئازادکردنی عێراق، هەمیشە ئەمریکیەکان (ئێران و سوریا) یان بە پەکخەری بەرەوپێشەوە چونەکانیان زانیوە، بێگومان ئەم بەرەو پێشەوە چونانەش مەسەلەی ژیان و مردنن بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و بۆ ناوبانگی ئەمریکاش لە تەواوی دونیادا.

پ) هیچ کام لەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، جگە لە تورکیا لەنێو هاوپەیمانێتیەکانی دژبە تیرۆر دانین (لەئاستی جیهانیدا) لە ئاستی هەرێمایەتیشدا لە ناو (هاوپەیمانێتی میانەڕەوەکان) [٥٤] دانین. ئەمەش گەر بەڵگەبێ لەسەر شتێ، بە دڵنیاییەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەلی ڕوو بەڕووبونەوەیان لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا زیاترە وەك لە هەر دەوڵەتێکی تری ناوچەکە.

### ٣) بیرۆکە و نەخشە و بڕیارەکانی دابەشکردنی عێراق:

شاردراوە نیە لای چاودێران، کە بیرۆکەی دابەشکردنی عێـراق، پـەیتا پـەیتا لەگەشـەکردندایە و تـا ئێـستا ناوەنـدەکانی توێژینـەوە لـە واشنتۆن چـەندین لێکۆڵینـەوەیان پێـشکەش کـردووە و پاسـاوەکانی ئـەو دابەشـکردنەیان داوە بەدەسـتەوە (بـۆ نمونـە ئـەو پلانـەی کـە ناوەنـدی (سـابن"ی سـەربە (پـەیمانگای برۆکینگـز بـۆ لێکۆڵینـەوەی سیاسی و ستراتیژی لە واشـنتۆن، لەسـەرەتای مـانگی ٧/٢٠٠٧ دا بـە نـاوی (دابەشـکردنێکی ئاسـان) ەوە بـڵاوی کـردەوە) و لـە دیـدێکی زانستیەوە گرنگی دابەشکردنی عێراقیان ڕوون کردبویەوە...

جگـە لـەوەش پرسـی دابەشـکردنی عێـراق، لەلایـەن ناوەنـدە بڕیاربەدەست و خاوەن هەژمونـەکانی واشـنتۆنەوە تەبـەنی کـراوە... لـە گـرنگترین پێشهاتیـشدا ڕۆژی (٢٦/٩/٢٠٠٧) ئەنجومـەنی پیرانـی ئـەمریکا، لەسـەر پێـشنیاری سـیناتۆری دیمـوکرات جۆزیـف بایـدن، پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنـە سـەرۆکایەتیەکەی ٢٠٠٨، کـە ئێستا جێگری سەرۆك ئۆبامایە، پرۆسەی بڕیاری دابەشکردنی عێراقی پەسەند کرد). [٥٥]

بێگومـان ئـەم بڕیـارە ناپـەیگیرە، لەلایـەن ئیـدارەی ئـەوکاتی ئەمریکایشەوە ڕەتکرایەوە، بەڵام بـەم ڕەتکردنەوەیـە بایـەخی خـۆی لەدەست نەدا... لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: پرۆسەی بڕیارەکە لەلایـەن دیموکراتەکانـەوە پێشکەشکراوە، کە ئیستا لـە دەسـتەڵاتدان، لـە حاڵـەتی ... جگـە لـەوەش بڕیارەکـە کـۆدەنگی هـەردوو حیزبـی دیمـوکراتی و کۆماریەکانیـشی لەسـەرە، چونکە (٢٦) سیناتۆری کۆماریش دەنگیان لەسەر بڕیارەکەداوە.

دووەم: زۆرێك لەو بڕیارە چارەنوسسازانەی كە لەلایەن ناوەندە توێژینەوەیی و تەشریعیەكانی ئەمریكاوە پێشنیار و پەسەند دەكرێن، ماوەیەكی دوور و درێژی پێویستە،زەمینەسازی دەرونی و ئیعلامی پێویستە، ئەوجا لەلایەن ئیدارەی ئەمریكاوە جێبەجێ دەكرێن..نمونە لەم ڕووەوە زۆر وزەوەندە... بەڵام ئێمە كومسایی بە(یاسای ڕزگاركردنی عێراق) دەكەین كە لە سەردەمی سەرۆك (بیل كلینتۆن) دا، لە كۆتاییەكانی ساڵی (١٩٩٨) دا لەلایەن كۆنگریسەوە پەسەندكرا و بڕی (٩٥ ملیۆن دۆلار) تەرخانكرابۆ هاوكاریكردنی ئۆپۆزسیۆنی ئەو كاتەی عێراق، بە مەبەستی كاركردن لە ناوخۆی عێراقدا... كەچی ئەو بڕیارە لەساڵی (٢٠٠٣) دا خرایە بواری جێبەجێ كردنەوە و بەناوی (پرۆسەی ڕزگاركردنی عێراق)ەوە ڕاپەڕێنرا.

دەكرێ لەو نمونەیە و هاوشێوەكانیەوە، لە گرنگی و بایەخی ئەو بڕیارە ناپەیگیرە تێ بگەین كە لەلایەن كۆنگریسەوە پەسەندكراوە... ئەم جۆرە پرۆسە و باس و خواسانە، دەمانگەیەنێتە دەرەنجامێكی لۆژیكی، ئەویش بریتیە لەوەی بیرۆكەی دابەشكردنی عێراق، بەجیدی لە ناوەندە بڕیار بەدەستەكانی ئەمریكادا باس و خواسی لەسەر دەكرێ و تاوتوێ دەكرێ... ئینجا لەم باس و خواسە ئەگەر بە دابەشكردنی عێراق بۆسێ هەرێمی فیدراڵیش كۆتایی بێت، هێشتا ئەو پرۆسەیە بەبێ كورد جێبەجێ ناكرێ... زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی كورد بەشێكی سەرەكی پێكهاتەی گەلی عێراقە... بۆیە پێویستە كورد زۆر بەئاگابێت لەبایەخی خۆی بۆ جێبەجێ بوونی پرۆسەكە. یانی نابێ ئاتاجی ئەمریكا بۆ ڕۆڵی كورد بەفیڕۆ بدرێت، بەڵكو پێویستە تا ئەو پەڕی ڕادەی گونجان، سودی لێ وەربگیرێت. ئاشكرایە ئەم سوود لێ وەرگرتنەش ڕادەوەستێتە سەر سەلیقە و

شارەزایی کورد لەبەڕێوەبردنی قۆناغەکە و بە ئاگابوونی لە جومگە سەرەکیەکانی ئەو دیدگاستراتیژیەی کە لە پرۆسەکانی گۆڕانی سیمای ناوچەکە (بەعێراقیشەوە) لە چوار چیوەیدا لەدایك بوون.

## ٤) پرۆسەکانی دابەشکردنی وڵاتانی ناوچەکە بەگوێرەی پێکهاتە ئیتنیکیەکان:

لەمیانەی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ لەو ئاتاجانەمان ئاماژە پێدا کە دابەشکردنی ناوچەکە بەگوێرەی ڕاستیە دیموگرافیەکان دەکەنە ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا... بێگومان ئەم قسەیەمان لە سۆنگەی پێشکەش کردنی گریمانە و مەزەندەکاریەوە نەبوو... بەڵکو زۆرێك لە ناوەندە بڕیاربەدەست و نیمچەفەرمیەکان لە ئەمریکادا، بیرۆکەی دابەشکردنەکەیان ڕەنگرێژ کردوە و نوسیویانەتەوە، لەبەشی هەرە زۆری ئەو پرۆژانەدا، کوردستان چەقی گۆڕانکاریەکانە... بەجۆرێ بەبێ جوگرافیای کوردستان هیچکام لەو نەخشانە جێبەجێ ناکرێن...

بۆ نمونە ئەو نەخشەیەی کە پێگەی ئەلکترۆنی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا بڵاوی کردەوە. (٥٦) ئەم نەخشە تازەیە کە ناونراوە (سنورەکانی خوێن) (٥٧)

باس لە دروست بوونی دەوڵەتی (نەتەوەیی و مەزهەبی پوخت) دەکرێ وەك (کوردستان، سونیستان، شیعستان)... ئەم دیدگا تازەیەش پراکتیزەکردنی حەرفی ئەو سیاسەتەی ئەمریکایە کە وەکو گوتمان تەرکیز دەخاتە سەر گەلانی ناوچەکە... ڕەنگدانەوەی ئەو

ستراتیژیەتە درێژخایەنەشە کە سەرۆکی ئـەمریکا بـە دێڕێك دەربـڕی لێکرد و گوتی:(دەکرێ لە داهاتودا هەموو نەتەوەکان ئازادبن) ! !.

کـارکردن لــە ســەرکارتی ئیتنیــك چــەندین گــۆڕانی جەوهــەری دێنێتەکایـەوە، بەتایبـەت لـەنێو سیـستەمی ئاسایـشی ناوچـەکەدا و ،بەتایبـەتی تـر ئـەو شـریتە کلاسـیکیەش تێـك دەشـکێنێ کـە لـە سـەرەتای دروسـت بـوونی دەوڵــەتی ئیـسرائیلەوە، دەوری ئــەو دەوڵەتــەیان داوەو، لــە ئەنجامیــشدا هاوکێـشەیەکی ســەرنەکەوتوی ئەمنییان پێکهێناوە.[٥٨] باشترین بەڵگەش لەسەر گرنگی ڕۆڵی کـورد، خـودی ئـەو نەخـشەیە کـە تیایـدا سـنورە ئایندەییـەکانی دەوڵـەتی کوردستان ڕوون کراوەتەوە. بەو پێیەی کە کورد یەکێکە لـە پێکهاتـە سـەرەکیەکانی گـەلانی ناوچـەکە و ، وەك لـە بەشـی یەکـەمی ئـەم دەروازەیەشـدا ڕوونمـان کـردەوە موئەهەلیـشە بـۆ ئـەوەی ئەرکـە مێژووییەکانی ڕاپەڕێنێت... هەروەها لەبەر ئەوەش کە تا ئێستا بوونی فاکتـەری کـوردی لـە پاراسـتنی سیـستەمی ئـەمنی ناوچـەکەدا بـە ئەزموون تاقی نەکراوەتەوە.

## ٥ ) فــراوان بــوونی بازنــەی بەرژەوەندیــەکانی ئــەمریکا ( کــشانی جوگرافی ):

پاشەکشەی هـەژموونی ڕوسـیا و (بـەر لـەویش یـەکێتی سـۆڤیەت) و لەبەرانبەردا کشانی بەرژەوەندیـەکانی ئـەمریکا تـا سـنوری (دەریـای قەزوین) کە مەخزونی یەدەگی لە و وزە بریتیە لـە:(٢٠٠تریلیـۆن پێـی سێجا لە گازی سروشتی و ٥٠ ملیار بوشکە لەنەوتی خاو)[٥٩]....

دەبێتــە هــۆی دروســت بــوونی چوارگۆشــەیەکی ئیعتیبــاری بــۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە بریتیە لە (دەریای سپی ناوەڕاست، نۆکەندی سویس، کەنـداوی فارسـی، دەریـای قـەزوین)... بەهۆی گشانی جـوگرافی ئـەو بەرژەوەندیانـەوە، کوردسـتان دەبێتـە سەنتەری بازنەی بایەخە ستراتیژیەکانی ئەمریکا... ئەم بارودۆخە بـۆ کوردستان پێدراوێکی تازەیە و بـەرەنجامێکی ڕاسـتەوخۆی هەرەسـی بلۆکی کۆمۆنیزم) و لەناو چوونی یـەکێتی سـۆڤیەتە. چـونکە بـەر لـە ڕووخـانی یـەکێتی سـۆڤیەت، شـێوەی ئیعتبـاری بەرژەوەندیـەکانی ئەمریکا (سێگۆشەیی) بوو، سێگۆشـەکەش لـەپێك گەیانـدنی هەرسـێ خاڵی (دەریای سپی ناوەڕاست، نۆکەندی سـویس، کەنـداوی فارسـی) ەوە دروست دەبوو، کە کوردستان دەکەوێتە لاتەنیشتی هێڵەکـەوە و ئــەم حاڵــەش کوردســتانی لەپــەراوێزی هاوکێــشەکانی ناوچــەکەدا هێــشتبویە و ،ببویــە هــۆی ئــەوەش کــە ســەرجەم شــۆڕش و هەســتانەوەکانی کــورد پێــچەوانە ببنــەوە لەگــەڵ بەرژەوەنــدیی زلهێزەکانـدا. چـونکە لێـك ترازانـدن و شـڵەژاندنی بـاری ئـەمنی ئـەو دەوڵەتانـەی کـە لـە سێگۆشـەکەیان پێکـدەهێنا، لـە بەرژەوەنـدی ئـەمریکادا نـەبوو... بێگومـان ئێـستا بارودۆخەکـە پێـچەوانەیە و بـۆ ئەوەی هەرچوار لای چوارگۆشەکە بەیەك بگـەن پێویـستە سـنورەکان دابڕێژرێتەوە. و ئەو سیستەمە ئەمنیـەش بگۆڕدرێـت کـە دەوری ئـەو جوگرافیایەی داوە.

*******

لە میانەی ئەو پێنج خاڵەی کـە لـەم بەشـەدا ئاماژەمـان پێـدان، ئـەو هۆکارانەمان ڕوون کردەوە کە گرنگی کـورد، پێگـەی کـورد، بایـەخی

ئـەكتیڤ كردنـی كـارتی كـوردی بـۆ پراكتیـزە بـوونی نەخـشەكانی ئەمریكا دەردەخەن... بەجۆرێ ئەكتیڤ كردنـی ئـەم كارتـە دەكەنـە دیفاكتۆ بەسەر ئەمریكا و لایەنە پەیوەنـدی دارەكـانی دیكەشـەوە... لەبەشی یەكەمدا باسمان لەو هۆكارانەكرد، كە كورد موئەهەل دەكەن بـۆ لەئەسـتۆگرتنی ڕۆڵ و ئەركـە مێژوییـەكان لەناوچـەكەدا... لـەم بەشـی دووەمەشـدا، ئـەو هۆكارانـەمان ڕوون كـردەوە كەبەتونـدی ئەمریكا هان ئەدەن بۆ ئەوەی ئەو موئەهەل بوونەی كورد بقۆزێتـەوە و كاری پێ بكات و نەتوانێ باز بەسـەر كـورد دا بـدات و چـاولەگرنگی كـورد وەك پێكهاتەیـەكی ئیتنیكـی و جوگرافیـای كوردسـتانیش وەك چەقی بەرژەوەندیەكانی دابخات....

بـەڵام بـۆ ئـەوەی لـەڕووی بابەتیـەوە ئەڵقـەكانی پێكهاتـەكانی ئـەم بۆچونەمان تـەواو بكـەین و لـەڕووی مەعریفیـشەوە بـێ كـەم و كـوڕی بێت، پێویستە پرسیارێكی دیكـە بكـەین بـەم شـێوەیە: گـەر پێگـەی كورد بەو ئەندازەیە گرنگە بۆ جێبەجێ بـوونی نەخـشەكانی ئـەمریكا، ئایا ئەمریكیەكان دەستیان كردۆتە زەمینەسازی بـۆ ئـەكتیڤ كردنـی كـارتی كـوردی و سـود وەرگـرتن لـە بەهێزیـەكانی واقیعـی مرۆیـی و جوگرافی كوردستان؟ چ بەڵگەیەك هەیە بۆ ئەوەی دڵنیامان بكاتـەوە لەوەی لە ئێستادا ئەمریكا بەجیدی كار لەسەر كارتی كوردی دەكـات بۆ گۆڕینی سیمای ناوچەكە؟

## بەشی سێ یەم

# ئەکتیڤ کردنی کارتی کوردی
# ئەزمونی هەرێمی کوردستان، ناوکی دەوڵەتێکی کوردی

هەنوکە ئێمە لەدوا قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکەمان نێزیك دەبینەوە... بەڵام هێشتا پرسیارێکی جەوهەری لەبەردەممانددا ڕاوەستاوە کە دەڵێ: ئەگەر هاوڕابین لەگەڵ ئەو بەڵگە و دەرەنجام و شیکردنەوەیەدا کە فاکتەری کوردییان بۆ گوزەرپێکردنی نەخشەکانی ئەمریکا و هاتنەکایەی هاوکێشە هەرێمایەتیە تازەکان، بەمەرجێکی سەرەکی لەقەڵەمدا... ئایا ئەمریکیەکان ئەو بایەخە ستراتیژیەی کوردیان لەبەرچاو گرتوە و کاریان پێ کردوە؟ ئایا هەوڵیان داوە سود لەو بایەخە وەربگرن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستە بەر لە هەرشتێ بە شێوەیەکی بێ لایەنانە و بەپشت بەستن بە بەڵگە واقیعیەکان، بەسەرنجدان لە میکانیزمەکانی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ کێشەکانی ناوچەکەدا (بەتایبەت بەرەوپێشەوە چونەکانی دۆسیەی کوردی) رامانەکانمان چڕبکەینەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین بۆچون و بەرەنجامگیریەکەمان بەپێدراوە واقیعیەکان پێوانە بکەین... هەوڵ ئەدەین (ئەزمونی هەرێمی کوردستان) بکەینە ئامرازی سەرەکی بۆ تەبەنی کردنی دیدەشیکاری و بەرەنجامگیریەکەمان. چونکە ئەزمونی هەرێمی کوردستان،

زەقترین بەڵگە و پێدراوی بەرجەستەیە هەم لەسەر گرنگی پێگەی کورد و ، هەم لەسەر ئەو ڕاستیەش کە ئەمریکا بەجیدی دەستی کردۆتە کاراکردنی کارتی کوردی بە جۆرێ قۆناغ لە دوای قۆناغ زیاتر ئەم ئەزمونە بەرەوپێشەوە دەچێ... گەر بە ووردی لە قۆناغەکانی ئەو بەرەو پێشەوە چوونە سەرنج بدەین، ڕەنگە پێکەوە لەگەڵ بناغە و پڕەنسیپ و هێڵە گشتیەکانی ئەم دیدە شیکاریەدا هاوڕابین و یەك بگرینەوە کە دەمانەوێت لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشکەشی بکەین.

***دیارترین قۆناغ و وێستگەکانی ئەم بەرەوپێشەوە چونەی دۆزی کورد، بریتین لە:***

**(١) ڕاپەڕین، سەرەتای کرانەوەی چانسی کورد:**

ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) یەکێك بوو لە بەرەنجامە حەتمیەکانی لاوازبوونی دەستەڵاتی بەعس و شکستی سوپای عێراق لە جەنگی کەنداودا. لەبەر ئەوەی خودی پرۆسەی ڕاپەڕینەکە ڕوداوێکی نامەئلوف نەبوو، گەر بەپێوەرەکانی لاوازی و بەهێزی پەیوەستەگی کەینونەی دەوڵەت، سەرنجی بدەین... بەڵکو ئەم ڕاپەڕینە لە دوو خاڵدا جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە:

یەکەم: ڕاپەڕینەکە توانای خۆ نوێکردنەوەی هەبوو، بە شێوەیەکی دراماتیکی، واتە هەر قۆناغێك بگری قۆناغێکی دیکەی بەدوای خۆیدا دەهێنا.

دووەم: ڕاپەڕینەکە لە قۆناغێکی مێژوویدا بوو، جیهان لەو کاتەدا لە

نێـو سـەرەتاکانی ڕووخـانی کـامپی سۆسیالیـستی و سـەرکەوتنی کاپیتـالیزم و هاتنەکایەی جیهـانی تـاك جەمـسەری و ، گەڵاڵـەبوونی سیستەمی نوێی جیهانیدا دەژیا.

هەریەك لـەم دوو فاکتـەرەش، بوونـە هـۆی درێـژەدان بەتەمـەنی کاریگەریەکانی ڕاپەڕین، وەك (ئەمری واقیـع)... بێگومـان پارێزگـاری کردنیش لەو دۆسیانەی کە بە (ئەمری واقیـع) دەناسـرێن، پێـدراوێکی بێ پێـشینە نیـە لـە مێـژووی پەیوەندیـە نێودەوڵەتیەکانـدا... بـەڵکو نمونەی زۆر هەن کە لەم ڕووەوە ئاماژەیان پێ بدرێت... بۆ نمونە: لـە نێـوان سـاڵانی ١٨١٥–١٨٤٨، دەوڵەتـە ئەوروپیـەکان بەوپـەڕی جیدیەتـەوە هـەوڵیان ئـەدا بـۆ پارێزگـاری کـردن لـەو دۆخـەی کەلەئەنجامی مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتەوایی نێوانیانـەوە لەسـاڵی (١٨١٥) داهاتبویەکایـەوە و بەهۆیـەوە کۆتـایی هێنـرا بـوو بـە جەنگەکانی ناپلیۆن لە ئەوروپادا. هەروەها لە ڕاگەیانـدنی پرەنسیپە ڕامیاریـەکانی (مـۆنرۆ) دا لەسـاڵی (١٨٢٣) ڕەچـاوێکی وردی هێشتنەوەی بارودۆخی ڕاهێن کرابوو...

گەر سەرنج لەونمونانە بدەین (کە ڕاپەڕینیش یەکێکیانـە) هەسـت بـە هێڵەگەشـتیەکانی ئـەو پێناسـەیە دەکـەین کـە پـسپۆڕانی سـتراتیژی نێودەوڵـەتی بـۆ(ئـەمری واقیـع) دەیکـەن و دەڵـێن:دیفـاکتۆ، ئـەمری واقیع، statusequo policy : بریتیە لـە هەوڵـدان بـۆ پارێزگـاریکردن و هێـشتنەوەی شـێوازی دابەشـبونی پەیوەندیـەکانی نێـوان هێـزە نێودەوڵەتیـەکان لـە چـرکە سـاتێکی مێژویـدا و ڕێگەنـەدان بـە بەرپاکردنی هەرجۆرە گۆڕانکاریـەك لـەو دابەشـبونەدا . [٦٠] هـەر ئـەو پـسپۆڕانە دەڵـێن: باشـترین بـارودۆخیش بـۆ پراکتیزەکردنـی ئـەم

سیاسەتە بریتیە لەپاش جەنگەکان، بە تایبەت لە کاتێکدا لایەنەکان هەوڵ دەدەن دیسپلینی پەیوەندی نێوان هێزەتازەکان بکەن لە چوارچێوەی پەیمانگەلی ئاشتی و ئاشتەوایدا. (٦١)

لەمەوە تێ دەگەین ڕاپەڕین، لە مێژوی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باشترین نمونەی پارێزگاری کردن بوو لەدۆخی ڕاهێن و سەرجەم هێڵە گە شتیەکانی ئەو پێناسەیە تیایدا ڕەنگی دابوویەوە ! وەك ئەم هێڵانە:

١) ڕاپەڕین لەپاش لێکترازانی هاوکێشەی هێزەکان هات لە ناوچەکەدا، واتە نمایشی بویەری تازەی هاوکێشەی هێزەکان بوو، کە تیایدا عێراق وەك هێزێکی هەرێمایەتی پاشەکشەی کردبوو.

٢) ویستێکی نێودەوڵەتیش هەبوو بۆ پارێزگاری کردن لە دۆخی ڕاپەڕین . (وەك لەم بەشەدا ڕوونی دەکەینەوە).

ئەگەر لەو دونیاتێوریەدا، ڕاپەڕین بە پراکتیزەکردنی سیاسەتەکانی دیفاکتۆ، لە قەڵەم بدەین، ئەوا پێویستە لە دونیای واقیعدا بە کرانەوەی چانسی کورد لە قەڵەمی بدەین چونکە هەبوونی ئیرادەیەکی (ئەمریکی و نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاری کردن لە دۆخی ڕاپەڕین، پێدراوێکی تازە و بەهێز و بێ پێشینەبوولە مێژووی خەباتی گەلی کورد دا... هاتنە کایەی ئەو ئیرادەیە بۆ پارێزگاری کردن لە دۆخی ڕاپەڕین و مانەوەی کورد، وەك فاکتەرێکی هێز لە ناوچەکەدا، بەسەرەتای کاراکردنی کارتی کوردی دەژمێردرێت .

## ٢ ) كۆڕەو ... بەجیهانیی بوونی دۆزی کورد :

## (ناتوانم چارەنوسی کورد ، لەبەردەمی ڕەحمەتی سەدامدا وازلێبێنم)

**جۆرج بۆشی باوك**

کۆڕەو، یەکێك لەهەرە بەرەنجام و وێستگە گرنگەکانی ڕاپەڕین بوو، لەم وێستگەیەدا، لەبەر قورسایی کارەساتە مرۆییەکەی، کە بریتی بوو لە خاڵی بوونی کوردستان لە دانیشتوانەکە و ئاوارەبوون بەرەو سنورەکانی تورکیا و ئێران... ئیدی جیهانی هاوچەرخ، ناچاربوو ئاوڕ بەلای دۆزی کوردا بداتەوە و میکانیزمی گونجاو دابنێ بۆ ڕێگەگرتن لەوەی لە داهاتودا، کورد کارەساتی هاوشێوەی بەسەردا بێتەوە... لێرەدا ئەگەرچی بەدرێژیکیش بێت پێویستە ئاماژە بدەین بە کاریگەری تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن لە بەجیهانی کردنی دۆزی کورددا، چونکە هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە ئەگەر ڕاگەیاندن وێنە زیندوەکانی کۆڕەوی نەگەیاندایەتە ڕای گشتی جیهان، ئەوا ڕای گشتی بەئاراستەی نیشاندانی هاوسۆزی لەگەڵ کوردا نەئەجولا و ئەو فشارەی دروست نەدەکرد لەسەر ناوەندە بڕیار بەدەستەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کە بڕیاری (٦٨٨) دەربکەن.[٦٢] لەبەر ئەوە من پێم وایە : چەندە کورد لە تەکنەلۆ ژیای جەنگی ڕۆژ ئاوا زیانی کردووە ، بەهەمان ئەندازەش لە تەکنە لۆژیای ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا قازانجی کردووە ! .

لەبەر قورسایی کاریگەریە مرۆییەکانی ڕوداوەکە بوو کە جۆرج بۆشی باوك گوتی:(ناتوانم چارەنوسی کورد، لە بەردەمی ڕەحمەتی سەدامدا وازلێبێنم)...[٦٣] هەربۆیە کارێکی بە پەلەکرا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەربگیرێ بەو کارەساتەی کە بە

سـەركورد دا هــاتووە. لــە ئەنجاميــشدا بريــارى (٦٨٨) لەلايــەن ئەنجومەنى ئاسايشى نێودەوڵەتيەوە دەرچوو.

## ٣) بڕيارى ٦٨٨، كۆدەنگى نێودەوڵەتى لە بەرژەوەندى كورد:

لـەپاش بڵاوبونـەوەى وێنـەى كارەسـاتى كـۆڕەو بەهـەموو جيهانـدا، وڵاتانى هاوپەيمان بڕيارياندا ڕێ و شوێنێكى نێودەوڵەتى بۆپاراسـتنى كورد بگرنە بەر، ئەوەبوو ئەنجومـەنى ئاسايـشى نێودەوڵـەتى لەسـەر داواكـارى (توركيـا، فەرەنـسا، ئێـران) ڕۆژى ١٩٩١/٤/٥، كۆبويـەوە و دەنگى دا لەسەر ڕەش نوسى بڕيارى (٦٨٨) كە لەلايـەن فەرەنـساوە ئامادەكرابوو، وەزيرى دەرەوەى ئێستاى فەرەنسا (بەرنارد كۆشنێر) بە ئەندازيارى داڕشتنى بڕيارەكە دەژمێردرێت... هەرچەندە بڕيارەكە لە چوارچێوەيەكى مرۆييدا دەرچوو، بەڵام بێ بەش نەبوو لە ئاماژەى سياسـى. لەبەردرێـژى تێكستى بڕيارەكـە، لێـرەدا ئێمـە تـەنها ئـەو ڕستانە وەردەگێڕين كە بايەخى دۆزى كورد بۆ ئارامى ناوچـەكە ڕوون دەكەنەوە و ، لە لايەكى ديكەشەوە پێداگرى كۆمەڵگەى نێودەوڵـەتى نيشان ئەدەن بۆ پارێزگارى كردن لـە دۆخـى كوردسـتان وەك ئـەمرى واقيع:

- بڕيارەكـە لـە ژێرسـايەى بەنـدى حـەوتى مـادەى (٢) ى بڕوانامـەى نەتەوە يەكگرتوەكان دەرچوو.
- لە ديباجەكەيدا دەڵێت: نەتەوەيەكگرتوەكان هەست بـە دودڵيـەكى توند دەكات لەبەرانبەر ئەو داپڵۆسينەدا كـە دانيـشتوانى عێـراق، لەچـەند بەشـێكى زۆرى عێراقـدا، ڕوو بـەڕووى دەبنـەوە، كـە بـەم دواييانە گەشتە ناوچـە كورديـەكان و ئـەوەش بويـە هـۆى ئـەوەى

شالاوی ئاوارەکان بە شەپۆل ڕووبکەنە سنورە نێودەوڵەتیەکان هەروەها لەبەرانبەر شالاوەکانی سەر سنوریشدا، کەئەمانە دەبنە هۆی هەڕەشەکردن لە ئارامی و ئاشتی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا.

- هەروەها لە برگەی یەکەمی بڕیارەکەدا دەڵێت: پرۆتستۆی ئەو داپلۆسینە دەکەین کە دانیشتوانی سیڤیل لە زۆر ناوچەی عێراقدا ڕوو بەڕووی دەبنەوە کە بەم دواییانە ناوچەکوردیەکانیشی گرتەوە، کە بەرەنجامەکەیشی هەڕەشە دروست دەکات لەسەر ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا.
- لە برگەی دووەمدا دەڵێت: داوا لە عێراق دەکات دەست بەجێ ئەو داپلۆسینە ڕابگرێت.

وەك هاوبەشی کردنێك لە لادانی ئەو مەترسیەدا کە ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا دەخاتە بەر هەڕەشە. هەروەها هیواخوازە دیالۆگی کراوە دەست پێ بکرێ بە مەبەستی مسۆگەر کردنی ڕێزگرتنی مافەمەدەنی و سیاسیەکانی هەموو دانیشتوانی عێراق.

- لە برگەی حەوتەمیدا دەڵێت: داوا لە عێراق دەکات هاریکاری ئەمینداری گشتی بکات بە مەبەستی دەستەبەر کردنی ئەم ئامانجە.

بەم بڕیارە کۆتایی هێنرا بە چەندین ساڵ فەرامۆش کرانی کورد لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە... ئەوەی جێگەی سەرنج و ڕەنگ دانەوەی گرنگی دۆسیەی کوردە لە نێو بڕیارەکەدا ئەم خالانەن:

١) بڕیارەکە لە ژێر سایەی بەندی (٧) ی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەرچووەکە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی ئەدات

. مانای وایە بۆ یەکەمجار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیی دەبڕیوە کە بۆ بەرگری کردن لە کورد هێزی سەربازی بەکاربێنێت.

٢) لەچەند جێگەیەکدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە داپلۆسینەکەی سەر عێراقیەکان بە گشتی و کورد بەتایبەتی، هەڕەشە لەسەر ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ناوچەکە (واتە لە ئاستی هەرێمایەتیدا) دروست دەکات... بێگومان ئەم دووپاتکردنەوەیە بەڵگەیە لەسەر گەورەبوونی دۆزی کورد لە ئاستی هەرێمایەتیدا، تائەو ڕادەیەی نەتەوە یەکگرتوەکان دان بەوەدا دەنێت کە ئارامی دۆزی کورد، ئارامیە بۆ دۆخی هەرێمایەتی ناوچەکە. ئەمە لە کاتێکدا پێشتر لەبەرانبەر هیچکام لە نەهامەتیە مرۆییەکانی کورددا(بەئەنفال و هەڵەبجەشەوە) متەقی لێوە نەهاتووە.

٣) بڕیارە کە میکانیزمی مادی گونجاوی هێنایەکایەوە بۆ جێبەجێ کرانی بڕگەکانی و پاراستنی کورد.

٤) بڕیارەکە سەرباری ڕەهەندە مرۆییەکەی، بەڵام ئاماژەی ڕوونی تێدایە بۆ زەرورەتی دابین کردنی مافە سیاسیەکانی کورد و دانیشتوانی تری عێراق وەك لە بڕگەی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە.

لەوەی ڕابورد تێدەگەین کە بڕیاری (٦٨٨) وەك دووەم بەرەنجامی ڕاپەڕین، وڵاتانی جیهانی کۆکردەوە لەسەر گرنگی و بایەخی پاراستنی دۆخی کورد و ئارامی کوردستان. کە دواتریش ئەم کۆدەنگیە نێودەوڵەتیە، بەرەوپێشەوە چونی دیکەی مادی و سیاسی بۆ کورد هێنایە پێشەوە.

### ٤)پاراستنی کـورد و پرۆسـەی پرۆڤایـد کۆمفـۆرت. (دابەشـکردنی ئاسمانی عێراق):

بە گوێرەی بڕیاری (٦٨٨) و دەرهاویشتە واقیعیـەکانی، ناوچـەیەکی ئارام بۆ کورد پێك هێنرا، هێزێکی هاوپەیمانانیش کە پێکهـاتبوون لـە هێـزی ولآتـانی (بـەریتانیا، فەرەنـسا، ئیتالیـا، ئیـسپانیا، هۆڵەنـدا، لۆکسەمبۆرگ، بـەهاوکاری ئـەڵمانیا)[٦٤] توانییـان لەسـەرەتاوە بێنـە بـاژێڕی زاخـۆ و ، ناوچـەی سەرسـەنگ و ئامێـدی ... ژمـارەی ئـەم هێزانە گەشتە (٢٥هەزار سەرباز) پاشتر لـەمانگی (١٩٩١/٦)دا بـەرەو ناوخـاکی تورکیـا پاشەکـشەیان کـرد و ... لەبنکـەی ئەنجـەرلیکی تورکیـا، هێزێکیـان هێـشتەوە بـۆ پاراسـتنی کـورد بـە نـاوی (هێـزی چەکوشی ئامادە) و بەردەوام چاودێری هێڵی پانی (٣٦) ی باکوریـان دەکـرد. لـەرێی (٧٦) فرۆکـەوە، کـە(٤٨) فرۆکـەیان جـەنگی بـوون و (٢٨) فرۆکەشیان لە جۆری هێلیکۆپتـەر بـوون[٦٥] لـەم وێـستگەیەشدا ئەم خاڵانە جێگەی سەرنج لێدانن:

- پاراستنی کورد، و ڕەوشی کوردستان بە گوێرەی میکانیزمی مـادی بوەتە ئـەرکێکی نێودەوڵـەتی... واتـە دۆسـیەی کـورد تـەنها وەك دۆسیەی ناوخۆی وڵاتان سەریری نەدەکرا، بەڵکو ئەم دۆسیەیە لە چوارچێوەی تایبەتمەنـدی و ئـەرکی نـاوخۆیی دەوڵەتـەکان چـویە دەرێ، بـەجۆرێ زیـادەڕەوی نیـە گـەربڵێم: پرەنـسیپی دەسـت تێوەرنەدان لەکار و باری ناوخۆیی وڵاتاندا، کە ماوەیـەکی زۆر لـە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بـەکاردەهێنرا و هەنـدێ لـە دەوڵەتـە دیکتاتۆریەکانیش کردبویانە باشترین بەڵگە بەدەسـتیانەوە بۆکـپ کردنەوەی هەموو نارەزاییەکی ناوخۆیی... لە دوای دەستێوەردان لـە کێـشەی مرۆیـی کـوردەوە، لـە تـەواوی پەیوەندیـە

نێودەوڵەتیەکاندا بەرە و لاوازی و نەمان ڕۆشت.

- دابەشکردنی ئاسمانی عێراق، بەر لەوەی دابەشکردنەکە دابەزێتە سەرزەوی.
- سازدانی کەش و بارودۆخی ئارام و دڵنیا بۆ بەرەو پێشەوە چونەکانی داهاتووی دۆزی کورد لە هەموو ئاستەکاندا.

## ٥ ) کێشانەوەی ئیدارەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە:

## (عێراق یەکەم وڵات، دان بەسەر بەخۆیی کورد دا ئەنێت)

**تاریق عەزیز**

**وەزیری پێشوی دەرەوەی عێراق**

لە مانگی (ئەیلول/١٩٩١) دا، بەشێوەیەکی کتوپڕ حکومەتی عێراق هەموو هێزەکانی خۆی لە هەردوو پارێزگای (سلێمانی، هەولێر)و زۆربەی شارۆچکەکانی سەربەو دوو پارێزگایە کێشایەوە. هەر لە هاوینی ئەو ساڵەشدا هەموو فەرمانگەکانی خۆی (جگە لە تەندروستی و هەندێ فەرمانگەی بچوکی تر) لە ناوچەکانی کوردستاندا کێشایەوە... ئەم هەنگاوە لە ناکاوە (لەهەمان کاتدا بەرنامەدارە) بویە هۆی:

- دروست بوونی بۆ شایی کارگێڕی لە کوردستاندا.
- بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بویە هۆی قوڵ کردنەوەی چەسپاندنی حاڵەتی دابڕانی کوردستان لە بەشەکانی تری عێراق. ئەمەش دان نانێکی کردەیی بوو، بە بارودۆخی تازەی کوردستاندا.

- ئەو هەنگاوە، کوردی هاندا بۆ ئەوەی بیربکاتەوە لە پڕکردنەوەی بۆ شاییە کارگێڕیەکان.
- ئەم ئەزمونە بویە سەرەتایەك بۆ ئەزموونی هاوشێوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا... ئەوە بوو ئیسرائیلیش هەمان هەنگاوی لە (باشوری لوبنان) و (کەرتی غەززە) دووبارە کردەوە و بەشێوەیەکی خۆ و یستانە هێزوئیدارەکانی خۆی لەو ناوچانە کشاندەوە.

هەم هەلوێستەی حکومەتی عێراقیش لێکدانەوەی دیکە هەلناگرێت، ئەوەندە نەبێت کەبلێین:

دەرك کردن بوو بە واقیعی تازەی دابەش بوونی هێزەکان و ڕێگەچۆلکردنیش بوو بۆ ئەوەی ئەو واقیعە تازەیە بەبێ گێچەل پێکردن لەلایەن عێراقەوە بەشێوەیەکی سروشتی پایەکانی خۆی پتەوبکات.

بەو پێیەش کە عێراق یەکەم دەولەت بوو، لە ناوچەکەدا، لەژێر جەبری واقیعی تازەی دوای جەنگدا، لەگەل دابەشبونی هێزەکاندا مامەلەبکات، ئەوا دەکرێ ئەو ڕەفتارەی بەدان نانێکی کرداری لە قەلەم بدەین بەڕەوشی تازەی کوردستاندا، لەو بارەشدا هاوڕابین لەگەل بەرەنجامگیریەکەی تاریق عەزیزدا کە دەلێت:(عێراق یەکەم دەولەت دان بەسەر بەخۆیی کورد دا ئەنێت) [٦٦].

## ٦ ) هەڵبــژاردنی پەرلــەمان و دامەزرانــدنی حکومــەتی هــەرێمی کوردستان:

بە گوێرەی ئەو زەمینە سازیانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان، کورد بـە چـاودێری ئـەمریکا و هاوپەیمانـەکانی ، گەشـتە قۆنـاغی هەڵبـژاردنی پەرلــەمان لــە (١٩٩٢/٥/١٩) ئــەم هەڵبژاردنانــەش دامەزرانــدنی حکومــەتی هــەرێمیان لێکەوتــەوە لــە(١٩٩٢/٧/٥) دا... ســێیەمین وێستگەی ئەم هەڵکشانە سیاسیەش بریتی بوو لە جاڕدانی فیدراڵیەت لە(١٩٩٢/١٠/٤) دا.

لــەم قۆناغــەدا، بەتــەواوی ڕەهەندەسیاســیەکانی دوای ڕاپــەڕین بــە دەرکەوتن و کوردیش وەکو ژمارەیەك، ڕەگەزێك، لـە هاوکێـشەکانی ناوچەکەدا....هاتە پێشەوە. بـە تایبـەت چـونکە حاڵـەتی کوردسـتان لەو کاتەدا، حاڵـەتێکی تـەواو نـاوازە و بـێ پێـشینە بـوو لـە مێـژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا، چونکە نە دەوڵەتی سـەربەخۆ بـوو، نـە داگیرکراو، نە ئینتیداب، نە ئۆتۆنۆمی. بـەڵکو ئـەزمونێکی تـازە بـوو، زۆرێك لە سیما و خەسـڵەتە پێکهێنـەرەکانی سـەردەمی داگیرکـاری و سەربەخۆیشی لە خۆیدا کۆکردبویەوە.

## ٧ ) قۆناغی شەڕی ناوخۆ و خەمی گەورەی ئەمریکا:

لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە (١٩٩٤/٥/١) هەرچەندە بە شێوەیەکی سەرسامکەر کاریگەریـە دەرونیـەکانی ڕاپـەڕین و هەسـتی ناسیۆنالیستی لەسەر تاك و جەماوەری کورد کاڵ بویەوە. کەچی لەم قۆناغەدا پتر لە هەرکاتێکی تر، ئەمریکیەکان بایەخیان بە دۆزی کورد

ئەدا، تائەو ڕادەیەی کە خودی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو کاتــەدا خـــاتو (مـــادلین ئۆلبرایـــت) ڕۆژی (١٩٩٨/٩/١٧) لـــە واشـــنتۆن سەرپەرشتی ئاشتبوونەوەی هــەردوو لایەنــە ناکۆکەکــەی کوردســتانی کرد و ڕێکەوتنێك لەژێر چاودێری ڕاستەو خۆی ئەمریکادا مـۆرکرا، کـە دواتر بە (ڕێکەوتننامەی واشنتۆن) ناسرا.

**دیاریترین خاڵە جێگە سەرنجەکانی ئەم قۆناغە بریتی بوون لە:**

–بە بەراورد لەگەڵ خوێن ساردی کورد لە بەرانبــەر دەســتکەوتەکانی ڕاپەڕیندا، ئیرادەیەکی ئەمریکی (وهەندێ جاریش نێودەوڵەتی) بەهێز دەبینــرا بــۆ پارێزگــاری کــردن لــەو دەســتکەوتانە و بــارودۆخی کوردستان.

– ســەرباری بــارو دۆخــی ناســەقامگیری نــاوخۆی کــورد، کەچــی ئــەو دۆخــە کاریگــەری ســەلبی لەســەر ناوبــانگی نێودەوڵــەتی ئــەزمونی کوردستان دانەنا، بە تایبــەت زۆرجــار دەمــانبینی لەســەردانی شــاندە کوردیەکاندا بۆ دەرەوە، فەرشی سوریان بۆ ڕادەخرا، کە ئەمــەش لــە دەرەوەی ئەتەکێتــەباوەکانی پەیوەندیــە دیبلۆماســیەکاندایە... ئــەم ڕاستیانەش دەمانگەیەننە ئەو بڕوایەی کە بڵێین، قورســایی پاڵپــشتە نێودەوڵەتیەکــەی کــورد، پارســەنگێکی بــێ مــشت و مــڕی لاوازیــە ناوخۆییەکانی دۆخی هەرێمی کوردستان بوون.

### ٨) بڕیاری ٩٨٦ و پشکی سەربەخۆی کورد:

بڕیــاری (٩٨٦) کــە لــە مــانگی (١٩٩٥/٤) دا لەلایــەن ئەنجومــەنی ئاسایشە و پەسەندکرا و لە مانگی (١٩٩٦/١٢) دا دەست بە جێبەجێ

کردنی کرا، یەکێکە لەو خاڵانەی دیکە کە بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە دەبێتە پاڵپشتێکی گاڵتە پێنەکراو... چونکە لە نێو ئەم بڕیارەدا، ئەنجومەنی ئاسایش بە شێوەیەکی فەرمی ڕێژەی (١٣٪) ی لە داهاتەکانی نەوتی فرۆشراوی عێراقی بۆ کوردستان بڕیاردا. (٦٧)

لە میانەی جێبەجێ کردنی بەرنامەکەشدا (کە بە بەرنامەی نەوت بەرانبەر بەخۆراك ناسرا) ڕەچاوی وردی جیاوازی کوردستان لەگەڵ عێراقدا دەکرا و هەر لە نێو بڕیارەکەدا باس لە تایبەتمەندی ئەم هەرێمە کراوە و بڕیار دراوە لە بریتی حکومەتی عێراق ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە سێ پارێزگاکەی باکوردا هەڵدەستێ بەجێبەجێ کردنی بەرنامەکە. (٦٨)

بوونی ڕێژەیەکی دیاریکراوی سەربەخۆ و بڕیار لەسەر دراو، لە داهاتەکانی عێراق و سەرف کردنی لە هەرێمی کوردستاندا دوور لە دەستەڵاتی ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق ئەم مانایانەی دەبەخشی:

- داننانی نەتەوە یەکگرتوەکان بە تایبەتمەندیەکانی ئەم هەرێمەدا.
- تێك شکاندنی چەمکە کلاسیکیەکانی دەوڵەتی ناوەندی لە عێراقدا (لانی کەم لە بەرانبەر کوردستاندا) بە تایبەت لە کەرتی ئابوری و سیاسیدا.
- داننان بەپشکی یاسایی کورد لە پترۆڵی عێراقدا.
- بوژاندنەوەی ژێرخانە زیندەییەکانی ناوچەکە، دوور لە دەستێوەردانی ڕژێمی ئەوکاتە. کەوابێ ئەم واقیعە سیاسیەی کوردستان، کە بەرەنجامی ڕاپەڕین و پشتگیری‌ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بوو، نەتەوەیەکگرتوەکانی ناچارکرد، بە

شێوەیەکی تایبەتمەند لەگەڵ ڕەوشی ئەم هەرێمەدا مامەڵە بکات. وبەفــەرمیش لــە نێوتێکـستیٚ بڕیارەکــەدا ئــەو تایبەتمەندبوونــە بچەسپێنیٚ... ئەمەش گەر بەڵگەبیٚ لەسـەر شـتیٚ بـە دڵنیاییـەوە بەڵگەیــە لەســەر ئــەوەی کــە بــارودۆخی کــورد هــەنگاوێکی تــر چوەتەپێشەوە، بـە جـۆریٚ کـە توانیویـەتی ڕەنگدانـەوە دروسـت بکات تەنانەت لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشیش! !.

******

هــەموو ئــەم خاڵانــە و چــەندین خــاڵی دیکــەش، پــەیتا پــەیتا کــارتی کوردییـــان لـــە هـــەموو ئاســـتەکاندا بـــەهێزدەکرد، لـــە هـــەموو قۆناغەکانیشدا ئیرادەیەکی ئەمریکی بەهێز دەبیـنین (وەك ئامارژەمـان پێـدا) لــە بەرقــەرارکردنی دۆخــی کوردســـتان و ســـەقامگیرکردنی پایــەکانی ئــەزمونی کوردســتان... بۆیــە کاتــیٚ قۆنــاغی ڕزگــارکردنی عێراق هاتە پێشەوە... کورد لەو ئاستەدا بوو، بەشێك لـە ئەرکـەکانی ئــەو گۆڕانــە لەئەســتۆ بگرێــت و ... خــودی گۆڕانەکــەش، ئــەزمونی کــوردی بــەرەو گــەورەبوون و بــەهێزی زیــاتر بــرد. وەك لــە خــاڵی داهاتوودا ڕونی دەکەینەوە.

## ٩) یانزەی سێپتەمبەر و کاریگەریەکانی پرۆسـەی ڕزگـاری عێـراق: (ئامارژەی دەرچونی کورد لە قۆناغی ساوایی)

کە قۆناغی ڕزگارکردنی عێراق هاتەپێشەوە، کورد لـە ڕووی ئـەزمونی خۆبەڕێوەبردن و پەیوەندیە دەرەکیەکان و کەلتوری دیموکراسـی و ، بوژاندنــەوەی ژێرخــانی ئــابوری (بــەهۆی کاریگــەری بڕیــاری ٩٨٦ و

پرۆسەکانی ڕێکخراوە بیانیەکانەوە)، لە چاو ناوچەکانی دیکەی عێراقدا خاوەنی ئەزمونی گاڵتە پێنەکراو بوو... بە جۆرێ دەکرا لەزنجیرەی گۆڕانەکاندا گرەوی لەسەر بکرێ... بەهەرحاڵ، قۆناغی ڕزگارکردنی عێراق هاتە پێشەوە و ، ئەمریکیەکان زیاتر تەبەنی ئەزمونی کوردی و گەشەپێدانی دەکەن، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا ئاماژەی پێ دەدەم:

- چەسپاندنی مافەکانی کورد لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دەستوری هەمیشەییدا.
- مسۆگەر کردنی پشکی کورد لە پۆستە سیادیەکانی عێراقدا (سەرۆك كۆمار و وەزیری دەرەوە)
- سازاندنی تایبەتمەندی و سەروەریەکی دەستوری بۆ هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی.
- دابەشکردنی ئالای کوردستان بە گوێرەی دان پێدانانی بەرپرسێکی بالای یەکێتی نیشتمانی کوردستان... بە گوێرەی قسەی ئەو بەرپرسە، ئەمریکیەکان لە سەرەتای ڕزگارکردنی عێراقدا، خۆیان دەهاتن و ئالای کوردستانیان بەسەر دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دابەش دەکرد! (٦٩)
- چەسپاندنی جۆرێ لە سیستەمی فیدرالی بۆ کوردستان، کە بە بڕوای پسپۆڕانی بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، نمونە و پێشینەی فیدرالیەتی پێشکەوتوی بەو شێوەیە نەبینراوە. بە تایبەت لە بواری:

١) پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

٢) کردنەوەی نوسیگەی بەرژەوەندیەکانی هەرێم لە باڵوێزخانەکانی عێراقدا.

٣) دابینکردنی کورسیەك لە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کورد، کە یەکەمجار (دیندار زێباری) ئەو پۆستە بەڕێوەدەبات بە ناوی (ڕێکخەری کاروبارەکانی حکومەتی هەرێم لە نەتەوەیەکگرتوەکان).

٤) سوپای تایبەتی هەرێم بە ناوی (پاسەوانی هەرێم) لە دەستوردا چەسپاوە.....ئەم سوپایە خاوەنی چەکی سوك و هەندێ جۆری چەکی قورسیشە [٧٠]... بوونی ئەم سوپایە لە ئەزمونە فیدراڵیەکانی دیکەدا بوونی نیە.

٥) لە گرنگترین ئەڵقەی ئەم بایەخپێدانەدا، لە کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لە مانگی (٩/٢٠٠٥) دا زمانی کوردی بە شێوەیەکی فەرمی بۆ یەکەمجار لە مێژودا لەلایەن (مام جەلال) ەوە بەکارهێنرا.

٦) هەر لەهەمان مانگدا، سەرۆکی ئەمریکا (جۆرج بۆش) لە کۆشکی سپیدا. پێشوازی لە (مەسعود بەرزانی)کرد، بەجل و بەرگ و پۆشاکی کوردیەوە... هەریەك لەم دوو هەنگاوەش کە لە دەرەوەی ئەتەکێتی باوی دیبلۆماسیەتەوە بون دووپاتکردنەوەی هەقیقەتێك بوون بۆ هەموو جیهان کە نەتەوەیەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا هەیە و خاوەنی زمان و داب و نەریت و جل و بەرگ و کەلتوری تایبەتی خۆیەتی... دۆسیەکەیشی بە جۆرێ

هاتۆتەپێشەوە و ئەکتیڤ کراوە کە لەلایەن خودی سەرۆکی ئەمریکاوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و سەدای ئەم مامەڵەکردنەش لە نێو گرنگترین دەزگای شەرعی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەنگ دەداتەوە کە بریتیەلە ڕێکخراوی (نەتەوە یەکگرتوەکان) و لە گرنگترین وێستگەیدا کە بریتیە لە (دانیشتنی ساڵانەی کۆمەڵگەی گشتی ئەو ڕێکخراوە).

– لە ئاستی تیۆریشدا، ناوەندە توێژینەوەییەکانی ئەمریکا پەیتا پەیتا سەرقاڵی زەمینەسازی کردنی دەرونین بۆ وێناکردنی چارەنوسی ئەم ناوچەیە لەدوو تویێی لێکۆڵینەوەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا... جێگەی سەرنجە کە دەبینین زۆربەی ئەو لێکۆڵیەوانە، جەخت لەسەر کاراکردنی زیاتری ڕۆڵی کورد ئەکەن لە ناوچەکەدا... [٧١] تەنانەت لە هەندێ لەو نەخشانەدا کە بڵاویان کردۆتەوە، دانیان بەسنورە نەتەوەیی و جوگرافیەکەی کوردستانی گەورەدا ناوە... (ئێمە یەکێك لەو نەخشانە کە لەلایەن گۆڤاری هێزە سەربازیەکانەوە بە ناوی سنورەکانی خوێنەوە بڵاوکرایەوە دەکەینە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە).

– لە ئاستی فەرمی و تەشریعیشدا، بەردەوام سەرقاڵی پێشکەش کردنی پرۆسە و بڕیاری تازەن کە لە سەرجەم ئەو پرۆسە و بڕیارانەدا جەخت لەسەر بەرەو پێشەوەبردن و کاراکردنی زیاتر دۆزی کورد ئەکەن... (وەك پرۆسەی بڕیارە نا پەیگیرەکەی سیناتۆر جۆزیف بایدن کە کۆنگریس کە ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٦ دادەنگی لەسەر داوباس لە پێکهێنانی سێ هەرێمی کۆنفیدراڵ

دەكات لەعێراقدا كەیەكێكیان بۆ كوردە... بایەخی ئەو جۆرە لێكۆڵینەوە و پرۆسەی بڕیارە ناپەیگیرە ئەمریكیانەش لەوەدایە كە دەبنە بەڵگەیەكی پتەو لەسەر ئەوەی كە لە خەیاڵدانی سیاسی و دونیابینی ستراتیژی ئەمریكادا كارتی كوردی گۆشەیەكی گرنگی داگیركردەوە، ژمارەیەكە و لە توانایدا هەیە هاوكێشەكانی ناوچەكە هاوسەنگ یان لاسەنگ بكات.

پێم وایە سەرجەم ئەو پێدراوانەی لەم بەشەدا ئاماژەمان پێدان، دەبنە هۆی گەشتن بە بەرەنجامێكی واقیعی... بەرەنجامێك كە(ئیلكەرباشبوغ) فەرماندەی هێزی زەمینی سوپای توركیاش، لە گوتەیەكی دادەربڕی لێدەكات و دەڵێت:(گۆڕان و پەرەسەندنەكانی باكوری عێراق، هێزێكی سیاسی، یاسایی، عەسكەری و سایكۆلۆژی ئەوتۆی بەكورد بەخشیوە كە لە مێژودا نەبووە) (٧٢) كەواتە لە سیاقی بەرنامە ڕێژیەكانی ئەمریكادا... كارتی كوردی بەوپەڕی بەهێزی هاتۆتە پێشەوە... هاتنە پێشەوەیەك كە بەڵگەو پێداراوەكان ئامـاژە بەخـشی ئەوەن ئەو هەڵەیە ڕاست بكاتەوە كە سەرۆك وەزیرانی پێشوتری توركیا (سلێمان دیمیریل) لە (١٩٩٢/١٠/٨) دا بەڕاشكاوی باسی لێدەكات و دەڵێت:(سنورەكانی نێوان عێراق و توركیا پڕلە هەڵەو كەم و كوڕین، پێویستە توركیا لەگەڵ عێراقدا هاوسنور نەبێت، بەڵكو پێویستە لەگەڵ و یلایەتی موسڵدا هاوسنوربێت) (٧٣).

توركیا لەگەڵ و یلایەتی موسڵ (كوردستانی باشور) داهاوسنوربێت..كاتێ دەبێ دەوڵەتی كوردی دابمەزرێ..ئەو دەوڵەتەی كە بەگوێرەی بەرنامە ڕێژیەكی و ورد، پەیتا پەیتا لێی

نزیك دەکەوینەوە... ئایا ئەو بەڵگە و پێدراوانەی لەم لێکۆڵینەوەیـەدا ئاماژەمان پێدان بەس نین بۆ ئەوەی کـە بڵـێین: لـە سـیاقی گـۆڕینی نەخشەی ناوچەکەدا، کاراکردنی کارتی کوردی تاسنوری دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی ، بەوپـەڕی بـەهێزی مەترەحـە؟ ئایـا بـەرەو پێشەوە چوونەکانی دۆسیەی کورد، لە ڕاپەڕینـەوە تاهەنوکـە، نامـان گەیەننە ئەو بڕوایەی کە بڵێین: بەرنامەیەك هەیە، بۆکاراکردنی کارتی کوردی؟ ئایا هەسـت بـە ئاوڕلێدانەوەیـەکی جیـدی ناکـەین؟ ئایـا بـە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی دیکەی خـەباتی نەتـەوەیی کـورد دا، ئـەم ئاوڕلێدانەوەیە مێژوویی و بێ پێشینەنیە؟. ئایا لە پاش سەرنجدان لـە زنجیرەی بەرەوپێش چونەکانی دۆسیەی هەرێمی کوردستان، ناگەینە ئەو بەرەنجامەی کـەبڵێین: ئـەزمونی کـورد، لـە هـەرێمی کوردسـتاندا ناوکی دروست بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەییـە بـۆ کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا؟.

# بەرەنجام

پێم وایە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، زیادەڕەوی ناکەم ئەگەر بڵێم، گەشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:—

١) ئەمریکیەکان، بەرژەوەندیە زیندەییەکانی خۆیان. لەوەدا دەبیننەوە کە سنورە سیاسیەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بگۆڕن... ئەوان نا ئارامیەکانی ناوچەکە (سەرچاوەکانی پترۆڵ) و بێ ئومێدی خەڵکی ناوچەکە و بەو پێیەش سەرهەڵدانی تیرۆر، دەگێڕنەوە بۆ ئەو ناتەواویانەی کە سنوری ئێستای وڵاتەکان دروستیان کردووە.

٢) پرۆسەیەکی جیدی هەیە، کە حاڵی حازر کاری تێدادەکرێ، بۆ گۆڕینی سیماکانی ناوچەکە و بەتایبەت بۆ گۆڕینی سنورە سیاسیەکان... ئەم پرۆسەیە هێشتا بە تەواوی ئەدگارەکانی قاڵبیان نەگرتوە و ، لەگەڵ هەموو ئازمایشەکانیدا لە سەرزەمینی واقیع، بۆی هەیە هەموار بکرێتەوە.

٣) زاڵترین ئەدگار و خەسڵەتی ئێستای پرۆسەکە بریتی یەلە: بەکارهێنانی هێز بۆگۆڕینی هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە، جەخت کردنەوە و کارکردن لەسەر ئەو کەلێن و ناتەواویە (مەزهەبی، نەتەوەیی، ئیتنیکی... هتد)ا نەی کە لە نەسیجی کۆمەڵایەتی وڵاتاندا هەیە، بە مەبەستی دابەشبونی خودی ئەو پێکهاتانە بەسەر چەقە ئیتنیکیەکاندا، لە چوارچێوە سەنتەرە

جوگرافیەکانیاندا... چونکە ئەو پرۆسەیە دەبێتە یاریدەرێك لەناو خۆی وڵاتەکانەوە بۆ ئاسان کردنی پرۆسەی دابەشکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٤) کورد، وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی ئیتنیکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەردوو سیاقی (پاشەکشەی هەژمونی و بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەت"روسیا" و کشانی جوگرافی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا تاکو دەریای قەزوین) و (گۆڕینی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) ئاوڕی جیدی لێدراوەتەوە و ،تەنانەت دەکرێ بڵێین: بە هێزترین فاکتەرە بۆ گۆڕینی سیمای ناوچەکە.

٥) چەندین خاڵ و خەسڵەتی خودی و بابەتی لەم قۆناغەی ئێستای خەباتی کورد داهەن، کە وادەکەن کورد لە رووی ئەخلاقی و ئەدەبیەوە، فاکتەرێکی زیندەیی و قبوڵ کراوبێ بۆ سەقامگیربوونی نەخشەکانی ئەمریکا.

٦) بوونی دیدگایەکی ئەمریکی بەهێز بۆ ئاوڕدانەوە لە کورد لە چوارچێوەی پرۆسەکانی گۆڕاندا، نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کورد دڵنیابێت لە چارەنوسی سیاسی خۆی، چونکە پرۆسەکان لە سەیرورەدان و بەردەوام بکەری نوێ و بارودۆخی تازە بەرهەم دێنن... لەبەر ئەوە دەبێت کورد پەیوەندی و خوێندنەوەی بەردەوامی هەبێت بۆ رەوتی بەرەوپێشەوە چوونی پرۆسەکان..نەبادا لە چرکەساتێکی مێژوییدا و لە ئەنجامی هەمووارکردنێکی پرۆسەکە و هاتنەپێشەوەی بکەرێکی تازەدا، کورد بکرێتە دەرەوەی کایەکەوە.

٧) نابێ کورد گرنگی خۆی لە نێو چوارچێوەی پرۆسەکەدا، بەوەلێك بداتەوە کە هیچ ئەلتەرناتیڤ یان ڕکابەرێکی نیە لەو بوارەدا... بەڵکو بەهۆی ئەوەی پرۆسەکە لە قۆناغی سەیرورەدایە، بکەرەکانیشی لە ژێر هەڵسەنگاندنی و ورد دان، ڕەخنەگرتنی ئەمریکا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ئازادیە ئاینیەکان (بۆنمونە) لە چوارچێوەی ئەو هەڵسەنگاندنانەدایە. پێویستە پەیامەکانی ئەو هەڵسەنگاندنانە لای کورد بە ووردی شی بکرێنەوە و ڕەفتارە سیاسی و نەریتە حکومیەکانیشی لەگەڵ هەستیاری قۆناغەکەدا بگونجێنێت.

٨) بەسەرنجدان لەبەرەو پێشەوە چونەکانی دۆسیەی کورد لەڕاپەڕینەوە تا هەنوکە، تێدەگەین کورد میکانیزمی گونجاوی نیە بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوە و دانانی کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ... بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی و ئەخلاقی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

٩) ڕیفۆرمی سەرتاپایی و خودی، لە هەموو ئاستە سیاسی و ئیداریەکاندا بکرێت، بە مەبەستی گرتنی ئەو کەلێنانەی کە لە بونیادی سیاسی حکومەتی کوردستاندا هەن. بۆ نمونە پێم باشە لەم چوارچێوەیەدا وەزارەتێك بە ناوی (وەزارەتی پەرەپێدانی سیاسی) دروست بکرێ.

١٠) هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئالیەتی گونجاو بۆ دانانی کاریگەری لەسەر سیاسەت و بڕیارەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بۆ نمونە دروستکردنی لۆبیەکی کوردی بەهێز لە واشنتۆندا. یان گۆڕینی تەکنیکی باوی کورد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی سیاسی عێراقدا... هتد.

١١) ئێستا ئێمە لە قۆناغی قاڵب گرتنی چارەنوسی ناوچەکەماندان، گرنگە بتوانین جێپەنجەی خۆمانی بەسەرەوە دیاری بکەین.....چونکە هێشتر بڕیاری کۆتایی نەدراوە...

١٢) دەخوازم ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەم پرسیارەی کردبێتە بەرەنجامێکی حەتمی خۆی: چی بکەین بۆ ئەوەی کورد، وەك بکەرێکی کارا تاکو دوا قۆناغی قاڵب گرتنی داهاتووی سیاسی و ستراتیژی ناوچەکە بمێنێتەوە؟ چی بکەین بۆ ئەوەی وەك ماوە مێژوییەکانی تر، ئەم هەلەشمان لەکیس نەچێت؟.

## دوا تێبینی...

بۆ ئەوەی لەڕووی زانستیەوە تۆکمەتر بوایە، دەکرا ئەم توێژینەوەیە لە لایەن سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە، گەلاڵەو پێشکەش کرابا... هەق بوو لەو بارەشدا (وەك وەرەقەی عەمەل) پێشکەشی ۆرك شۆپێکی سیاسی بکرایە... بەلام کە ئەو هەلە لەکوردستاندا نیە، لەم دیبەیتە بەدەر، ڕێگە و دەروازەیەکی کراوەم شك نەبرد تاکو ئەم بەشداریە بچوکەی تێدا پێشکەش بکەم... هەرچۆن بێت ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەندی بە چارەنوسی هەموو کوردێکەوە هەیە، ئەگەر چی لە ڕووی بابەتیەوە لە ئاستی پێویستیشدا نەبێت... گەر لە کۆتایشدا، تەنها گفتوگۆیەك لەسەر ئەو چارەنوسە تەمومژدارە دروست بکات... وادەزانم کارێکی کەمی نەکردووە....

## پاشکۆی لێکۆڵینەوەکە
## ( نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاش گریمانی گۆڕان )




**کۆماری کوردستانی ئازاد (بەگوێرەی ناونانی نەخشەکە)**

**ژێدەر:www. armedforcesjornal. com**

## پەراوێزەكان

١) عاطف الغمری ألامریکی التائه في الشرق الاوسط، مكتب الشروق، ط ١، ٢٠٠١،.
٢) هـ. س. پ.
٣) د. اسماعيل صبري مقلد، الاستراتيجية والسياسة الدولية، مؤسسة الابحاث العربيـة، ط ٢، ١٩٨٥.
٤) عاطف الغمري، الشرق الاوسط الكبير، دارالحرية، ط، ٢٠٠٤.
٥) يـــانزەی ســـێپتەمبەر و دەرهاويـــشتەكانی: شـــەڕی ئەفغانـــستان و ئاينـــدەی جەمـسەرەكانی ململانێ،نوسـينی نوسـەری ئـەم چـەند دێـڕە، چـاپخانەی گـەنج، سلێمانی،ساڵی ٢٠٠٢.
٦) هـ. س. پ.
٧) عاطف الغمري، الشرق الاوسط الكبير، دارالحرية، ط، ٢٠٠٤.
٨) دەكرێ لەهەلێكی تايبەتدا بگەڕێينەوە، سەرشيكردنەوەی ئەم چەمكە.
٩) عاطف الغمري، الامريكي التائه في الشرق الاوسط، مكتبه الشروق، ط، ٢٠٠١.
١٠) عاطف الغمري، الشرق الاوسط الكبير، دارالحرية، ط ٢١ ٢٠٠٤.
١١) عاطف الغمري، الامريكي التائه في الشرق الاوسط، مكتبة الشروق، ط ا، ٢٠٠١.
١٢) بڕوانە دەقی تەواوی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. لەسەر ئەم ماڵپەڕە: www. alquma. net
١٣) هەمان سەرچاوەی پێشو. هەروەها بنواڕە: عـاطف الغمـري، الـشرق الاوسـط الكـبير، دارالحرية، ط، ٢٠٠٤.
١٤) بڕوانە دەقی ڕاپۆرتەكانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمريكا لەسـەر ماڵپـەڕی (نوسـينگەی پرۆگرامەكانی ئيعلامی دەرەوە):www. usinfo. state. gov
١٥) شـريتی هەواڵـەكانی كـەناڵی (الحـرة) ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١٥). هـەروەها سـايتی: www. reuters. com
١٦) بۆ خوێندنەوەی دەقی ڕەت دانەوەكەی وەزارەتـی ئـەوقافی كوردسـتان بگـەڕێرەوە بۆ: www. awene. com ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١٦.
١٧) بەها ديموكراسيەكانی كورد و چاوی ڕەخنەگرانەی ئەمريكا. نوسـينی نوسـەری ئـەم چەند دێڕە، ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" ژمارە ٦٦، ٢٠٠٧/٩/٢٤.
١٨) بڕوانە دەقی و تارەكە لەسەر ماڵپەڕی تايبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمريكا.
١٩) بڕوانە دەقی پرۆسەكە لەسەر ئەم ماڵپەڕە:www. alquma. Net
٢٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢١) بڕوانـە بابـەتێك بـەناوی (ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی نـوێ... پرۆسـەی ئـەمريكا بـۆ دابەشكردنی ئەم ناوچەيە)، لەسەر ئەم لينكە:
www. eqraa. com/modules. php?name=news&file=article&sid=766

٢٢) د. فازل الزهاوى، حرب الخليج وانتفاضة كردستان العراق، مطبعة رون، السليمانية، ٢٠٠٤.
٢٣) مەشخەڵ كەولۆسى، كورد بەرەو سەربەخۆیی، گۆڤارى كۆچ، ژمارە (٤)، زستانى ٢٠٠٦.
٢٤) سەتەلایتى حورە، بەرنامەى ساعة حرة، رۆژى ٢٦/٩/٢٠٠٧.
٢٥) گاى بخور، دیدگایەكى نوێ بۆ رۆژهەڵاتى ناوەڕاست. لەسەر ئەم ماڵپەڕە: www. mahjoob. com رۆژى ٢٧/٧/٢٠٠٦ لە رۆژنامەى (یەدیعۆت ئەحرۆنۆت)ى ئیسرائیلیەوە.
٢٦) د. اسماعیل صبرى مقلد، الأستراتیجیة والسیاسة الدولیة، مؤسسه الأبحاث العربیة، ط ٢ ، ١٩٨٥.
٢٧) عاطف الغمرى، الشرق الأوسط الكبیر، دار الحریة، ط١ ، ٢٠٠٤.
٢٨) سایتى: www. aljazeera. net بابەتیك بەناوى (الشرق الأوسط الكبیر"الجدید") رۆژى ٢٧/٢/٢٠٠٧.
٢٩) وجیه عمر مطر، مشروع الشرق الوسط و سیادة الأمة، مجلة شؤن الدولیة، العدد١٠.
٣٠) بۆ بینینى نەخشەكە سەردانى ئەم سایتە بكە: www. armedforcesjornal. com ئێمە لەپاشكۆى ئەم توێژینەوەدا وەێنەیەكى نەخشەكەمان كۆپى كردووە.
٣١) ابراهیم درویش، الشرق الأوسط الجدید الذى یولد الآن،مركز الشرق العربي للدراسات الحضاریة والأستراتیجیة، المملكة المتحدة، لندن.
٣٢) گاى بخور، دیدێكى نوێ بۆ رۆژهەڵاتى ناوەڕاست، رۆژنامەى یەدیعۆت ئەحرۆنۆتى ئیسرائیلى، ژمارەى رۆژى ٢٧/٧/٢٠٠٦.
٣٣) بۆ هەندێ وردەكارى زیاتر لەسەر لایەنەكانى ئەم پرۆسەیە بگەڕێرەوە بۆ بابەتێك بەناوى : نەخشەیەكى نوێ بۆ رۆژهەڵاتى ناوەڕاست، نوسینى نوسەرى ئەم چەند دێرە، رۆژنامەى كوردستانى نوێ، ژمارەى رۆژى ٤/٨/٢٠٠٦.
٣٤) عاطف الغمرى، الشرق الأوسط الكبیر، دار الحریة، ط١ ، ٢٠٠٤.
٣٥) مازن عبدالرزاق بلیلة، امریكا تخطط لغزو سبع دول اسلامیة، رۆژنامەى (الوطن)ى سعودى، ذمارةى رؤذى ٢٩/٩/٢٠٠٧.
٣٦) بۆ زیاتر بەدواداچوونى ئەو كاریگەریانە بگەڕێرەوە بۆ ئەم سەرچاوانە:
-رۆژنامەى هائارێتسى ئیسرائیلى رۆژى١٥/٩،
-واشنتن پۆست رۆژى ١٣/٩،
-سایتى ئیلاف رۆژى ١٢/٩،
-نیویۆرك تایمز رۆژى ١٢/٩،
-رۆژنامەى ئەلسەنارەى ئیسرائیلى رۆژى ١٢/٩،
-سایتى سەتەلایتى ئەلحورە ١٥/٩،

- ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت ٩/١٤....هتد)...
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٤٣٧٨) ڕۆژی(٢٠/٩/٢٠٠٧) لێکۆڵینەوەیەکی کورتی نوسەری ئەم چەند دێڕە بەناوی:(سەرەتای گۆڕانە گەورەکان).
٣٧) بڕوانە بابەتێك بەناوی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ... پرۆسەی ئەمریکا بۆ دابەشکردنی ئەم ناوچەیە)، لەسەر ئەم لینکە: www. eqraa. com/modules. php?name=news&file=article&sid=766
٣٨) د. مسفر بن علي القحطاني، الفوضى الخلاقة في نسختها الطائفية، سایتی: الأسلام اليوم، ڕۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٦.
٣٩) دمحمد الرمحي، مجلة حوار العرب، العدد ١٢.
٤٠) د. مسفر بن علي القحطاني، الفوضى الخلاقة في نسختها الطائفية، سایتی: الأسلام اليوم، ڕۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٦.
٤١) هـ. س. پ.
٤٢) سمير محمود ناصر، نظرية الفوضى البناوە، لەسەر ئەم لینکە: www. rezgar. com/debat/show. art. asp?aid=62298
٤٣) ماڵپەڕی:www. islammemo. cc ڕۆژی ٥/١٠/٢٠٠٧.
٤٤) سایتی:www. aljazeera. net ڕۆژی ٢/١٠/٢٠٠٧.
٤٥) بنواڕە سایتی تۆڕی هەواڵە مرۆییەکان"ئیرین":www. irin. com
٤٦) سایتی:www. aljazeera. netڕۆژی ٥/١٠/٢٠٠٧.
٤٧) بنواڕە ماڵپەڕی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.
٤٨) بۆ ئاشنابوونی زیاتر بەپرۆسەی ئەنفال لەڕووی جینائی و دیکۆمێنتیەوە، ڕێکخراوی (چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) کەڕێکخراوێکی ئەمریکیە، لەپاش ئەوەی بۆ ماوەی دووساڵ تاوتوێی (١٧تەن) بەڵگەنامەی کرد لەسەر ئەنفال کەلەلایەن خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو، کتێبێکی لەساڵی ١٩٩٥دا بڵاوکردەوە. هەرکەس بیەوێت زیاتر لەجیهانی ترسناکی ئەنفال بزانێت دەتوانێت بگەڕێتەوە سەرئەوسەرچاوەیە. هەروەها بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوەیە: ئەنفال- کورد و دەوڵەتی عێراق، نوسینی شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە. بەڵام ڕێکخراوی (میدڵ ئێست وۆچ) بەڵگەنامەکان بە (١٤) تەن لەقەڵەم ئەدات، بنواڕە: میدڵ ئێست وۆچ، جینۆساید لەعێراقدا، وەرگێرانی محمد حمە صاڵح، سلێمانی، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٤
٤٩) ناچارکردنی خەڵك بەژیانی سەخت و زۆرەملێ، بەشێکە لەتاوانی جینۆساید... بۆ دڵنیابوون لەم ڕاستیە بگەڕێرەوە بۆ (پرۆتۆکۆلی بەرگرتن لەتاوانی قڕکردنی بەکۆمەڵ و سزادان لەسەری کەبەگوێرەی بڕیاری ٢٦٠أ (د. س) ڕۆژی ٩/١٢/١٩٤٨ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پەسەندکراوە و لە(١٩) مادە پێکهاتووە... بۆزانیاری زیاتر سەرنجی ئەم سەرچاوەیە بدە: حقوق الانسان: مجموعە صكوك

دولیه، المجلد الاول، الامم المتحده، نیویورك، ١٩٩٣.

٥٠ ) د. فاضل الزهاوی، حرب الخلیج وانتفاضة كردستان العراق، سلیمانیة، مطبعة ڕوون، ٢٠٠٤.

٥١ ) دەقی و تارەكەی جۆرج بۆش لەڕۆژی ٢٠٠٣/١١/٦، لەماڵپەڕی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكادا بخوێنەرەوە .

٥٢ ) دەكرێ لەهەڵێكی تایبەتدا، لەسەر بەهێزی و لاوازی ئەم گریمانە ڕابوەستین كە بوەتە جێگەی باس و خواسی جیدی ناوەندە سیاسی و توێژینەوەییەكانی ناوچەكە و جیهان...

٥٣ ) مازن عبدالرزاق بلیلة، امریكا تخطط لغزو سبع دول اسلامیة، ڕۆژنامەی (الوطن) ی سعودی، ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٩.

٥٤ ) بۆزانیاری زیاتر لەسەر (هاوپەیمانێتی میانەڕەوەكان) بگەڕێرەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە:هاوپەیمانی میانەڕەوەكان، نوسینی نوسەری ئەم چەند دێڕە، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (٤٠٩٧)، ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٢.

٥٥ ) جۆزیف بایدن، عێراق ڕێگا بەرەوپێشەوە، وەرگێڕانی كارزان كاوسێن و بەرزان وەهاب، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (٤٣٨٦) یەك شەمە ٢٠٠٧/٩/٣٠.

٥٦ ) بنوارە شێوەی نەخشە تازەكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپاشكۆی ئەم كورتە لێكۆڵینەوەیەو، هەروەهالەم ماڵپەڕەشدا :www. armedforcesjornal. com

٥٧ ) بۆ وردەكاری زیاتر سەبارەت بەو نەخشەتازەیە و پرۆسەی (سنورەكانی خوێن) بگەڕێرەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە:

نەخشەیەكی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نوسینی نوسەری ئەم چەند دێڕە، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارەی ٢٠٠٦/٨/٤.

٥٨ ) ابراهیم درویش، الشرق الأوسط الذی یولد الآن، مركز الشرق العربی للدراسات الحضاریة والأستراتیجیة، المملكة المتحدة، لندن.

٥٩ ) كەناڵی جەزیرە، بەرنامەی (ماوراء الخبر) شەوی ١٦/١٧-١٠-٢٠٠٧.

٦٠ ) د. اسماعیل صبری مقلد، الاستراتیجیة والسیاسة الدولیة، مؤسسة الابحاث العربیة، ط ٢، ١٩٨٥.

٦١ ) كورد بەرەو سەربەخۆیی، نوسینی نوسەری ئەم چەند دێڕە، گۆڤاری كۆچ، ژمارە٤، زستانی ٢٠٠٦،

٦٢ ) د. فاضل الزهراوی، حرب الخلیج وانتفاضة كوردستان العراق، سلیمانیة، مطبعة ڕون، ٢٠٠٤.

٦٣ ) بۆ بەدواداچونی زیاتری ڕۆڵی ڕاگەیاندن، بگەڕێرەوە بۆ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٤ ) بروانە:جلال الطالبانی،التقریر السیاسی المقدم الی المؤتمر الأول للأتحاد الوطنی الكردستاني، المنعقد من ١/٢٧ الی ١٩٩٢/٢/١٤ اربیل، ص ٥٥.

٦٥ ) د. فاضل الزهاوی، هـ س پ.
٦٦ ) المحامی الشیخ سالار الحفید، جنوب كردستان في موازين السياسة الدولية، سليمانية، و زارة الثقافة، المديرية العامة للطباعة والنشر،٢٠٠٦، ص ٣٨.
٦٧ ) بگەڕێرەوە بۆ سایتی تایبەتی (نوسینگەی بەرنامەكانی عێراق) لەتۆڕی ئینتەرنێتدا.
٦٨ ) بڕوانە دەقی بڕیاری (٩٨٦) لەهەمان سەرچاوەی پێشوودا.
٦٩ ) گۆڤاری كۆچ، ژمارە،٤، زستانی ٢٠٠٦.
٧٠ ) دیدارێكی تایبەتی شێخ جەعفەر مستەفا، وەزیری پێشمەرگەی هەرێم، لەگەڵ ڕۆژنامەی كوردستانی نوێدا، ژمارە (٤٢٩٥) ڕۆژی ١٠/١٠/ ٢٠٠٧.
٧١ ) بۆنمونە وەك ئەو لێكۆڵینەوەیەی كەناوەندی (سابن) ی سەربە (پەیمانگای برۆكینگز بۆ لێكۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی) لەمانگی ٢٠٠٧/٧) دا بلاوی كردەوە بەناوی (دابەشكردنێكی ئاسان) یاخود ئەو نەخشەیەی كەپێكەی گۆڤاری هێزەسەربازیەكان بەناوی (سنورەكانی خوێن) دوە بلاوی كردەوە.
٧٢ ) سایتی: www. awene. com ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٤.
٧٣ ) المحامی الشیخ سالار الحفید، هـ. س. پ. ل٣٨.

* * * * * *

## سەرچاوەكان


١- ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی ، ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/١٣.

٢- بڕوانە بابەتێك بەناوی(ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ... پرۆسەی ئەمریكا بۆ دابەشكردنی ئەم ناوچەیە) لەسەر ئەم لینكە:

www. eqraa. com/modules.
php?name=news&file=article&sid=766 .

٣- شریتی هەواڵەكانی كەناڵی (ئەلحورە) ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١٥. هەروەها سایتی:www. reuters. com لەهەمان ڕۆژدا.

بۆ خوێندنەوەی پوختەی ڕاپۆرتەكەش بگەڕێرەوە بۆ سایتی:

www. islam on line. com